بەرپابوونی شۆڕش بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب هەرەشەیەکی بۆ مەترسی بۆ بۆ ئیمپریالیزمو بەرژەوەندیو ئەخشەکانی لە عیراقو لەم ناوچەیەدا ٠
سەرۆکی فەرمانده
أحمد حسن البكر ،

هاوکاری

٤ لاپەڕە — ٢٥ فلس

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

مەزگەی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدان، الطلاق، شەقاق، الجمهورية،
بەغدا ص.پ ١٤١٩ تەلەفۆن ٣/٦٨٢١١

سەرنووسەر : محمد أمين محمد

● الخميس ٥ كانون الثاني ١٩٧٨ العدد ٤٠٧ ●

● پێنج شەممە ٥ی کانوونی دووەم ١٩٧٨ ژمارە ٤٠٧ ●

کارتە ڕوسادات لە سەرهەنگاوەکانی چارەسەری خۆبە دەستەوەدەرانە ڕێکەوتون

سەرۆکی فەرمانده وهواری بومدین بۆجاری دووەم کۆئەبنەوە

دوێنێ لە کاتژمێری ٥ر١٠ی سەرلەبەیانی سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البكر لە کۆشکی کۆماری بۆ دووەمجار لە گەڵ سەرۆك هواری بۆمدیەن سەرەك کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕشو حکومەتی جەزایر کۆبووەوە ٠

لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێزصدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش تیا بەشداربوو باسی ئەو بارو دۆخە کە ئەتەوەی عەرەب تیا ئەژیتو ئەو هۆیانە کە پێویستن بۆ ڕووبەڕووبوونەو پیلانەی کە دژی مەسەلەی عەرەب ئەکرێت کرا ٠ هەروەها بەڕێزان حامدعەلوان وەزیری دەولەت بۆکاروباری دەرەوەو عبدالعزیز بوتەفلیقە ئەندامی ئەنجومەنی شۆڕشو وەزیری دەرەوەی جەزایر ئامادەبوون ٠

نامەیەکی گرنگ لە فەرمانده کانی سۆفیەتەوە بۆ یاسر عرفات

بەیروت ـ کانوونی دووەم ـ ئا٠ د٠ ع : دوێنێ یاسر عرفات سەرۆکی لیژنەی ڕابەراندنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین نامەیەکی لە فەرماندەکانی سوفیەتەوە پێگەیشتووە بە نامەیەکی گرنگ لە قەڵەم دراوە ٠

ئاژانسی دەنگوباسی فەلەستینی (وفا) ڕایگەیاند کە ئەم نامەیە لەلایەن ئەلکسەندەر سۆلداتۆف بالیۆزی یەکێتی سۆڤیەت لە بەیروت دراوە بە یاسر عرفات کاتێك کە پێرێ ئیواره لەگەڵیا کۆبیبووەوە ٠

● ——

بیگن بەنهێنی سەر لە ئەسوان ئەدات

کوێت ـ کانوونی دووەم ـ ئا٠ د٠ ع٠٠ دوێنێ ڕۆژنامەکانی کوێت بڵاویانکردەوە کە مناحیم بیگنی پیاوکوژ سەرەك وەزیرانی دوژمن بەسەردانێکی نهێنیو خێرا گەیشتۆتە ئەسوانو لەگەڵ انور ساداتی خاینو هیلموت شمیت ڕاوێژکاری ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کۆبۆتەوە٠ ڕۆژنامەی (الوطن الكويت)ی ئەم دەنگوباسانە بەسەرچاوەیەکی ئاگادار بەستووەو کە ووتوویەتی هۆی دواکەوتنی بیگنو عزرا وایزمان وەزیری جەنگی دوژمن لەدواکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی دوژمن لەبەرسەردانەکەیووە کە پێش گەیشتنی سەرۆکی ئەمەریکی بۆ ئەسوان بووە ٠

بەیاننامەیێکی قوتابیانی ئەردن لەبارەی هەڵوێستەکانی ڕژێمی ئەردنەوە

پاریس ـ کانوونی دووەم ـ ئا٠ د٠ ع : لە بەیانێکدا کە بەکێتی گشتی قوتابیانی ئەردن لقی فەرەنسا بڵاوی کردۆتەوە ئاشکرای کردووەکە ڕژێمی ئەردن لەم دواییەدا دەستی کردووەبەگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە چینەکانی ٠

بەیانەکە ووتی ئەمانەی لەم دواییەدا گیراون بریتین لە هاورێیان رافت العزام سەرۆکی کۆنی لقی یەکێتی لە لوبنانو وەلید الجردەومونیر حدادین ئەندامانی یەکێتی گشتی قوتابیانی ئەردەن ٠ هەروەها باسی مێژووی خەباتی یەکێتی گشتی قوتابیانی ئەردەنو هەوڵو تەقەلای ڕژێمی ئەردەن بۆ دەمکوتکردنی خەباتیان ٠

بەیانەکە دەستی بۆ ئەوبڕیارەش کێشاوە کە ڕژێمی ئەردەن دەری کردووەو قەدەغەی کردووە کە قوتابیەکانی ئەردەن خوێندنیخۆیان لە عیراقدا تەواو بکەن لەبەر ئەو هەڵوێستە پێشکەوتنخوازانەی کە لە هەموو ڕووێکدا ئەنوێنێ ٠لەهەمان کاتدا بەیانە کە باسی ئەو داواکاریەی ڕژێمی ئەردەن کردووە کە لە زانکۆکانی جیهان خواستووەبەبێ ئاگاداری ئەو هیچ قوتابیەکی ئەردەنی وەرنەگرن ئەمەش بۆ ئەوەی زیاتر دەنگی جوولانەوەی نیشتمانی ئەردەنی کپ بکات ٠

کردنەوەی چەندپرۆژەیەکی کرنگ بەبۆنەی جەژنی سوپای مەزنمانەوە

دوێنی لە پارێزگای بەغدا ئەوە بڵاوکراوەتەوە کە لەگەڵ ئاهەنگ گیران بەبۆنەی بیرەوەری پەنجاو حەوتەمین ساڵەی دامەزراندنی سوپای عیراقی ئەبەزدوە بەردی بناغەی زۆر پرۆژە دادەنرێت کە زۆریان بریتیە لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و کتێبخانەی گشتی و باخچەی منداڵان ، سەرجەمی ئەو پرۆژانە چوار ملیۆنو ٧١٤ هەزارو ٣٣٩ دیناریان تێدەچێت بەرێز پارێزگاری بەغدا وتویەتی ٠٠ لەو پرۆژەتازانەی کە بەردی بناغەیان لەو ڕۆژەدا دادەنرێت ١٢ قوتابخانەی ئامادەییە کە ملیۆنێکو ٢٠٠ هەزار دیناری تێدەچێتو بەسەر زۆر قەزاو ناحیەی پارێزگای بەغدادادابەش دەکرێن ، سەرەڕای ٤٠ قوتابخانەی سەرەتایی کە ئەمانیش دوو ملیۆنو ٩٠٠ هەزار دیناریان تێدەچێت ،

هەر بەم بۆنەیەوە لە پارێزگای دهۆك چەند پرۆژەیەکی خزمەت گوزاریو کشتوکاڵیو گەشتوگوزاری دەکرێتەوە وەك بەردی بناغەی زۆر پرۆژەی تریش دادەنرێت کە سەرجەمی ئەو پرۆژانەی دوومليۆنو ٧٠٠ هەزار دیناریان تێدەچێت بەشێك لەو پرۆژانەی لە ڕۆژی سوپای عیراقی ئەبەزدا دەکرێنەوە بریتین لە سێ قوتابخانەی سەرەتایی و دوو قوتابخانەی ناوەندی و خانوبەرە بۆ نیشتەجێ بونی فەرمانبەرانو مەڵبەندێك بۆ ڕۆشنبیریی جوتیارانو خانو بەرەیەك بۆ شوێنی کتێبخانەیەکی گشتیی و مەڵبەندیکی بۆزانەوەی دیهاتەکانو مەڵبەندێکی تەندروستی گەورەو دایانگایەك هەماری کشتوکاڵیو کۆمەڵێك جۆگا بۆ ئاودانی کشتوکاڵو باخچە گشتیەکانو قیرتاو کردنی شەقامەکانی ناوشارو کردنەوەی ئوتێلێکی گەشتو گوزاری ٠

سەرۆکی فەرمانده بروسکەیەکی پیرۆزبایی لە هواری بومدینەوە پێ ئەگات

بەڕێز سەرۆك احمد حسن البكر بروسکەیەکی پیرۆزبایی لە بەڕێز هواری بومدین سەرەك کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕشو حکومەتی جەزایرەوە پێگەیشتوە ، بەبۆنەی کۆتایی سەردانەکەی بۆ وڵات ئەمەش تەواوی بروسکەکەیە ٠٠

بەڕێز سەرۆك احمد حسن البكر سەرەك کۆماری عیراق ٠

لە کاتێکدا کۆماری عیراق بەجێ دەهێلین پێخۆشحالین کە سوپاسی گەرمی ئەو پێشوازیە گەرمگوڕە پڕ گیانی برایەتیەتان بکەین کە دەنگی ڕاستگۆیی نەرێتی گەلە سەربەرزەکەتانو ڕەسەنەی لەمیواندارو بەخشندەییدا دەنوێنێت ٠ گفتوگۆکانمان هەڵێکی بایەخدارو گرانبەهابو بۆ ئاڵوگۆڕ کردنو تێگەیشتنی بیروڕامان دەربارەی پەیوەندی دووقۆڵی نێوان هەردوو وڵاتی براو دەربارەی مەسەلەچارەنوسێکانمانو ئەو تەتەوزانانەی نەتەوەکەمان بەزۆرانبازی پێیدا تێپەڕدەبێت لەپێناوی ڕزگاری بونو پێشکەوتنو پارێزگاری سەربەرزیی خۆیدا ٠

ئەو گفتوگۆیانەی زۆربەبرایانەوە کران دەبێتە پال پشتێکی نوێ بۆ بەهێزکردنی ئەو پەیوەندیە برایەتیەی لەنێوان عیراقو جەزایردا هەیەلەگەڵ خەباتێکی هاوبەش دژی ئیمپریالیزمو ئیستیعمار بەهەردوو وێنەی کۆنو تازەیەودو زایۆنیزم ٠ ئێمەلە کاتێکدا داوای تەندروستیو ڕاوەستاویو بەختیاری بۆبەڕێزتان دەکەین ئاواتەخوازین کە گەڵ عیراقی بڕا زیاتر پێشکەوتن وەدی بهێنێتو نەتەوەکەشمان خۆش گوزەرانی بەزکەوتت بۆ هێنانەدی ئەو خۆش گوزەرانیو گەشەکردنو بڵندیەی چاوی تێبڕیوە ٠

براتان
هواری بومدین

کارتە ڕوسادات لە شاری ئەسوان کۆئەبنەوە

قاهیرە ـ کانوونی دووەم ـ ئا٠ د٠ ع ٠٠ دوێنێ سەرۆکی ئەمەریکا جیمی کارتەر شاری ئەسوانی بەجێهێشتو بەرەو پاریس کەوتە ڕێ دوای ئەوەی کە سەعاتێك گفتوگۆی لەگەڵ ساداتکرد دەربارەی بەردەوامی وتووێژی ڕاستەوخۆ نێوان ڕژێمی میسرو حکومەتی زایۆنی دوژمن ٠

کارتەرو سادات پێش ڕۆیشتنی سەرۆکی ئەمەریکی بە ڕۆژنامە نووسەکانیان ووت کە سەرنجەکانیان دەربارەی ئەو شتانەی کە باسیان لێوەکردووە زۆر لەیەك نزیکبوونو وەك یەك بوون بە تایبەتی دەربارەی چارەسەری خۆبەدەستەوەدەرانە لە ناوچەی عەرەبداو کێشەی دەولەتان هەروەها سادات بێخۆشحالی خۆی دەڕبڕی کە هەڵێکی تری دەسبکەوێت بۆ ئەوەی جارێکی تر لەگەڵ کارتەر کۆببێتەوەو سەر لە نوێ داوا لەلایەنەکانی تری کرد کە لەوتووێژی خۆبەدەستەوەدەرانە کە لە گەڵ قەوارەی زایۆنیا ئەکرێت بەشداربن ٠

لە لایەکیترەوە ئاژانسی یونایتدپرێس ڕایگەیاند کە هیلموت شمیت ڕاوێژکاری ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لەو وتوێژانەدا کە لەبەینی سادات و سەرۆکی ئەمەریکی لەشاری ئەسوان دوێنێ کرا بەشداربووە ٠

ئاژانسەکە ڕوونی کردەوە کە شمیت لە قۆناغی دوایی ئەو وتووێژانە کە لەنێوان هەر دوو لاکراو باسی چارەسەری خۆبەدەستەوە دەرانەی نێوان سادات و زایۆنیەکان بووە ئامادەبووە٠

شایانی باسە شمیت ئێستا بەسەردانێکی تایبەتی لەئەسوان دایە ٠

جێگری سەرکۆمار سەرلە بولگاریا ئەدات

دوێنێ نیوەڕۆ بەڕێز طەمحی الدین معروف جێگری سەرەك کۆمارو وەفدەکەی لەگەڵی کە بەسەردانێکی ڕەسمی چوونەتە بولگاریاوچەند ڕۆژێك ئەخایەنێت گەیشتنە سۆفیا ٠

لە فرۆکەخانەی سۆفیا پێشوازیەکی ڕەسمیو گەرم بۆ بەڕێز جێگری سەرەك کۆمارکرا ٠٠ لە پێش هەموویانەوە بەڕێز پیترتانجف جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی دەولەتی بولگاریاو بەڕێزان متکۆ کریکۆروف جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی دەولەتو پیتر ملادینۆف وەزیری دەرەوەو کانچۆ کراستۆف وەزیری کشتیوکاڵو پیشەسازیە خواردەمەنیەکان سەرۆکی لایەنی بولگاریا لە لیژنەی هاوبەشی عیراقو بولگاریا بۆ یارمەتی ئابووریو ژمارەیەك لە کاربەدەستانی بولگارو بالیۆزی عیراق لە سۆفیا فەرمانبەرانی بالیۆزخانەو خێزانە عیراقیەکان لە بولگاریا کە هوتافیان بەژیانی حزبی سەرکردە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو شۆڕشو بەژیانی سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البكرو صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەکێشا ئامادەبوون ٠٠ لە دواییدا بەڕێز تانجف بەڕێز معروف بە مەوکبێکی ڕەسمی بەرەو کۆشکی میوانداری بردنو بووە میوانی گەڵو حکومەتی بولگاریا ٠

بەڕێز جێگری سەرەك کۆمار لە فرۆکەخانەی سۆفیا بەڕۆژنامە نووسەکانی ڕاگەیاندو ووتی ٠٠ زۆر شادمانم کە گەرمترینو فوولترین هەستی خۆشەویستیو دۆستایەتی کە گەلەکەمانو سەرکردە شۆڕشگێڕیەکەی هەیەتی بەرانبەر گەلی بولگاریای دۆستو سەرکردە تێکۆشەرەکەی بگەیەنمە گەلی بولگاریای هاوڕێیان ٠٠٠ بەڕێز معروف ووتی بە دڵنیکی فراوانەوەش حەزئەکەین باسی چۆنیەتی فوولکردنو بەهێزکردنی پەیوەندی دووقۆڵی بەرەپێدانی ئەو پەیوەندیانە بکەین بەشێوەیەك کە خزمەتی بەرژەوەندی هەردوو گەلەکە تیابێت ٠

هەروەها هەردوولا سەرنجی خۆی دەربڕیت بەرانبەر مەسەلەی دەولەتان کە بایەخی پێدەدرێتو بەتایبەتی مەسەلەی یارمەتیدانو پشتگیری کردنی جوولانەوەی ئازادیخوازی جیهانو ڕووبەڕووبوونی ئەو هێرشە ئیمپریالیزمەو کە گەلێ ناوچەی جیهانەکەمانی گرتۆتەوە بەتایبەتی گەلی عەرەبمان لە فەلەستینی داگیرکراودا ٠

ئەوەی شایانی باسە وەفدەکە بریتیە لە دوکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوەو دوکتۆر فخری قدوری پارێزگاری بانقی مەرکەزی سەرۆکی ئەنجوومەنی کاروباری ئابووری لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو ژمارەیەك لە بەرتوەبەرانی دەزگاکانی وەزارەتەکانو وەفدێکی ڕاگەیاندن لە ئاژانسی دەنگوباسی عیراقو دەزگای گشتی ئێستگەو تەلەفزیۆنەوە ٠

دادگایەکی نەتەوایەتی بۆ حوکمدانی سادات

بەغدا ـ کانوونی دووەم ـ ئا٠ د٠ ع : دوێنێ ئێوارە ئەمانەتی گشتی هەمیشەیی کۆنگرەی میللی عەرەب لە بینای سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەر لەنوێ دەست بە کۆبوونەوەکانی خۆی کرد ٠ لە کۆبوونەوەکەدا بەڕێز شبیب لازم ئەمینداری گشتی یەکێتی مافشوناسەکانی عەرەب باسی هەنگاوانەی کرد کە یەکێتی داویەتی بۆ ئامادەبوون بۆ دانانی دادگایەکی نەتەوایەتی بۆ حوکمدانی سادات و ئەوانەی پشتگیریان کردووەو لایەنی ئەویان گرتووە لە هەنگاوە ملکەچیەکانیو چۆکدادانی بەرانبەر تاوانبارەکانی زایۆنیەتی ڕەگەزپەرستی جیهانو مەترسی خستنە ناو ئاواتو ئامانجەکانی گەلی عەرەب ٠

بەشدارانی ئەمانەتەکە لە گفتوگۆیەکانیاندا باسی بتکهێنانی دادگایەکی نەتەوایەتی کرد بۆ حوکمدانی سادات و ئامادەکردنی ئەو بەڵگەنامە یاسایە تایبەتیانەی ئەو تاوانانەی کە سادات و برادەرەکانی کردوویانە دژی گەلی عەرەبی میسرو پێویستیەکانی ئەم وەختەکەوتنە ٠٠

لە کۆبوونەوەکەدا بەڕێز عبدالمجید فرید سەرۆکی کۆنگرەی میللی عەرەب قسەی کردوو ووتی ٣٥ ملیۆن هاوڵاتی عەرەبی میسری لە چل ملیۆن ئاهنانیانە لەدەست تەنگوچەلەمەی سیاسیو ئابووری ٠٠ هەروەها لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە تووشی سەرلێشێواوی هاتوون بەرانبەر ئەو پروپاگەندەیە کە دەزگاکانی سادات تەپڵو زورنای بۆ لێئەدەنو بەرنامەی خۆبەدەستەوەدەرانەی سادات و ڕژێمە کۆنەپەرەستەکانی عەرەب بە پاشەڕۆژێکی گەشبین ناوئەبەن ٠

● ——

حسین لەگەڵ کارتەردا ڕێك دەکەوێت

حسین مەلیکی ئوردن وتویەتی کە ڕۆژی یەك شەممەی ڕابوردو لەگەڵ جیمی کارتەر سەرۆکی ئەمەریکادا لەتاران گەیشتۆتە ڕێکەوتنێکی وابۆ دانانی چوارچێوەی هاوکاری نێوان ئوردنو وڵاتە یەکگرتۆکانی ئەمەریکا لە قۆناغی داهاتودا ٠

ئەمە دوێنی سەرچاوەیەکی ڕەسمی لە عەمان لەدوای کۆبوونەوەی هەفتانەی ئەنجومەنی وەزیرانی ئوردن مەلیك حسین سەرۆکایەتی کردوە ڕایگەیاندوە ٠ مەزەندە وا دەکرێت کە ڕێکەوتنەکە پەیوەندی هەیە بە مەسەلەی ئەو چارە سەرەیە خۆبەدەستەوەدەریەوە کە دەربارەی دۆخی ناوچەکە خراوەتەکایەوە ٠

هەمیشە سەرکەوتوبێت سوپای دلێری میللەت

گەلی عیراقی ئەبەزمانو هەموو هێزو کۆمەڵە پێشکەوتنخوازەکان سەبینێ لە سەرانسەری وڵاتەکەمان ، بە بۆنەی یادی پیرۆزی دامەزراندنی سوپای دلێری میللەت ، ئاهەنگ ئەگێڕنو زۆربەی زۆری وەزارەتەکانو دەزگاکانی دەولەتو پارێزگاکان دەیان پرۆژەی نوێ ئەکەنەوەو تێکرای ڕێکخراوە میللیەکانو کۆمەڵانی فراوانی خەڵکی ئەنوێنن بەبۆنەی جەژنی سوپاوە کە جەژنی تێکرای میللەتە ٠

سوپا قارەمانەکەی وڵاتەکەمان ، هەمیشە دەورێکی کاریگەرو باڵای بووە ، لە خزمەتکردنی میللەتداو پاراستنی وڵاتەکەمان لە پیلانو تەگبیرە گلاوەکانی ئیمپریالیزمو دەستەو تاقمە کۆنەپەرستەکانی دژ بەئیرادەی میللەتو بەدرێژایی مێژووی پڕ لە شانازی دەورێکی پێشرەوی بووە لە شۆڕشو ڕاپەڕینە خوێناوییەکانی گەلەکەمان ٠ ئەم دەورە پیرۆزەی ، کە ئەمڕۆ وەکو سوپایێکی پولایی ی باوەڕ پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕ، سەرکەوتوانەترو فراوانتر ئەگێڕێ لە ژێر سەرکردایەتی حزب بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا کە سەرکردەو ڕابەری خەباتی کۆنلەدەرانەی گەلەکەمانو هێزە نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازەکانیەتی لە پێناو هێنانەدی تەواوی ئامانجە ڕەواکانی میللەتەکەمانو بەشداری کردنێکی ڕاستەقینەی شیاو لە خەباتی پیرۆزی گەلی عەرەب لەپێناو یەکێتیو ڕزگاریو سوشیالیزمدا ٠

وە لە کاتێکدا کە گەرمترین سلاوو پیرۆزبایی پێشکەش بەگەلو سوپا ئەبەزمکەمان ئەکەین سەرکەوتنی بەردەوامی بۆ ئەخوازین لەڕێی پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلەکەمانو هێنانەدی تەواوی ئامانجە ڕەواکانی کە لە پێش هەموویانەوە ڕزگارکردنی خاکی داگیرکراوی فەلەستینە لە دەست ئیمپریالستەکانو نوکەرە زایونستەکانی ٠

کوشتنی نوێنەری ڕێکخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستین لە لەندەن

دوێنی شەو لە بەردەرگای مەکتەبی جامیعەی عەرەبیدا لە لەندەن « سعيد الحمامي » نوێنەری ڕێکخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستین لە لەندەن دەستڕێژی لێکراوە لە ئەنجامی ئەو دەستڕێژەدا پۆلیسی بەریتانی بۆ لێکۆڵینەوەی کوشتنی ناوبراو کەوتەخۆ ٠

لەندەن ـ ئا٠ د٠ ع :

Institut kurde de Paris

له بروسکەیەکدا بۆ سەرۆکی فەرماندەو بەرێز هاوڕێ صدام حسین :

پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان پشتگیری هەنگاوەکانی حزبی سەرکردەو شۆڕش دەکا

دەهەمین کۆنگرەی نیشتمانی حزبی شۆڕشگێری کوردستانی بەڵێنی بەسەرکردایەتی سیاسی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو شۆڕشی ١٧ی تەمموزداوە کە بەردەوام بێتلە تێکۆشاندابو پارێزگاریو چەسباندنی دەستکەوتو ئەو ئاڵوگۆڕە سۆشیالیستیانەی لەژێر سایەی شۆڕشدا بۆتەماوەرمان هاتوتەدی ٠

ئەمە لەو بروسکەیەداهاتوە کە کۆنگرەکە بۆ سەرۆکی فەرمانده احمدحسن البکرو بەرێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ناردوە ٠

ئەمەش تەواوی ئەوبروسکەیەیە ٠٠

سەرۆکی فەرمانده احمدحسن البکری بەرێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەرێز ٠٠

بەپێنەی تەواوبونی ئیشوکارەکانی دەهەمین کۆنگرەی نیشتمانی حزبەکەمانەوە ،بەڵێن بۆ ئێوەی بەرێز نوی دەکەینەوە کە لەکاروتێکۆشاندا بەردەوام بین لە پێناوی پارێزگاریوچەسپاندنی دەستکەوتو ئەو ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێرانەیەی لەسایەی سەرکردایەتیئاندا بۆ جەماوەری گەلەکەمان هاتوتەدی

وە بەڵێنیشتان دەدەینێکە بێ کۆڵدان پشتی سەرکردایەتی سیاسی بەرنەدین بۆ پێشبڕیکردنیو بۆچەل کردنەوەی ئەو بیلانانەی هێزەکانی ئیمپریالیزمو زایونیزم بەجێیدەگەیەن ٠ ولایەنتان دەگرین لەهەنگاوانتان بو بنیاتنانیبەرەیەکی عەرەبی پێشکەوتنخواز لەسەرپناغەیەکی بەتین بۆ بەشداریەکی بەکارلە بەرورویونەوەی نەخشەکانی تەسویە کە نەتەوەی عەرەبومەسەلە عادیلانەکەی لەقوناغی ئەمرۆدا دووچاریبون ٠

ئەوەی شایانی باسەئەمرۆ کۆنگرەکە کۆتایی بەکارویاری خۆیهێناوهاوڕێ عبدالستار طاهر شریف بە سکرتێری لیژنەیمەرکەزیی هەلبژێردرا ، لە گەل هەلبژاردنی ١٣ ئەندام بۆلیژنەکە خۆی ٠

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنی بەیانی بەڕێزدکتۆر مصر یوسف النوری بەڕیوەبەری گشتی بەرژەوەندیی کانیاوەکان بەبۆنەی داتانی لەوپایە نوێیەدا چۆنە کۆشکی کۆماریو لەدەفتەری میوانداریدا سوپاس نامەی خۆی پێشکەشی سەرۆك کردوە ٠

ەروەها بەرێزان دکتۆر داوۆد احمد عبدالعزیز عەمیدی کۆلیجی پزیشکیی لەزانکوی موستەنسریەو بەرێز اسماعیل ابراهیم جاسم بەڕیوەبەری گشتیی تەخشەکێشانو بەدواداچون لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی چونەتە کۆشکی کۆماری بۆ دوعا خوازی سەفەرکردنیان بۆ دەرەوەی وڵات ناوی خۆیان لەدەفتەری میوانداریدا تۆمارکردوە ٠

وەفدێکی لاوان بەرەومۆریتانیا کەوتنە ڕێ

دوێنی بەیانی بەرێزان نافعمطلوب ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتیی گشتیلاوانی عیراقو بەرێز زکی عبد ابراهیم جێگری سەرۆکیدەستەی یەکێتیی لقی واسط بە سەردانێکی چەند رۆژیلەسەر بانگێشتنی یەکێتیی لاوانی مۆریتانیا بەرەومۆریتانیا کەوتنە ڕێ بەرێز نافع مطلوب وتویەتی ٠٠٠وەفدەکە لەگەل کاربەدەستاندا گفتوگۆ لەبارەی پتەوکردنیپەیوەندی برایەتی نیوان لاوانی هەردوو وڵات دەکاتوهەوڵی ئەوە دەدات کە لاوانی هەردوو وڵات بەیەکتر بناسێنیو لاوانی مۆریتانیا لەودەستکەوتانە ئاگاردەکات کە لەژێر سایەی شۆڕشی ١٧ی تەمموزدا وەدیهێنراوە بەتایبەتی ئەو دەستکەوتانەی بۆ مۆریتانیابۆ بەشداری کردن لە دووهەم کۆنگرەی یەکێتیی گشتیلاوانی عیراقدا بانگ دەکرێت کە لە سێهەم رۆژی مانگیداهاتودا دەگیرێت ٠

ئا٠د٠ع

هاوڕێ طارق عزیز لەگەڵ هاوڕێ جورج حەبەشدا کۆبونەوە

دوێنی بەیانی هاوڕێ طارق‌عزیز ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسیسۆشیالیستی عەرەب ، ئەندامی ئەنجومەنیسەرکردایەتی شۆڕش لەگەڵ هاوڕێ دکتۆر جۆرج حەبەشئەمینداری گشتیی بەرەی میللی رزگاریی فەلەستین کۆبونەوە ٠

لەکۆبونەوەکەدا هاوڕێیانعبدالحسین مسلم بەڕیوەبەری مەکتەبی فەلەستینو خەباتیچەکدار لەسەرکردایەتی نەتەوەیی حزبداو ئەبو وضاح‌ئەندامی مەکتەبەکەو طلال احمد لێپرسراوی مەکتەبیبەرەی میللی لەبەغدا بەشداربون ٠

لەو کۆبونەوەیەدا باسیدۆخی ئێستای عەرەب کراوەو لەگەڵ ئەوهەنگاوانەیپێویستە بۆ بەتین‌کردنی بەرەی خۆداگرتنو بەرگری بنرێت لەنێو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبدابۆ لەناو بردنو پوچەل کردنەوەی نەخشەکانیئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستانو سیاسەتی خۆبەدەستەوەدان ٠ ەروەها باسی بەوەندی نێوان هێزە شۆڕشگێڕەکانی عەرەب کراوەلەگەڵ پێویستیبەرنامەیەکی هاوبەش بۆ تێکۆشانو یەکخستنی وزەیئەو هێزانە ٠

ئا٠د٠ع

سەرکەوتنی لیستەی کرێکارانی پێشکەوتنخوازی سۆشیالست

لە هەلبژاردنی کرێکاراندالیستەی کرێکارانی پێشکەوتنخوازی سۆشیالیستیلە هەمو پارێزگاکانی وڵاتدا سەرکەوتنێکی تەواوی‌وەدیهێناوە ٠ لەپارێزگای نەینەوادا ، ئەو لیستەیە لەنیقابەی کرێکارانی ئەندازیاریو نیقابەیکرێکارانی چاخانەو لۆقەنتەکاندا دەرچوە ٠

هەمان لیستە لەقەزای خانەقینو مقدادیەو ناحیەی ابی صیدو السعدیە لەو پارێزگای دیالە لەو هەڵبژاردنەدا دەرچوە ٠ لیستەی کرێکارانی پێشکەوتنخوازی سۆشیالیستی لە هەڵبژاردنی نیقابەی کرێکارانی ئەندازیاریو کرێکارانی بەروەردە لە پارێزگای کەربەلادا لەهەڵبژاردنەکەدا دەرچوە ٠٠ هەمان لیستە لە هەڵبژاردنی پارێزگای نەجەفدا دەرچوە ٠٠ ئەوەی شایانیباسە ئەم هەڵبژاردنە بەگیانێکی زۆر دیموکراتیانەوە کراوە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کرێکاران تا وەکو لە نیقابەکانیاندا خواستو ئاوات‌و ئامانجەکانی چینی کرێکاران لەژێر سایەی شۆڕشی ١٧ی تەمموزدا دەربڕن ئەو شۆڕشەی گەلێك دەستکەوتی گەورەو مەزنی بۆ چینی کرێکاران هێناوەتەدی ، ئەو دەستکەوتانەی بۆتە مایەی بڵند بونەوەی باری گوزەرانی کۆمەڵایەتی تەندروستیو رۆشنبیریان‌و زامن کردنی دواروژی کرێکارانو خێزانە کانیان ٠

ئا٠د٠ع٠

کۆبونەوەیکی سەرۆکایەتی کشتوکالی هەریمایەتی لە هەولێر

● سەرۆکایەتی کشتوکالی هەریمایەتی هەولێر کۆتایی بە کۆبونەوەیوتوێژکردنو لێکولینەوەی بروگرامی کشتوکالی سالی١٩٧٨ی هێنا ، وە لەو کۆبونەوەیەدا بەرێز ئەمینداری‌گشتی بەڕیوەبردنی کشتوکالو چاککردنی کشتوکالولێپرسراوان ئامادەبوونو لەبارەی کەرتی کشتوکالو گرفتەکانی دووان ٠

هاوکاری وکۆمەڵانی خەڵکی

له سەید صادق خویدا هەیە ٠

● چەمی چەقان کە بەناو شارەکەدا تێپەڕ ئەبێت ، هەموو هاوینێك بۆ گەن ئەکاتو مەلبەندێکی بڵاوکردنەوەی ئەخۆشیو میکروبەو ئەو پردەی کە لە سەر بیشیەتی زۆر بچوکە ٠

هیوادارین لێپرسراوانی بەرێز ، چارەسەری ئەم گرفتانەمان بۆ بکەنو شارەکەمان لەو تەنگژەلەمەیە رزگاربکەن ٠

کمال محمد فتح الله

ئەخۆشخانەیێك بۆ گوندی شێخ شیروان

دێیەکەمان نزیکەی (٢٠٠) ماڵەو ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە شەش هەزار کەس ئەبێتو نزیکەی (٢٥) کیلومتر لە هەولێر دورە بەڵام رێگای قیرتاوکراوی بۆ ناچێو هەر کەسێك ئەخۆش بێ توشی دەردەسەرێکی زۆر ئەبێ تا خۆی ئەگەیێنێتە شار ٠٠ زۆر بە پێویستی ئەزانم ئەخوشخانەیەك لە دێیەکەمان بکرێتەوە ٠٠ هیوادارین لێپرسراوانی تەندروستی لە هەولێر چارێکمان بۆ بکەن

خلیل هرمزی

شەقامەکانی قەلادزێ

مەتاکو ئێستا سێ شەقامی سەرەکی هەن لە قەلادزێ کە تەنها هەر یەکێکیان قیرتاو کراوە ، بەڵام دوەکانی کە هەر نەکراوەو چ لە زستان چ لە هاوین بوونەتە هۆیەکی ئازارو ئەخۆش بۆ خەلکەکە ٠٠ ئاخۆ ئەبێ کەی قیرتاو بکرێن ؟ ورزگارمان بێت لە تەپوتۆزی هاوینانو قوروئاوی زستانان !

محمود حاجی عباس

کتێبخانەی مەولەوی لە هەلەبجە

کاك فەرهەنگ هونەر داوا لە مەکتەبی (الدار الوطنیە للنشر والاعلان والتوزیع) ئەکات کە زیاتر بڵاوکراوە بنێرن بۆ تاقە کتێبخانەی هەلەبجە ٠٠ بەلای ئێمەوە کاك فەرهەنگ (الدار الوطنیە) ئامادەیە بۆ یارمەتیدانی خاوەنی مەکتەبەکەو زیاتر کردنی ژمارەی بڵاوکراوەکان ، بەڵام ئەمە ئەبێ خاوەنی مەکتەبەکە خۆی داوا بکا ٠٠٠ لەبەر ئەوە قەناعەت بەو بێنەو دڵنیابە (الدار الوطنیە) کەمتەرخەمی ناکات ٠

ـ هاوکاری ـ

پێداویستەکانی شاری « سەید صادق »

● ئەگەرچی لەم بەینەدا زێرابی دوو کۆڵان لێدراوە ، بەڵام بەهیچ شێوەیێك بەشی سەید صادق ئاکاتو پێویستی بەزێرابەکی زۆر هەیە ئێستاش دانیشتوانی ئاوی بیری حەوشی ماڵەکان ئەخۆنەوە ، کە بە هۆی نەبوونی زێرابەوە ئەشێ لەگەل ئاوی پیس ماڵەکان تێکەلبێت ٠

● تا ئێستا شارەوانی چارەسەری مەسەلەی دابەشکردنی زەوی بەتەواوی نەکردووە وە ئەوەی کراوە ١٪ کێشەکەی زیاتر چارە ناکات ، وئیتر قەرەبالغیەکی لە ئەنداره بەدەرەومال دەست ناکەوێ ٠

● قیرتاونەکردنی شەقامە سەرەکیەکان بوتە هۆی بێنرارێکی زۆر سەرەرای ئەوەی کە کارگەی قیر هەر ئیتر لەوە بەدوبوە لێمان براو ئەو مەکینانەی لە ناحیەیەکەن لەو ئەچێ پەکیان کەوتووبێ ٠ ئاخۆ ئەبێ کەی جارەیێکمان بۆ ئەکەن ؟

خدر بلباسو حسن سواره
لە چوار قورنەوە

بێکارەبایی لە چوارقورنە

ناحیەیەکەمان نزیکەی دوو هەزار خانو ئەبێ کە زیاتر لە سێ هەزار خێزانی تێدایە ، جارێك بۆ ماوەی (١٥) رۆژو جارێکی تر بۆ ماوەی (٣٥) رۆژ کارەبمان بۆ هاتووە ،

خوێنەری بەڕێز

لە کاتێکدا رۆژنامەکەتان« **هاوکاری** » هەنگاوئەنێتە ناو ساڵی نۆیەمی نەمەنیەوە ،هەمیشە لە هەوڵو کۆششدا بووە ، بۆ ئەوەی ئاوێنەیێکیراستەقینەی ئاواتو ئامانجەکانیبێتو مینبەرێکیئازاو دڵێری هەمو ئەوانە بێت کە بەروشی پێشکەوتنیگەل ولاتەکەمانن ٠

هەر لەم باوەڕەشەوە ئەم‌کۆشەیەی « **هاوکاریو کۆمەڵانی خەڵکی** » کە جاران‌لەتاو لابەرەکاندا بڵاوبوو ، بەرگری لە خواستو ئامانجەکانتان ئەکاتو داواکاریو بشنیارە رەواکانتانبڵاوئەکاتەوە بە ئومێدی خزمەت‌کردنی بەرژەوەندیی گشتی ٠

هیوادارین لەو برایانەی ئەمجورە بابەتانەمان بۆ ئەنێرن ئەو بەرژەوەندە گشتییەیانلەبەرچاوبێتو بەگیانێکی مەوزوعی راستی‌رووداوەکانمان بۆ بنێرنو لەگەڵ ئەدرنسەکە بنوسن :**گۆشەی هاوکاریو کۆمەڵانی خەڵکی** ٠٠ هەربژین ٠

سەربەست

ڕاپۆرت

سوپای ئەبەزمان لە سەرڕێی بەجێگەیاندنی ئەرکە نیشتمانی ونەتەوەییەکانیدابەردەواەە

بەبۆنەی بیرەوەریی پەنجاوحەوت هەمین ساڵەی دامەزراندنی سوپای قارەمانەوەسبەینی لە سەرانسەری وڵاتدا ئاهەنگ دەگێرێت بەمجۆرە سوپای ئەمەزمان بە هێزترو بەوزەتر لەبەجێگەیاندنی ئەرکە نیشتمانیو نەتەوەیەکانیدا پێدەنێتە ساڵیکیتریش تەمەنیەوە هەر لەماوەی پێشوەوە ،لەسەردەمی کۆنەپەرستیو دیکتاتوریدا ئەو رژێمانەیدەیانویست سوپا لەجەماوەرو هێزە نیشتمانیکان دابڕن ،بە بەشداریکردنی لە هەمو راپەرینێکی ئەو سەردەمانەداسوپامان ئەوی سەلماندوە کە قەلغانێکی پۆلایینی پارێزگاریکردنی ئەم نیشتمانە پیرۆزەیە ٠

لەمەیدانی نەتەوەیدا سوپای عیراق بە شێوەیەکی دیار لەمەیدانی شەڕەکانی تشریندا بەشداری کردوە بەجۆرێك کەمایەی شانازیو ستایش هەمولایەك‌بوە ، جەنگاوەرانی ئازامان لەم شەڕەدا بەو زیانە گەورانەی لەزایۆنیزمی دوژمنیاندا ئەوەیان سەلماند کە لەشەڕێکی هاوچەرخی ئاواسەختدا دەتوانن زەبری گەورە گەورە لەزایۆنیزمی دوژمن بدەنو ئەوەیان ساغکردەوە کە هەمیشە ئامادەی گیان بەخت‌کردنو قوربانیدانان لەپێناوی مەسەلە گەورەکەی عەرەبدا کە خاکی زەوت کراوی فەلەستینە ٠

سوپامان هەروەك سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر ئەوەی دووپات کردۆتەوە ٠٠ کەهەمیشەو بەردەوام ئامادەیە کە بەشداری شەڕی رزگاری بکاتو لەمەشدا پێویستی بە بەلگەو دەلیل نیە ، چونکە سوپامان سوپای عەرەبو مەسەلە چارەنوسیکانیتیو ئابێتە وەرقەیەك لە مناوەراتی رێکەوتندا ، وەکاتی لایەنێك بەراستی ویستی قۆلی خەباتی رزگاری لێهەڵمالێت، دەبینێت سوپای عیراق شان بەشانیتیو بەردەوام ئامادەیە ، هەروەك لەشەڕی تشریندا روی‌دا ٠

دوای شۆڕش ، سەرکردایەتی حزب هەولی ئەوەی داوە کە هەمو پێویستیەکی ئەوتۆ بۆ سوپا ئامادە بکات تابتوانی بەچاکی پارێزگاری دەستکەوتەکانی شۆڕش بکاتو ئامانجەکانی ئەتەوەی عەرەب بێنێتەدیو لەرێگای رێکخستنێکی زانستیانەی سوپایەکی بەهێزەوە خاکی زەوت‌کراو بسەنێتەوەو بۆ ئەوەی بتوانی بەچاکی ئەرکە پیرۆزەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێت لە پارێزگاری یەکێتی خاکی نیشتمانو دەستدرێژی کردنی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو راوەستان بەروی چاو لەدویی‌و تەماح‌کاری دەرەوە ٠

سەرکردایەتی حزب هەولی ئەوەشی داوە کە هەمو بیروباوەڕێکی ئەتەوایەتیو سۆشیالیستی حزب لە ناوریزەکانی سوپادا بڵاوبکاتەوە دەرونیان بە مەفاهیمو قیەمی نوی پرکاتو بایەخی بەوەداوە کە زانستی سەربازی پەرەپێبدات‌و لەم مەیدانەداو بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە کۆلیجی تەکنیکی سەربازی کردۆتەوە ، وە هەر لەم مەیدانەدا زانکوی البکر دامەزرێندرا بۆ لێکۆڵینەوەی بەرزی سەربازی کە لەکۆتایی ساڵی رابوردودا یەکەم دەستەی لێدەرچو ٠

جەماوەرمان بەبۆنەی بیرەوەری دامەزرانی سوپای قارەمانیوە کە ئاهەنگ دەگێرێتو شانازی بە هەلوێستە ئازاو نەبەردێکانیەوە دەکاتو لە تێکۆشانیا دژی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستان پشتی دەگرێت لەپێناوی رزگاریەکی تەواوی سەرانسەر خاکی عەرەبداو بۆ بنیاتنانی کۆمەڵێکی دیموکراتی سۆشیالیستی یەکگرتو ٠

راپۆرتێك لەبارەی خستنەکاری بودجەکان

مەلبەندی نەتەوەیی‌راوێژکاریو پەرەپێدانی بەڕیوەبەرایەتی راپورتێکیفراوانی دەربارەی ئەنجامی خستنەکاری رژێمی بودجەبەرنامە کراوەکان ئامادە کردوە ٠ ئەو رژێمە ناوبراوەوەك لە راپۆرتەکەدا هاتوە مایەستی ئەوەیە کە زانستوزانیاریەکی تەواو پێشکەشی دەزگە حکومەتێکان بکات بۆئەوەی ئەودەزگایانە بۆ پێشکەوتنو بەکارکردنی خۆی کەلك لەوزانستانە ببینێت ، ئەویش لەرێگای خولقاندی شێوەی بەڕیوەبردنێکی نوی کە بەجۆرێکی ئابوریانە بیر بکاتەوە لەدانانی ئەوبودەجانەدا کە ئامادەیان دەکات ٠

رژێمی بودجەی بەرنامەکراو بەرژێوەی پێشکەوتوکان دەدرێتە قەلەمو دەبێتە مایەی راپەڕاندنی پلەی‌رژێمی دارایی بەجۆرێکی ئەوتۆ کە وای لێبێت لەگەل ئەوپەرەساندنە خیراو فراوانەی مەیدانی ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیاسی وڵاتدا رێکبکەوێت ٠

ئەوەی شایانی با دەستەی رێنمایشی ئەنجومەنی ئەخشەکێشان داوای لە مەلبەندی ناوبراو کردبو بۆ ئامادەکردنی ئەوراپۆرتە ٠

لە پارێزگاری هەولێرەوە

● رۆژی ٢ـ١ـ١٩٧٨ لیژنەی بەڕیوەبردنی لقی هەولێری یەکێتیی ئافرەتان، مەکتەبی رێکخستنی ناوچەیی، ئۆتۆنۆمی ، بۆ دانانی پروگرامی ساڵانەی یەکێتی، لەلقەکەیان کۆبونەوە ، لەم کۆبونەوەیەدا بریار لەسەر پروگرامی ئامەنگی رۆژی چەژنی سوپای نەبەزو ئامەنگی رۆژی قەلاچوکردنی نەخوێندەواریو ئامەنگو چالاکیەکانی رۆژی ئافرەتانی جیهان رێکەوتی ٨ئاذار ، درا ٠

ەروەها بریاردرا کە چەند لقێکی تازەی یەکێتی لەگەرەکی کوران‌و کەلەکی یاسین ئاغاو هەواری صلاح الدین بکرێنەوە ٠

پ ٠ هاوکاریەوە
بەشارەت فاتح

بەرهەمی سودبەخش پاشماوە

وشکیانە (الحیوانات والطیور والزواحف والبرمائیات)ی کە بە ناڕەحەت چنگ دەکەونو ئەبینرێنو دەست دەیانگاتێ لەبەرئەوە دوای مۆمیاکردنیان ئەم بەشە هەڵئەسێت بە هەڵگرتنو پارێزگاری کردنیان بۆ ئەوەی هەمیشە ئامادەبێت بۆ قونابخانەکان ٠

٦ ـ بەشی دابەش‌کردن : دوای ئەوەی بەرهەمی هەموو ئەو بەشانەی کە باسمان‌کردن لەم بەشەدا کۆئەبێتەوە ئەمیش بەشێوەیەکی یەکسانیو بەخێرایی هەڵئەسێت بە دابەش‌کردنی ئەو بەرهەمانە بەسەر قوتابخانەکاندا ٠

پاشان مامۆستا عبدالله دەربارەی ئەو دەورانەی کە تائێستا لە مەلبەندەکەیانا بۆ مامۆستایان کراوەتەوە وتی :

ئەوەی شایانی باسە تا ئێستا توانراوە چواردەورەی هۆی فێرکردن بۆ خوشك‌وبرا مامۆستاکان بکرێتەوە ئەوانەش :

أ ـ لە ١٥ـ٧ـ١٩٧٠ بۆ ١٤ـ٨ـ١٩٧٠

ب ـ لە ١ـ٦ـ١٩٧٢ بۆ ٢ـ٧ـ١٩٧٢

ج ـ لە ٩ـ٦ـ١٩٧٣ بۆ ٥ـ٧ـ١٩٧٣

د ـ لەمانگی ٨ـ٩٧٤ بۆ مانگی ٩ـ١٩٧٤ ٠

ەروەها هەموو ساڵێك پێشانگایەکی تایبەتی ئەکەیتەوە کەهەموو قوتابخانەکانی پارێزگا بەشداری تیادائەکەن ، پاشان بەرهەمی هۆزی فێرکردنی سەرکەوتو لەم پێشانگایەدا هەڵئەبژێرین بۆ پێشانگای قوتری کە هەموو پارێزگایەکانی وڵات بەشداری تیادائەکەن ٠ لە کۆتایدا مامۆستا عبدالله دەربارەی هەندێ دەستکەوتی چاوەروان کراو وتی :

هیوادارین کە هۆلێکی تاقیگای دەنگ دروست‌بکەینو چەند جهازی سینەما بۆ قەزاکان بکرین بۆ ئەوەی ئەوانیش زیاتر کەلکمان لێوەربگرن ەروەها بەهیواین کامێرایەکی ووێنەو دەنگ بکرین بۆ ئەوەی بەئاسانی داواکاری قوتابخانەکان جێبەجێ بکەین ، هیوادارم لە پاشە رۆژا بتوانین بینایەکی تایبەتی بۆ مەلبەندەکەمان دروست‌بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین بەرهەمی زیاتر بخەینە بەردەست ٠

ئاواتە خوازم لەمەودوا بتوانین لێهاتوەکانمان بنێرینە دەرەوەی ووڵات بۆ ئەوەی لەم بوارەدا زیاتر شارەزای پەیدا بکەن ، بێگومان ئەو ئاواتانەت بە هەوڵو تەقەللای حزبو لێپرسراوان دێنەدی ٠

فریا عبدالله
پ٠ هاوکاری ـ سلێمانی

جارێکیتر « پاشماوە »

ڕێگا لەبەردەمیاندا خۆش ئەکا کە زیاترو بەپەرۆشەوە خزمەتی منالەکانیان بکەن ٠ کە واتە پرسیارێك لێرەدا دێتە پێشەوە ، ئەوەش چۆن ئافرەت ئەبێتە دایکێکی بەختیار ونەتوانێ لە نێوان دایکێتیو داهێنانو گرنگی پەروەردە کردنی منالەکانی خۆی رێك‌بخاو چاودێرێکی تەواو وپێویستی ئەو بارانە بکا ؟

ئەبینین لەسایی گورانکاری سۆشیالیستیدا هەڵئەدێ دەزگا دامەزراوە کە تایبەتین بە یارمەتی دانی دایکانو خێزان ، دامو دەزگای پەروەردە کردنو رێنمایی کردنی منالانو کردنەوەی یانەو چێشتخانەو شوێنی دانیشتن ٠ لەبەرئەوە بۆ ئەوەی ئافرەتی دایك لەو تەنگو چەلەمانە رزگاری بێ کە پێوەیان ئەنالێنێ ٠ پێویستە بەپێی توانا لە ئەرکەکانی ناو ماڵی کەم کرێتەوە لە رێگای کردنەوەی دایەنگە بۆ منالانو زۆر کردنی چێشتخانەو شوێنی نانخواردن ٠٠ ئەو کاتە زۆربەی ئەرکی ماڵەوە ئەکەوێتە سەر دەزگا سۆشیالیستەکانەوە پیویستە ئەم دەزگا سۆشیالیستیە گەورانە لەم پەرەپیدانو پێش‌خستنو فراوان کردندا بێت ، بۆ ئەوەی ئەو وزەو توانایانەی تیایەتی بە بێی پێداویستەکانی پێشکەوتنی ئافرەت **وەك** مرۆڤ زامن‌بێ ٠

ـ هاوکاری ـ

Institut kurde de Paris

بەرهەمی سودبەخش وەمەڵبەندی هۆی فێرکردن لە سلێمانی

پ٠ هاوکاری لەسلیمانی

سەبارەت بە مەڵبەندی هۆی‌فێرکردن لەپارێزگای سلێمانی مامۆستا عبدالله مختار حامدلێپرسراوی ئەو مەڵبەندە بۆ هاوکاری بەم چەشنە دوا ٠

سەرەتا ناوی مەڵبەندی‌هۆی رووتکردنەوە بوو ،یاشان ناوەکەی گرا بە مەڵبەندی هۆی‌فێرکردن ٠

ئەم مەڵبەندە لەپێشان زۆربچوک‌بوو ئەویش بریتی بوو لەچەند بەشی کەمو هەندێ‌بابەت‌و پێویستی قوتابخانەکانی دابەش‌ئەکرد ٠

ئەوەبو لە ساڵی ١٩٧٤دا بەهۆی بایەخ پێدانی لێپرسراوانەوە ئەم مەڵبەندە بە تەواوەتی پەرەی سەندو لەم روەوە توانرا کە دارایی ساڵانەی تایبەتی خۆی بۆ تەرخان بکرێت کە ئەمەش بوە هۆی فراوان بونی مەڵبەندەکەمان هەروەها توانرا گەلێک ئامێری زانستی بکرین وەک تەسجیل‌و کامێرای سینەمای‌و بابەتەکانی ، لەلایەکی کەشەوە ژمارەی فەرمانبەران‌و کرێکارانمان بۆ زیادکرا ، کە ئەمەش دەورێکی باڵای هەبوو لەروی زۆر کردنی بەرهەمەوە ٠

لە پێشەوە مەڵبەندی هۆی فێرکردن لەسەر داواکردن‌و پێویستی قوتابخانەکان بە تەنیا خۆی هەول‌وتەقەللای داوە ، بەڵام لەم دوایەدا بە هاریکاری لقی راهێنان هەر لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی توانرا چەند لیژنەیەك پێك‌بهێنێن‌و پاش چەند کۆبونەوەیەك توانیمان نەخشەیەکی زانستیانە دەربارەی پێویستی قوتابخانەکان بکێشین٠ پاشان مامۆستا عبدالله بەشەکانی مەڵبەندەکەیانی بەم چەشنە بۆ باس کردین :

١ ـ بەشی چاپەمەنی : ئەم بەشە تائێستا توانیویەتی لەزوربەی وانەکانا چەند نەخشەو هۆی فێرکردن بهێنێتە بەرهەم ، لەگەل ئەمەشدا هەمیشە یارمەتی هونەرمەندان ئەدات لەکاتی کردنەوەی پێشانگای تایبەتیانا جگە لەیارمەتیدانی زێکخراوەکان‌و نەقابەکانی پارێزگا لەزوربەی چەژنە نیشتمانیەکانا ٠ ئەوەی شایانی باسە ئەم بەشە هەڵئەسێت بەچاپ کردنی ئەو بەرهەمانە بە هەرزان‌ترین نرخ‌و زۆر یارمەتی مامۆستاش ئەدات سەبارەت بە هەڵبژاردن‌و ئاسان ترین‌ڕێگا بۆ تێگەیشتنی قوتابی‌یەکانی ٠

٢ ـ بەشی مجسمات : بەزۆری مەبەستمان لەم بەشە راکێشانی باری سەرنجی قوتابیانە بۆلای ئەو ئەندامە وراثەی ناوەوەی مرۆڤ‌و گیان لەبەر کە قوتابی لەکاتی بیرلێ‌کردنەوەدا توانای هێنانە پێش چاوی نی‌یە ، ئەمەش وائەکات لەقوتابی کە ئەوەندە ، بایەخ بەزاراوە لەبەرکردن ئەدات کە لە راستیدا لەمەبەستی واتاکانیشیان ناگەن ٠ ئەوەی شایانی باسە ئەم بەشە تائێستا توانیویەتی ئەو مجسمانە بهێنێتە بەرهەم کە نمونەکانیمان لە بەڕێوەبەرێتی گشتی هۆی فێرکردن لەبەغداوە بۆدێت‌و ئێمەش لەسەر ئەو نمونانە بەپێی پێویستی قوتابخانەکان لە « بۆرەك » نمونەی تر دروست دەکەین‌و بەسەریانا دابەش ئەکەین ، ئەوەی شایانی باسە ئێستا خەریکی ئەوەین لە « پلاستیك » ئەو نمونانە دروست‌بکەین چونکە ئەمەیان لەکاتی بەکارهێنان‌و گواستنەوەدا ئاسان ترەو لە شکاندن دوورترە ٠

٣ ـ بەشی دارتاشی : مەبەستی سەرەکیمان لەکردنەوەی ئەم بەشە پرکردنەوەی پێویستی هەموو قوتابخانەکانی پارێزگایە دەربارەی ئەو هۆی فێرکردنانەی لەتەختەو معاکس بەشێوەیەکی مجسم دروست دەکرێت کە ئەمەش مامۆستا لەکاتی دەرس‌وتنەوەدا زۆر کەلکی لێ‌وەرئەگرێ ٠

٤ ـ بەشی فۆتۆگراف‌و سینەما : ئەم بەشە هەڵئەسێت بە تۆمارکردنی هەندێ فلیمی پەروەردەیی دەربارەی قوتابخانەکان کە ئەمەش دەورێکی باڵای هەیە لە سەر قوتابیان‌و وایان لێ‌ئەکات بە شێوەیەکی زانستیانەو بەئاسانی لەوانەکانیان بگەن ٠

ئەم بەشە لەسەرەتادا هەڵساوە بەتۆمارکردنی بەرهەمی جەوجۆڵی قوتابخانەکان لەروی وەرزش‌و هونەرەوە ، بەڵام ئێستا وەك ووتمان هەڵئەسێت بە تۆمارکردنی ئەو فلیمانەی کە قوتابی زیاتر کەلکی لێوەرئەگرێت ٠ لەم زووەوە فلیمێکمان بەناونیشانی « چاویلکە » تۆمارکردوە کە نزیکەی (٢٠) بیست دەقیقە دەخایەنێت ئەمەش چارەسەری تەکینەوەی قوتابی‌یەك ئەکات لە مامۆستاکەی ٠

٥ ـ بەشی مۆمیا : ئەرکی سەرشانی ئەم بەشەش بریتی‌یە لە مۆمیا کردنی ئەو ئاژەڵ‌و باڵندەو خشۆك‌وتەرو

بروانە ل : ٣

جارێکی تر هەڵسەنگاندنی دەوری ئافرەت

● گولاله بەرزنجی ●

جگە لەو مافە سیاسیانەی ئافرەتی هەندێ وڵات وەریان گرتوە ، هەر چەندە لەگەل تۆزی یەکسانی دادبەروەرانە خۆش بینیەوە ، لەگەل ئەوەی چەند کارێکی هەڵبژاردوو تیایدا سەرکەوت ، کە چی هەتا ئێستاش هەر لە سەرەتادایە ، جا تا وەکو مافی ئافرەت لە جیهانی هاوچەرخ تێ‌ئەگەین پێویستە بگەڕێنەوە بۆ ڕابوردویەکی دور ، لەو کۆمەڵگا کۆنانە کە لە دابەش کردنی کاردا هەندێکێ ئەدرا بە سەر ئافرەتا کە لەگەل باری لەش‌و توانایدا ئەگونجا بەڵام ئەو وردەکارە ئافرەتی لە چەوسانەوەیی چوار چێوەی کۆمەڵ‌و مال رزگار نەکرد داد بەروەری‌و ئایینە سەرەتایەکان ئافرەتی بە جۆرێ تەماشا کردوە کە وەك مرۆڤ گرنگی نەبێ ٠

بۆ نموونە فیثاگورس میانەی نیوان (مەبدەئی خیرو شەڕ ئەکا ، کە یەکەم ڕژێم‌و ڕوناکی‌و بیاوی‌دروست کردوە ، دووەم شەڕو ناخۆشی‌و تاریکی‌و ئافرەتی دروست کردوە) ئورسطو هاوار ئەکا کە مێ هەر مێیە لەبەر ئەوە لە سیفاتدا نوقسانیەکی دیاری تیایە ٠ بەڵام ئیفلاطون داوای بەرەڵایی ئافرەتی کرد ٠ قەشە بولس وتویەتی « پیاو بۆ ئافرەت دروست نەبووە ، بەڵام ئافرەت بۆ پیاو دروست بوە ٠ بەم شێوەیە ئافرەت لەگەل چەوسانەوەدا ژیاوە ، هەتا داهاتنی بیرو باوەری سۆشیالستی پێشکەوتنخوازانە کە ئەوەی دیاری کرد : « ئافرەت ناتوانێ ڕزگاری بێ بە سەرکەوتنی سۆشیالیستانە نەبێت، هەروەها سۆشیالستی بەبێ بەشدار بوونی ئافرەت بە شێوەیەکی کارێکەر نابێ لێرەوە دەوری ئافرەت دەرکەوت‌و سەلماندیان کە زیرەکیان لە مەبدانی کاروباری فیکری‌و فێربون‌و پزیشکی‌دا هیچی لە زیرەکی پیاو کەمتر نیە ٠ لە ژۆربەی کارە پیشەسازی‌و کارگیرایەتیەکاندا سەلماندیان کە لێ هاتوون‌و خێراو سەرکەوتون ، بەو جۆرە جێگاو ڕێزی خۆیان گرت ٠ بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنی کە بە تەواوی ڕزگاریان بوە ، ڕزگاری ئافرەتان ، لە هەموو ناخۆشی‌و کۆتێکی دواکەوتوی سەرەتای ڕاستی هێنانە کایەی‌و چەپەکی نوێیە ، کە پتوانی هەموو لێ پرسراویەکی نەتەوەیی‌و نشتمانی بخاتە ئۆباڵی خۆی ، ئافرەت یەکسانە لەگەل پیاو ، بەڕاستی‌و دڵنیاییەوە ، بەڵام ڕۆژێك بە خەیاڵی پیاوان دانەهاتوە جاری لە واتەی ئەم ڕستەیە بکۆڵنەوەو بچنە قوڵاییەوە ٠ ئایا بیریان لەوە کردۆتەوە ئەوەی بۆ پیاو ئەلوێ پێویستە بۆ ئافرەتانیش وابێ، بۆ ژنەکانیان ، خوشەکانیان ، کچەکانیان ؟!

ئەوان داوای ڕزگاری ئافرەت ئەکەن ، بەڵام لای من وایە کە پێویستە لە ڕزگاری پیاوانەوە دەست پێ بکەن ، وەچاوێك بە مافەکانی پیاوانداا بگێڕنەوە ٠

بێ‌گومان ئەمەش کارێکی گرانە ، بەڵام لە بەردەم کاری شۆڕشگێڕانەدا پێویستە هەموو کۆسپ‌و تەگەرەیەك تەخت کرێ‌و ڕێگای کوێر نەکرێتەوە ٠

تەنها بانگەوازی مافی ئافرەت‌و یەکسانی مەرج نیە ، بەڵام پێویستە لەگەل کار کردنماندا بەکسانیان کەین‌و ئەوانیش خۆیان لەگەل ڕوانگەیەوە سەیری خۆیان بکەن ، ئەمەیە ئازایەتی‌و لێ هاتوی‌و داوا کاری لە پیاوان ٠٠ لێرەوە یەکەم هەنگاوی گرنگی ڕزگاری ئافرەت لە باری کۆمەڵایە نیدایەتەدی ٠

هەر چەندە رزگار بون لە کاری ناو ماڵ ئەوە ناکەیەنێ کە ئافرەت رزگاری بوە لە پێداویستەکانی کار کردن ، بەڵام لێرەدا مەبەست رزگارکردنە لە داگیر کردن ، تا وەکو لەلایەکی‌ترەوە کارکردن ببێتە پێویستیەکی ژیان‌و سەلماندنی بوونی مرۆڤانەی ٠

هەر وەها ناتوانرێ ئافرەت لە ئەرکی دایکێتی دور بخرێتەوە ، بەڵام کەم کردنەوەی ئەو ئەرکانەو بەشداری کردنیان لە کاردا ،

بروانە ل : ٣

لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کچاندا

بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کچان دەستکەوتێکی تری شۆڕشی حەفدەی تەموزە لە هەولێر بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەم بەڕێوەبەرایەتی‌یە خزمەتێکی فراوان پێشکەش بە هاوولاتیانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەکات کچان لەم بەڕێوەبەرایەتی‌یە هەموو شتێکیان بۆ ئامادە ئەکرێت هەر لە جل‌و بەرگی هاوین‌و زستان‌و خواردەمەنی چوار ژمەی ڕۆژ جگە لەوەی کە هەموو جل‌و بەرگیان لە لایەن جل شۆری تایبەتی ئەشۆین ٠

هەروەها پاك‌و خاوێنی ئەم بەڕێوەبەرایەتی‌یە زۆر بە ئاشکرا ڕەچاو ئەکرێت ٠

لە چاوپێکەوتنێکی بەڕێوەبەری ئەم بەڕێوەبەرایەتی‌دا خوشکە (نزاهت علی محمود) ووتی :

ئەم بەڕێوەبەرایەتی‌یە لە گەل ئامەنگەکانی بیرەوەری ڕۆژی (٧)ی نیسانی ١٩٧٧دا کرایەوە ، هەتا ئێستا تەنها (١٥) قوتابی کچمان هەیە ئەوانەش لە پلەی سەرەتایی‌و ناوەندین وەدەربارەی مەرجەکانی وەرگرتنی ئەم کچانە خوشکە (نزاهت) ووتی ئێمە لێرەدا هەموو کچێکی تەمەنی لە نێوان ٦ـ١٨ ساڵی بێت وەری ئەگرین بەمەرجێك ئەگەر بێ باوك‌و دایك بێت وەیا هەر بێ باوك یا بێ دایك‌بێت وە یا ئەگەر دایك‌و باوکی زۆر دەست کورت‌بن‌و بێ ئیش‌بن ٠

سەبارەت بە پێك هاتنی ئەم بەڕێوەبەرایەتی خوشکە (نزاهت) ووتی : ئەم بەڕێوەبەرایەتی‌یە لە چوار هۆڵی نوستن پێك هاتووەو هەر هۆڵەش شانزە قەرەوێلەی تیادا هەیە لە پاڵ هەر قەرەوێلەش دولابی تایبەتی خۆی هەیە هەروەها لە هۆڵێکی نانخواردن‌و موبەق‌و کتێبخانەو کۆگا پێك هاتووە ٠

وە کچان لەم بەڕێوەبەرایەتی‌یەدا چاودێری تەندروستیشیان ئەکرێت جارێکیش پزیشکی تایبەتی سەریان لێ ئەدات ٠

وەبۆ ڕابواردنی کاتی دەست بەتاڵی کچان‌و پەرەپێدانی لایەنی ڕۆشنبیریان چەندەها شت هەیە لەوانە ئەتوانن سەیری تەلەفزیۆن‌و گوێ لە ڕادیو بگرن‌و بەردەوام ڕۆژنامەو گۆڤاریشیان بۆ دێت و چەند یاریەکی وەرزشمان بۆ ئامادە کردوون ٠ جار جاریش گەشتیان پێ ئەکەین ٠

لێرەدا بۆ ئەم مەبەستە بربن‌پێچتیك هەیەو هەفتەی ـ ئەی ئەگەر گیروگرفتێکتان هاتە ڕێگا چۆن چارەسەری ئەکەن ؟ هەتا ئێستا هیچ گیروگرفتێکی وەهامان ئەهاتۆتە ڕێگا بەڵام ئێمە بۆ ئەوەی بەردەوام ئاگاداری ژیانی تایبەتیان بین زوو زوو سەر لە قوتابخانەکانیان ئەدەین‌و بەردەوانیش پەیوەندیمان لەگەل کەس‌و کاریان هەیە ٠

وە لە کۆتایی ئەم چاوپێ کەوتنەدا خوشکە نزاهت داوا لە کەس‌و کاری ئەو کچانە ئەکات کەوا دەستیان کورتە ڕێگای کچەکانیان ئەگرن لە هاتنیان بۆ ئەم مەڵبەندە چونکە ئەم مەڵبەندە پارمەتی دەرێکی ڕاستەقینەیە بۆ کەس‌و کاریان لە هەموو لایەنێکی ژیانیایان‌دا چ لایەنی ژین‌بێت وە چ لایەنی ڕۆشنبیری پەروەردەبێت جا تکا ئەکات کەوا نەبنە تەگەرە لە ڕێگای ژینی باش‌و پاشە ڕۆژێکی ڕووناك بۆ کچەکانیان ٠

پ٠ هاوکاری

Institut Kurde de Paris

کتێبی هاوکاری

صدام حسین

خەباتمان‌و سیاسەتی نێودەوڵەتان

دوانەکەی هاوڕێ صدام حسین بۆ ڕۆژنامەنووسی میسری سکینە سادات لە ١٩ـ١ـ١٩٧٧دا ٠

ـ ٢ ـ

پ : بەرێزتان شارەزایتان لە گیروگرفتانە هەیە کە ئێستا میسر دوو چاریان بووە ، ئەو دەورە کامەیە کە عیراق ئەیگێڕێ بۆ بەشداربوون لە چارەکردنی هەندێ لەو گیروگرفتانە ؟!

هاوڕێ جێگر : دەبارەی ئەوەی پەیوەندی بە بۆچونەکانمانەوە هەیە سەبارەت بە پێویستی‌یەکانی میسرو تێکەیشتنان لە بیروباوەڕەکانمان ، ئێمە ، هەمیشە دەبینین ئەو شتەی بەیارمەتی داومانە بە میسر یاخود دەمانەوێ یارمەتی میسری پێ بدەین ، لە رادەی پێویست کەمترە ، لەگەل ئەمەشدا ، لەوانەیە ئاگات لەو یارمەتی‌یە ـ متواضع ـ ە هەبێ کە لە مەیدانی گەشەکردن‌و لە مەیدانەکاتی تردا لە ساڵانی ڕابوردوودا پێشکەشی میسرمان‌کردوە ٠ وە ئەشتوانی ئاگاداریی لەو پرۆژانەی کە لەگەل میسر دامانە دەست‌و ئاگاداریی لەهۆی گلانیان ، باشتریش وایە کە خۆت چاوت پێیان بکەوێ چونکە من هەمیشە بەتەنگەوەم کە وردبم ٠ ناشموێ باسی شتێك بکەم کە دوور نی‌یە ورد نەبم لە باس‌کردنی هەندێ لایەنەکانی‌دا ٠ ئەتوانی لە ڕێگای مامۆستا عدنان حسین وەزیری نەخشەکێشانەوە ، بەدوورو درێژیی چاوت بەو یارمەتی‌یە برایبانە بکەوێ جا کە بە شێوەی بەخشین یاخود بەشێوەی تر پێشکەشی میسرمان‌کردوە ٠

لایەنی سیاسی ئەم وەڵامەش ، ئەو شتە دووبارە ئەکەمەوە کە تۆزێك لەمەوبەر ، وتم ، ئەویش ئەوەیە ، لە حیسابی بیروباوەڕەکاندا ، وە لە حیسابی ئەو دۆخە سەختانەدا کە میسر تیایاندا دەژی‌و لە ئاستی هەست‌کردنمانەوە بەوەی پێویستە پێشکەش بکرێت ، هەر شتێك پێشکەشی میسری بکەین ، لە بۆ چوونی ئیمەوەو بەبێ گوێدانە باری سەرنجی خەڵکی تر ، کەمترە لەوەی پێویستە ، بەڵام لە حیسابی چەسپاندنە کردەوەییەکاندا‌و لە زروفی تایبەتی‌دا ، زروف هەر ئەوەندە دەرفەتی داوە کە هەر ئەمە پێشکەشی بکرێت ، بەڵام من لەو باوەڕەدانیم کە برایانمان لە میسر وای بۆ ئەچێ ، یاخود ئێمە وای بۆ ئەچین کە ئەوەی پێشکەش کراوە ، جا بچوك بێ یاخود بچوك نەبێ ، دوا قۆناخی ئەو شتەیە کە پێویستە مامەڵەکردن لەگەل گەلی عەرەبمان لە میسردا بەو جۆرە بێ ٠

پ : ئێمە واتێ‌ئەگەین کە عیراق وەك وڵاتی ئیمەیە ، بینیشیمان کە دووچاری هەمان خەم بووە کە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بەدەستیەوە دەناڵێنن ؟

هاوڕێ جێگر : بۆ ئەوەی فیکرەیەکت دەربارەی عیراق هەبێ وێنەیەکی سادەو خێرات بۆ باس ئەکەم ٠

کاتێك لە ساڵی ١٩٦٨ دا حوکمان بەدەست هێنا شتی وامان وەرنەگرت کە بایەخێکی زۆری هەبێ ، دیارترینی ئەو شتە لە بارانەی بۆمان بەجێ مابوون دوو کۆشك‌بوون ئەوانیش کۆشکی کۆماریی‌و ئەنجومەنی نیشتیانی بوون ٠

تەنانەت مەسەلەی سنورو دەست نیشان‌کردنی خاك لە گەل دراوسێکان‌و سیادە ، کە چەند مەسەلەیەکی حاکم لەتێکرای جیهاندا بایەخیان پێ‌ئەدات بەبێ‌گوێدانە سروشتی ڕێژیم ٠٠ ئەم مەسەلەیەو چەندین‌گیروگرفتی ئالۆز لەگەل دراوسێکان‌دا ، سەردەمەکانی پێشو بۆیان بەجێ‌هێشتبوین هەروەها بودجەیەکی بەتاڵ‌و ئابوری‌یەکی شرپیان‌بۆ بەجێهێشتبوین کە بەگشتی‌ی پشتی بە داهاتەکانی نەوت ئەبەستو ئەویش هەر کەمبوو ٠ لەساڵی ١٩٦٩دا داهاتی نەوتمان (١٦٩٫٧٣٠) ملیۆن دینار بوو ، لە ساڵی میللی‌کردندا ، ساڵی ١٩٧٢ داهاتی خەمێنراوی پیترۆلمان ، پێش‌میللی کرد (٢١٨٫٥٧٦) ملیۆن دیناربوو ، لەیەکی حوزەیرانی ١٩٧٢ میللی‌کردنەکە گرا ، زروفێکی سەخت بەماوەی ساڵێکی ڕەبەق کە ساڵی میللی‌کردن‌بوو لەئارادابوو ٠

ئێمە ـ کەوابوو ـ ساڵێکی ڕەبەق لەزروفێکی زۆر گراندا دەژیاین کە تاوەکو کۆمپانیاکان لە (١)ی مارتی ١٩٧٣دا سەریان بۆ واقیع شۆڕنەکرد زروفە سەختەکە لانەچوو ٠ بەم پێیە زروفی ساڵی ١٩٧٢ تاوەکو نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٧٣ زروفی ناڕاسایی بوو ، وە تا دوای (١)ی مارتی ١٩٧٣و بەتەواوەتی تا ساڵی ١٩٧٤ دۆخی دارایی‌مان دەستی‌بە چاك بوون نەکرد ٠ مەبەستیشم چاکبونە نیسبی‌یەکەیە بەپێی ماوەی ناڕاسایی‌و ئەوساڵانەی ڕابوردن ، ساڵە دارایی‌یە باشەکان بە پێودانگی نیسبی ساڵانی (١٩٧٤ و١٩٧٥و ١٩٧٦)بوون ٠٠٠ بۆیە ئابڕی عیراق لەگەل وڵاتانی عەرەبی خاوەن پیترۆل بەتایبەتی دەوڵەتانی خلیج‌و دوورگەو لیبیا بەیەك چاو سەیربکرێ ، چونکە لە چەندین ساڵ لەمەوبەرەوە ئەم دەوڵەتانە بارمتەیەکی پاشەکەوتە کراویان لەبانقەکاندا هەیە ٠٠ بەڵام سەبارەت بەعیراق ، دوو ساڵە دۆخەکەی دەستی بەچاك‌بوون کردوە ، ئەمەمان لە کۆنفرانسی بەرزداوت ، کە دەربارەی ئەوشتە قسەکراکە پێویستە بە یارمەتی پێشکەش بکرێ بە برایانی عەرەب لە وڵاتانی ڕووبەڕووبوونداا ، لەکاتی‌خۆیدا قسەم کردو وتم :

(برایانمان لەوێ خوێنیان پێشکەش ئەکەن ، بۆیە بچوکترین فرمان ئەوەیە پارەومالیان بدرێتێ) ٠ ئامەیە دۆخمان لەعیراقدا ، هیچ‌کەمتەر خەمی‌یەك ناکەین ، لەگەل ئەمەش‌دا یارمەتی برایانی عەرەبمان‌دا ، دۆخی دارایی‌مان ـ کەوابو ـ ئەنیا بە پێودانگی نیسبی باشە ، ئەشتوانی ئاگاداری دۆخ‌و باری گەلەکەمان بیت کە تائێستا بەشێکی گەورەی پیویستی بەشتی زۆرو پێویستی بە بچوکترین پێداویستی‌یەکانی ژیان هەیە ، وە لە حیسابی بیروباوەر چارەناچاری‌یەکان کە گەلەکەمان داوایمان لێ‌ئەکات ، ئەو ئۆباڵەی کەوتۆتە ئەستۆمان گەورەیە ، چونکە گەلەکەمان بیرمان دەخاتەوە کە لەژێر سەرکردایەتی پارتی خەباتی کردووە یاخود لە چوارچیوەی ڕێپەوە تایبەتی‌یەکانی‌داو گەیشتنی پارتی بۆ سەرحوکم یارمەتی داوە بۆ ئەوەی ئامانجەکانی بچەسپێنێ ، لەمانە سۆشیالیستی ٠٠ گەل داوای خانومان لێ‌ئەکات داوای دەرفەتی نەگورەاوی کارمان لێ‌ئەکات بۆ هەرکەسێك توانای کارکردنی هەبێ ، وە داوای خزمەتگوزاری پیویستو دەستەبەری‌یەکانی‌ترمان لێ‌ئەکات ٠ ئێمە ئەمە دەڵێین بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕوون بۆ برایانمان بکێشین ، وەکاتێك وەك دەوڵەتێکی خاوەند پیترۆل ئامان دەهێنن پێویستە لەهەمانکاتدا ئەم ڕاستەقینەمانەشیان لەگەلدا لەبیر بێ کەئەویش ئەوەیە : عیراق لەچاو دەوڵەتە خاوەند پیترۆلەکانی تری‌عەرەب تەنیا لەسێ ساڵەوە دەوڵەتێکی خاوەند پیترۆلە ٠

ـ ماویەتی ـ

(١) سیمیناری ئەوکارکردانەی ئەبنە هۆی کەمبوونەی بەرهەم لەماوەی (٧) تا (٩)ی ئەیلولی ١٩٧٦ ساڵ‌کران‌و ژمارەیەکی زۆری لێ‌پرسراوانی بەڕێوەبردن‌و تەکنیکی‌و نەقابەیی لەکەرتی پیشەسازی‌دا تیایاندا بەشداربوون بۆ هەڵسەنگاندنی باری بەرهەمهێنان لە کەرتی پیشەسازی‌داو بۆ چارەسەرکردنی ئەوگیروگرفتانەی لەئارادان بەمەبەستی پترکردنی بەرهەم‌و بەرهەمهێنان ، لەمسیمینارانەدا بەرنامەی کارکردن خرانە سەردەست کە لیژنەیەکی تایبەتی ئامادەکردبوون وە بە بنچینەی ئەو وتووێژانە دانران کە لەسیمینارەکاندا کران ٠

سەرەتای هێژووی گۆزەگەری لەعیراقدا

دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان

سردار

گۆزەگەری ئەو پیشەسازیەدیرینە جوانو سەرنج ڕاکێشەیە کە جاران پێویستبوو ئێستا لە نەماندایە ٠

ئەو مێژوە نوسراوەی عێراق وا نیشان دەدات کە بە سۆمەریەکان دەست پێدەکات کە لە باشوری عێراقدا ژیاون لە سەدەی چوارەمی پێش لەدایکبوون (پ٠ز) ، بەلام

ژیارو شارستانیەتی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران سال پێش ئەو مێژووە ئەوەش پاشماوەو شوێنەوارە مێژوییەکان ڕوونی دەکەنەوە ٠

لە سالی (١٩٢٨) ، (جرو)ی زانا ئەوەی بەدەرخست کە ئەو پاشماوانەی لە جیاکانی کوردوستانی عێراقدان مێژویان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەدەیەی مرۆڤ لە نەشکەوتەکاندا دەژیا ٠ وە لە سالی ١٩٤٤ گرنگیەکی باش دراوە بەو گردە بچکۆلەیەی

لای سنجار کە پێی دەڵێن (تل حسونە) هەر لەو ناوچانەدا پاشماوەو شوێنەواری جەنگی دوزراوەتەوە کە وا لەدەرد کەوێ گۆزەلێك بوون، زیانیان کەڵێ پێشکەوتن و نیشانەی شارستانیەتی پێوە دیاربووە ٠

ئەوەیش بەوەدا دروون دەبێتەوە کە گوندێکی پێك و پێك و خانوی باشی لێدروست کراوە لەو ناوچەیە دوزراوەتەوەو خەلکەکەش خەریکی کاروباری کشتوکاڵ بوونەو کەڵێ گۆزەو دیزەو شتی نەخشێنراوو پڕ جوانکاری دوزراوەتەوە لە ناوچەی موسل ٠ بە هۆی ئەو شوێنەوارە مێژوییە گرنگانەی لەوێ دوزراونەتەوە دەتوانرێ زۆر بەباشی شارەزای ئەوانە ببی کە لەو سەردەمەدا لە عێراق ژیاون لەپاش ئەو قۆناغە ، قۆناغێکی نوێ پەیدابوو لە عێراقدا کە قۆناغو شارستانیەتی (ئورك) بوو ، ئەویش و لەو قۆناغەی پێشووتر گەڵێ پێشکەوتوتر بوو ٠ لەم سەردەمەدا نوسین دەستی پێکردو لە سەر قوڕو دیوارەکان دەیان نوسی و گۆزەو دیزەی جاکیان دروست دەکردو زیانی گۆزەگەری بەهەریەکێ لە و قۆناغانەدا گۆڕانو دیاردەی تازەی بەسەردا دەهات ٠

بەلام لە سەردەمی عوسمانیەکاندا گۆزەگەری کەوتە قۆناغێکی واوە کە ئالتونجی و هونەرمەندەکان کاشی شینی جوان و ڕەنگاوڕەنگ دروستبکەن و گەڵێ نەخش و بەرهەمی ئەوتۆش بهێننەکایەوە کە وێنەی سێو و سەوزو شین و نەخشیفراوی لەسەر دروست بکەن ٠

جیهانی منال

چیرۆك بۆ منداڵان

فێڵبازیش دەخەڵەتێ

نووسینی : ئیلین پێلین

حەسەنی قزلجی

کردوویە بەکوردی

جارێکیان مام ڕێوی لە قەراخ گوندێك قازێکی قەڵەوی گرت ٠ توند پەنجەی بەسەردا گرتبوو ٠ خۆی ئامادە کردبوو وردە وردە بیخوا ٠ بە زمانێکی شیرین لێی پرسی :

ـ قازە قەڵەوەکە ! ئەگەر ئێستا تۆ لە جێگای من بوویتایە چت لە من دەکرد ؟

قازەکە وەڵامی دایەوە :

ـ ئوو ، ئەوەندەی نەختێ بیرم لێ نەدەکردەوە ٠ دەس بەجێ دەستم بۆ لای ئاسمان هەڵدەهێنا ، چاوم دەنووقاندو شوکرو سوپاسێکی گەرمی خودام دەکرد کە نیوەڕۆژەیەکی ئاوا بەتامو لەزەتی بۆ منداڵەکانم ناردوە ، پاشان ٠٠ تۆم دەخوارد ٠

ڕێوی یەکە گوتی :

ـ ئێی ، زۆر عاقڵانەیە ٠٠ منیش وادەکەم ٠ مام ڕێوی چەبۆلەکانی بۆ لای ئاسمان بەرز کردەوە ،چاوە شۆڕەکانی نووقاند تا دوعاکە بخوێنێ ، بەلام تەواو لەو وەختەدا کە خەریك بوو بڵێ : « سوپاس بۆ تۆ پادشای ئاسمانەکان ، بۆ ئەم نیوەڕۆژە خۆشە » گوێی لە فڕەی باڵ بوو ٠ چاوی هەڵینا ٠٠ دیتی قازەکە چۆن بەرز ٠٠ بەرز فڕیوە! لەداخانا پەشۆکا ٠

پەلکەزێڕینە بەوێنەی میدالیا ـ یەك پێکەو لەنگەی دڵەکەی پێکەوە دەبەستنەوە خۆریشی تێدا هەڵدێ ٠ ئەستێرەش چاوی تێدا دەپشکوێنێ مانگیش مەلەی تێدا دەکات ئەوەندە ناسکە ،لەیەك کاتا پێدەکەنێ و دەگرێ و ورك دەگرێتو ژیردەبێتەوە ٠٠

بۆیە سەیر نیە کە کەلە نووسەرەکانی جیهان دانیان بەوەدا نابێت کەوا چوونە ناخی ئەم جیهانە شتێکی سانانیە ٠

● نەژاد ●

وێنەودەنگ

دەگاتە فیل و تا دەگاتە بەرزو گەورەترین درەختو باریکەلەو ناسکترین پەلکەگیا ٠٠

منداڵ خۆی بچوکە ، بەلام دڵی بەقەد ئاسمان گەورەو فراوانە ٠٠ هەر وەکو ئاسمانیش چار هەیە هەور دایدەپۆشێ و زۆر جاریش جیهانی فراوانی منداڵ ٠٠ سەرسامی و واقوڕمان ، پڕبەسانای جیهانەکە خۆی ڕاستی و جوانی و ئێستا سووکی تێدا کۆ دەبێتەوە ٠٠

هەموو شتێك لەم جیهانەدا نرخی خۆی هەیە ٠٠ هەموو شتێك ، لە مێروولەوە بگرە تا

ئەم کاتت باش

٠٠ ناوم فریاد خەلیل محەمەدە ٠٠ ساڵی ١٩٥١ لە سلیمانی چاوم هەڵهێناوە بەم ژیانە (ئەندامی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی مەلبەندی کشتی سلیمانی)م ٠

پ : ئەو کارە هونەریانەی بەشداریت تیاکردون ؟

و : لەگەڵی شانۆکەری و هەڵپەڕکێی کوردیدا بەشداریم کردوە ، لەوانە (هاملیت ، تۆلەیەکی بەخوێن شۆڕاو ، هەڵەی دکتۆر ، لالۆ کەریم) ٠٠ لە شانۆو تەلەفزیۆنیدا ٠

پ : هەڵپەڕکێ ٠٠ کە زیاتر خۆتان لەگەڵ ماندو کردوە ٠٠ شانۆش کە هەر لەگەڵیا ئەژی لە نێوان ئەم دوانەدا خۆت چۆن ئەبینی ؟

و : هەر چەندە تا ڕادەیەك هەڵپەڕکی لای خەڵکی شتێکی سادەیە ، بەلام لەناخەوە ئەویش جۆرێکە لە هونەر وپێویستی بە ئەرك و ڕەنجێکی تایبەتی و تەواوە ، بۆ پێکەوە بەستنی لایەنی شانۆو هەڵپەڕکێ ، ڕاستە لە سەرەتامەوە لەگەڵ شانۆدا ئاشنا بووم ، بەلام هەڵپەڕکێو بەشداری کردنم تیایدا کەلێنی پڕ نەکاتەوە ، کە تا ئێستا کادیری هونەریی کەمە ٠

پ : بۆ پێش خستنی شانۆی کوردی ئەلێی چی ٠٠؟

و : زۆر شت هەیە ، بەلام بە کورتی ئەم دووخاڵە گرنگە دەست نیشان ئەکەم ٠ یەکەم: کردنەوەی شانۆی تەواو لە ناوچەکانی کوردستاندا ، کە بەردی بناغەی کارکردنو پێشخستنە بۆ ئەم هونەرە ٠

دووەم : کادری تایبەتی بۆ شانۆ تەرخان بکرێت ، کە نواندن تاکە کاریان بێتو بۆی بەتاڵبن ، زۆربەی کادرەکانمان فەرمان بەرو کاسبکارن ، کە بە تەواوی ناتوانن لە نێوان هەردوو کارەکانیاندا سەرکەون ٠٠

احمد حمەلاو — زنیارس محمد — هیڤین محمد — ساجدە ناظم — فلاح عمر — بەیمان حمید — سامان عزیز — جوان عزیز — تریفە رووف

● هەمو هەفتەیەك ، پارچە شیعرێکی جوان یا قسەی نەستەق یا پەندێکی پێشینان لە سەر دیواری بەرانبەر دوکانە خنجیلانەکەی کاك خالید زامدار دەنوسرێ و هەر کەسێ و بەو شەقامەدا تێپەڕێ بە سەرنجو دڵخۆشیەوە دەڕوانێتە ئەو کارە دڵخۆشکەرەی ئەم هونەرمەندە ٠ ئەوە سەرەنجی ڕاکێشامو ئەم گفتوگۆیەم لەگەڵدا کرد ٠

ـ ساڵی ١٩٥٠ لە سلێمانی لە دایك بومەو قوتابخانەشم گەیاندە پلەی ئاوەندی ، بەلام ئارەزوی هونەری وێنە

ڕێڕەو

هەر پێشکەش کردنێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی ڕاستو دارشتنەکانی ئەگەر لەگەڵ بەرنامەی کاری نیشتمانی و چوارچێوەی گشتی شۆڕش و بۆچوونە ئاوندییەکانیدا ناکۆك نەبن ، شتێکە نەبێ کاری پێبکەن ، هەروەها نەبێ ، ڕەخنە لەشوێنە ڕاستەکەی خۆی دابنرێ ٠

« هاوڕێ صدام حسین »

لەگەڵ

هونەرمەند خالیدی وێنەکێش وخۆشنوسدا

کێشانو خۆش نوسین وای لێ کردم کە واز لە قوتابخانە بهێنم ٠ ئای کە ئیشێکی خراپم کرد !! چونکە لە لەئەنجامی ئیش و تاقی کردنەوەی ڕۆژانەمدا بۆم دەرکەوت کە هونەر گرنگیەکی وای پێ نادرێ لەلای ئێمە ، بەلام من شادمانم بەوەی هاوڕێی هونەرمو هەمو تەمەنم لەگەڵ هونەردا دەبەمە سەر ٠

● وەك : ئەگەر گوتنیت درکیشمەبە ، یان چاکە بکەو پیدە بەدەم ئاوەوە کە ئەمانە ئاموژگاری باو باپیرانانمانن ٠

● ئەی دەربارەی هونەری وێنەکێشان لە ناو میللەتی کوردماندا ؟

ـ ئەم هونەرەش وەکو لایەنەکانی تر بێ گیروگرفت نیە ، هەر کە سەمش بە جورێ بیری لێ دەکاتەوە ، لاوانیشمان بە گەرمی پەلاماری خامە دەدەن بەلام با بەلە نەکەن ڕێبازیان دیاری بکەن لەو بوارەدا ٠

● چۆن کاتت لەم دوکانە بچکولانەیەدا دەبەیتە سەر ؟

ـ دەمێکە خەریکی دەردی سەریو لێکدانەوەی خەیاڵەکانم لە تابلۆو نەهێشتنی ئەشکەنجەکانی ڕۆژگارداو هەر کەسەیش بە جۆرێ لێکی دەداتەوەو هەولی بۆ دەدات ٠ منیش لەم دوکانە بچکولانەدا بەرانبەر دیوارەکەی بەرانبەرم خەریکمو خەلکیش خۆیانو وێژدانیان

● چی بە هونەرمەندانی هونەرەکەت ئەلێ ؟

ـ ئای کە نازانم بڵێم چیو چۆن باری ناڵە باری ئەم لایەنەتان بۆ بکەمو نازارەکانیان بخەمە ڕوو کە لە هەمو لایەکەوە پشت گوێ خراون !

● هیوات ؟

ـ بەو هیوایەم هونەری گەلی کورد بەرەو سەرکەوتن بڕواتو بگاتە ڕیزی هونەری گەلانی پێشکەوتوو ، چاوەڕوانی پاشە ڕۆژێکی

ڕونا کی هونەری گەلەکەم دەکەم ٠

حمە سعید حمە کریم

نامادەی کردوە

هەرچارەی نرویسینك

نەمرێی نالی

نازاد عبدالواحد

● (کات) لەنێوان دوێنێو ئەمڕۆ و بەیانیدا ، وەکو ڕووبارێ وایە نە ئەوەستێو نە لە خوڕە ئەکەوێ ٠٠ هەر لێرەوەش گۆڕانو پێش کەوتنی سەرجەمی ئادەمیزاد دەستپێ دەکا ، بەگوێرە تاکە کەسەوەش ئەو ـ کات ـە نزیك بوونەوەو هەستکردنە بەمردن ٠ ئەو بەرهەمەی سیفەتی نەمرێی دەستگیر ئەکا ، ئەو بەرهەمەیە خۆی لەناو ـ کات ـێکی خەستدا دەتوێنیتەوەو جوڵانەوەیەکی بەگوڕ دەداتە ئەو جیهانە نوێیەی بە ووشە دروستی ئەکات ٠٠

● یەکێ لە نهێنی داهێنانەکانی ـ ئالی ـ وەستایەکەیەتی لە ووشەو دروستکردنی جیهانێکی شیعریی وا کە دەتوانین ناوی بنێین جیهانی بەزفرەوانی ـ ئالی ـ ٠

ـ ئالی ـ « کات »ی وەکو نارنجۆکێك خستۆتە ناو ووشەکان ، هەر چەند ڕۆژگار بەسەری دا تێپەڕێ ، تەقینەوەی ووشەکان گەورەتر دەبێ و ئیحای گەورەتر دەبەخشن ٠

ـ ئالی ـ پاڵەوانی شیعرەکانی بەند نەکردووە لە جنگرۆکی ـ کات ـە ئەو ـ کات ـەی ـ ئالی ـ بۆ جیهانە شیعریەکەی داناوە کە بەووشە دروستی کردووەو ئاسمانو ئەستێرەو پەلکەزێڕینەو بەهارو هەتاوی جیاوازەلەو جیهانەی تێیدا دەژین ، بۆیەشە شیعرەکانی تەمسیلی (وەعی) هەموو مرۆڤایەتی دەکا ، هەرچەندە جارێ هەندێ هۆ وای کردووە ـ ئالی ـ وەکو شاعیرێکی جیهانیی گەورە نەناسرێ ٠٠

ـ ئالی ـ کولکە مەلایەك نەبووە ، پشتی بەبەهرەو فەردەی قافیەکانی بەستبێوبەس ، بەلکو شیعرەکانی ڕۆشنبیریەتێکی قوولی ئەو شاعیرە دەرێژی ٠٠ سەرباری موعاناتە گەورەکەی سروشتی ئاوەوەی بەباری هەست کردنێکی وردو قوول دەربڕیوە ، چونکە کاتەکەی وەکو شتێکی میکانیکی وەرنەگرتووە ٠٠ بۆیە بەهەقیانەت دەتوانین واقیعیەتەکەی ـ ئالی ـ ناوبنێین ـ واقیعیەتێکی دینامیکیی زیندوو ـ ٠٠ هەر ئەوەشە وا دەکات هەر کاتێ ـ ئالی ـ بخوێنینەوە شتی نوێمان بێ ببەخشێ وەکو ئەوشتانەی یەکەمجار دەیانخوێنینەوەو دەکەوێتەبەر دڵودیدەمان ٠٠!!

ئەوەی نازانی بیزانە

مناڵە نازیزەکان :

هەر زیندەوەرێك بەرێگای تایبەتی خۆی بایەخ بە بێچووەکانی ئەدات ، وەك باڵندەو کەرویشك و شێر هیلانە بۆ بێچووەکانیان دروست ئەکەن ، بەلام هەموو زیندەورێك وانیە ، زیندەوەرێکی تر هەیە کە « کەنگار »ی پێ ئەوترێ ٠ کە کیسەیەك بەسکیەوەیەتی ، کە بێچوی ئەبێ لەو کیسەیەدا هەڵی ئەگرێو بۆ هەرلایەك بڕوات لەگەڵ خۆیدا ئەیبات ٠

ـ چیناز نامادەی کردوە ـ

خشتەی بیرکردنەوە

مناڵە خۆشەویستەکان ٠

بۆ زاخاوی مێشك ماوەیەکی کەم ئەگەل پڕکردنەوەی ئەم خشتەیەدا بڕئەسەر ٠ ٠

ئەستونی : درێژی

(١) تازە تەمەن ٠
(٢) بە بەیداخ ئەڵێن ٠
(٣) گەورەتە ـ پێچەوانە ـ
(٥) بە داویش ئەگرێ ٠
(٦) سەدەیەکی گەورەیە لە کوردستان ٠ (بەربەستێکی گەورەیە) ٠

ئاسۆیی : پانی

(١) پاشماوەی مادن ٠
(٢) هەمو کەستێك هەیەتی ، سەرچاوەیەکی ژیانە ٠
(٣) لەدوی ئەستونی ئەچێ، بەشێوە زمانی هەولێر واتە چۆن ، (پێچەوانە) ٠
(٤) یەکەمجار هی باڵندەبوە (پێچەوانە) ٠
(٥) لەئارد دروستئەکرێ٠

نازاد مەحمود

نامادەی کردوە



شنە عثمان امین — هەژار عزیز — عامر عبدالکریم — هێشو محمد — بێخال مصطفی

Institut kurde de Paris

هاوکاری

سالی یەکەمزراوە

١٠ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

ژمارەی تایبەتی

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەیدان، قشلاق، شەقامی الجمهوریة،
تەلەفۆن ٢/٦٨٣١١

سەرنووسەر: محمد امین محمد

● دووشەممە ٩ی کانوونی دووەم ١٩٧٨ ژمارە ٤٠٨ ●

● الاثنین ٩ کانون الثاني ١٩٧٨ العدد ٤٠٨ ●

لەم وڵاتەدا ئەمڕۆ هاووڵاتیان هەمو لەبەری شۆڕشرو ڕتیازە بێ‌گەردەکەی دەخۆن ٠٠ ئەویش لە ڕێگای ئەوەوە کە هەست بەسەربەرزی‌و کەرامەتی خۆیان دەکەن ٠

سەرۆکی فەرماندە
احمد حسن البکر

سەرۆکی فەرماندە: پێویستە پاسەوانێکی ڕیای بەرژەوەندەکانی گەل و نیشتمان بن

هاوکاری: ٨ ساڵ خزمەت لە پێناوی بەهێزکردایەتی و یەکێتی نیشتمانی و پێشکەوتنی گەل و وڵاتدا «ل ٥ و ٦»



سەرۆکی فەرماندە پیرۆزبایی لە هێزەکانی ئەمنی ناوخۆ دەکات

سەرەك کۆمارو فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان مەهیب احمد حسن البکر داوای لە هێزەکانی ئەمنی ناوخۆ کردووە کە هەستی بەرپرسیاریان لە خزمەتکردنی گەل و ئامانجەکانیدا زیاتر بایەخی پێبدەن ٠٠ ئەمەش لەو نامە پیرۆزباییەدا هاتووەکە دوێنێ سەرۆکی بەڕێز بە بۆنەی جەژنی پۆلیسی نیشتمانیەوە کە ڕێکەوتی ئەمرو ئەکات ئاراستەی هێزەکانی ئەمنی ناوخۆی کردبوو ٠٠ سەرەك کۆمار لەنامەکەیدا داوای لەو هێزانە کردووە کە پەرە بە قیەمی گیانی خۆلیبوردن و قوربانیدان لەناو ریزەکانیاندابدەن لە پێناوی هێنانەدی دروشمەکەیان «هێزی پۆلیس لە خزمەتی گەلدایە» ٠

ئەمەش دەقی نامەکەی سەرۆکی بەڕێزە ٠٠

لە سەرەك کۆمارو فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە بۆ هێزەکانی ئەمنی ناوخۆ ٠٠

زۆر دلخۆشم کە لە ڕۆژی جەژنەکەتان جەژنی پۆلیسی نیشتمانیەوە گەرمترین پیرۆزبایتان ئاراستە بکەمو ستایشی ئەرکە بەردەوامو خێرەومەندەکانتان بکەم وەك هێزێکی کاریگەر لە هێزەکانی گەلە نە بەردەکەمان لە پاراستنی‌و پارێزگاری‌کردنتان لە ئاسایش‌و دڵنیایی ئەو گەلەدا ٠

ڕۆڵەکانم ٠٠ بەم بۆنەیەوە ئەمەوێ ئەوەتان بۆ ڕوون بکەمەوە کە هەموومان ئەزانین کە بارێکی هێجگار گران لە ڕژێمە دواکەوتووە کۆنەکاندا بۆمان ماوە ئەو ڕژێمانەی کە نەیانتوانیوە لە بەرەوەردەکردن‌و ڕێنمایشی خزیان ئەرکی سەرشانی خزیان لەپێناوی خزمەتکردنی گەل‌و ئامانجەکانی‌دا جێبەجێ بکەن ئەمەش وامان لێ ئەکات کە ئەوەتان بۆ دووپات بکەینەوە کە پێویستە هەوڵبدەین‌و تێبکۆشین بۆ نەهێشتنی ئەو جۆرە دیاردانەی کە گەلەکەمان بۆ سالانێکی دوورو درێژ دووچاری بووبوو ٠٠ هەروەها هەنگاوبنێین بەرەو پتەوکردن‌و بەرەپێدانی قیەمی لە خۆبووردن‌و قوربانیدان لەناو ریزەکانی هێزی ئەمنی ناوخۆ لە ئەفسەرو ڕوتبەدارەکانیدا لە پێناوی هێنانەدی دروشمەکەتان‌دا «پۆلیس لە خزمەتی گەلدایە» ٠

سڵاوتان لێ ئەکەمو دووبارە پیرۆزبایتان لێ ئەکەمو دەستان پڕ بەدڵ ئەگوشم کاتێك چاوی بە ئاگاتان وەك پاسەوانێکی وریای بەرژەوەندیەکانی گەل‌و کۆمەڵ بە هەموو چینەکانیەوە نانوێت بۆ ئەوەی بەکامەرانی‌و بەختیاری‌و دڵنیایی لەژێر سایەی شۆڕشە پیرۆزەکەتاندا شۆڕشی هەڤدەی تەموزو دەسکەوتە گەورەکانیدا بەسەرکردایەتی حزبی شۆڕشی عەرەب حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بیانگرێتەوە ٠٠ ئێستا سڵاوی خواتان لێبێت ٠

موهیب احمد حسن البکر
سەرەك کۆمارو فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان

هاوڕێ صدام حسین وەك دڵسۆزانە بۆخزمەتی گەل و پارێزگاری‌کردن وە دەسکەوتە مەزنەکانی بدەین

بەبۆنەی بیرەوەرانەی دامەزراندنی هێزی پۆلیسی عیراقیوە فەرمان ڕۆکن صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕش پیرۆزبایی لە کارگێرانی هێزی ناوخۆکردوە ٠

بەڕێز جێگری سەرۆکیدەن ٠

ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئەمەش تەواوی شۆڕش لە بروسکەیەکدا کاوسکەکەیە ٠٠

بەم بۆنەیەوە بۆ ئەفسەرو بەبۆنەی بیرەوەریی ڕوتبەدارو کارگێرانی هێزی پۆلیسی دامەزراندنی هێزی ئەمنی ناوخۆی ناردوە ئەوەی لیسی عیراقەوە لە قوڵایی نیشانداوە کە شۆڕش‌وەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەمو ڕۆڵەکانی گەل باوەریان بەوەی شۆڕش‌و ڕۆڵەکانی هەوڵو تەقەللا خێرخوایە هەیە لەتان بۆ دەردەبڕم بەرامبەر کە بۆ پارێزگاری هاووڵاتیان‌و هەوڵو تەقەللا دڵنیایی‌و حەوانەوەیان ئەستۆزانەیەی بۆ پارێزگاری هاووڵاتیان‌و دڵنیایی‌و حەوانەوەیان دەیدەن ٠

بە هۆی چاك تێ‌گەیشتنان لە بیرو باوەڕەکانی حزبەکەتان‌و بە چاکی جێبەجێ‌کردنی ئامۆژگاریی سەرکردایەتی شۆڕش نوارینە دەزگاکانی هێزی ئەمنی ناوخۆ، نوارێنێکی بەڕێزو پڕ باوەڕە بە پێچەوانەی سەردەمە گۆڕکراوەکانی پێشوەوە کە دەیان‌ویست دەزگاکانی ئەمن بکە ئەچەقۆی سەر ملی میللەت، چونکە ئەو سەردەمانە لەگەل دەترسان، ئەویش بەهۆی ئەوەوەی دژی خواستەکانی بون‌و بەزۆر خۆیان بەسەریا سەپاندبو ٠

داوای سەرکەوتن بۆ هەمو لایەکتان دەکەم، بە هەمولایەکمان ئەوبەری هەوڵی دڵسۆزانە بۆ خزمەتی گەل‌و پارێزگاری شۆڕش‌و دەستکەوتە مەزنەکانی بدەین، با ڕاستەقینەو دڵسۆزانە بۆ بەختیاری ڕۆڵەکانی ئەم گەلە مەزنەمان کۆشش بکەین، خواوەیە ٠٠

صدام حسین

بەڕێز وەزیری ڕاگەیاند: هیوادارین هاوکاری کەمبێت دەنگێکی ڕاستگۆی گەلی کوردمان بێت

لە گەرمەی ئەو ئاهەنگانەیکە گەلەکەمان لە بیرەوەری بەنجاوحەوت ساڵەی دامەزراندنیدا نەبەزەکەی دڵخۆشی‌و شادمانی بەدەستکەوتەکانیدا کە بۆ مسۆگەر کردنی ژیانێکی خۆشتر بۆ ئەمەو چینە بەجۆرەکانی ڕۆڵەکانی گەل لە هەمو بەشێکی ئەم خاکەدا ئەگیڕی ٠

هاوکاری‌دا کە دەسکەوتێکی ترە لە دەسکەوتەکانی شۆڕش‌و حزبە سەرکردەکەی کە پێشکەشی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان کردووە ٠٠ ئەو دەسکەوتەی کە بەسەرچاوەیەکی سەرەکی‌و هەمیشە بۆ بیری پێشکەوتنخوازانە کە باوەڕی بە یەکێتی نیشتمانیەوە هەیێت ئەژمێرێتو بەوووشەی دڵسۆزو قسەی ڕاستگۆو ئاراستەی نیشتمانی پێشکەوتنخوازانە مێژوی ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان زاخاو ئەکات ئاهەنگ ئەگێرین ٠٠

حکومەتی شۆڕشیش هەموو هۆیەکی پێویست بۆ گەشەسەندن‌و پێشکەوتنی ئەم سەرچاوەیە لەڕووی هونەری‌و دارایی کە لە توانایا بێت ئەو ئەرکە نیشتمانیە گەورانەی کە پێسپێراوە بەجێ‌بێنێت ئامادەی کردووە ٠

لەو کاتەی کە گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی کرێکارانی ڕۆژنامەی هاوکاری ئەکەم ٠٠ ئاواتە خوازم کە پێشبکەوێ‌و بەخشەشکانیان بۆ شۆڕش‌و سەرکردە ژیرو داهێنەرەکەی کە گەورترین ٠ دەسکەوتی هێناوەتەدی

بڕوانە: ل: ٩

بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری و لەوبارەی پیرۆزبایی لە دەستەی نووسەرانی هاوکاری ئەکات

خوشك و براکانم

خۆم بەبەختیار دەزانم کە بەبۆنەی مەشتەمین بیرەوەری دەرچوونی «هاوکاری» یەوە پیرۆزبایتان لێبکەمو دەستی هەمووتان بەگەرمی وەبگووشمو سەرکەوتن‌و دڵسۆزی زیاترتان لە بەرهەڤووربردنی ڕادەی پەرەسەندن لە ڕێڕەوی کارەکەتاندا بۆ بەناوات بخوازم بۆ گەیاندنی بیری شۆڕش بەکۆمەڵانی گەلەکەمان لە ژوورووی وڵاتدا ٠

دەرچوونی ڕۆژنامەی «هاوکاری» بەشداری یەکی کاریگەرە لە قووڵکردنی وشیاری جەماوەرەکەمان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بە پێویستی‌ی سووربوونی تەواو لەسەر پاراستنی ئەو دەسکەوتە مەزنانە کە شۆڕش بۆ خێرایەبەرپێدانی ناوچەکە پێشکەشی‌کردوون بەچەشنێك کە لەگەل شوێن‌و پایەی ئەو یاسای ئۆتۆنۆمی‌یەدا ڕێنبکەوێ کە شۆڕش دایناوەو لە ئەنجامی لێزانی‌ی سەرکردایەتی سیاسیدا ڕێ‌وشوێنێکی چارەسەری ئاشتی‌یانەو دێموکراتی‌یانەی کێشاوە کە لە گەل ئەو ئامانجانەدا دەگونجی کە گەلەکەمان لە هەموو جێگایەك بەروای پێیان هەیە ٠٠

دەرچوونی ڕۆژنامەی «هاوکاری» هەروەها وە دی‌هێنانێکی بەکردەوەیە بۆ یەکێك لە بەرچاوترین دەسکەوتەکانی گەلەکەمان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا کە بریتیە لە وەرگرتنی مافە ڕۆشنبیری‌یەکان‌و ئازادی هەستی لێپرسراوی‌یەوە لە بەکارهێنانی ئەومافەدا، ئەوەش شان‌بەشانی دامەزراوە ڕۆشنبیری‌و زانستیەکانی‌تر ٠

من لە کاتێکدا ئەو مونەسەبەتە بەدەرفەتێك دەزانم بۆ ئەوەی پیرۆزبایی هەوڵ‌و تێکۆشانتان لێبکەم، هیوادارم ڕۆژنامەکەتان لە کاتێکدا ساڵی نۆیەمی دەستپێبکا کە زیاتر سووربێ لە سەرخزمەتی ئامانجەکانی گەلەکەمان لە ڕێگای خزمەتی ڕۆژنامەگەری‌و ڕۆشنبیری نیشتمانی‌و پێشکەوتنخوازانەی کوردی‌یەوە لە سێبەری شۆڕشی حەفدەی تەموزو لەسێبەرو چاودێری‌و پشتگیری فەرماندەمان سەرۆك احمد حسن البکرو هاوڕێی تێکۆشەرمان صدام حسین‌دا ٠ ئیتر بۆ پێشەوەو سوپاس ٠

کریم محمود شنتاف
وەزیری ڕۆشنبیری‌و هونەر

بەڕێز وەزیری گواستنەوە: هاوکاری وەکو ڕۆژنامەیەکی پێشکەوتنخواز دەوری خۆی بینیوە

ڕۆژنامەگەری کوردی لە پێش شۆڕشدا وەك ئێستا بەشێکی زۆری لە پشتگیری‌ماددی‌و مەعنەویدا نەبوو، چ‌جای ڕۆژنامەگەری پێشکەوتنخوازانە کە بەربەرەکانی دەکراو بەدەستەوەبوونی بەتاوان دادەنراو هەرکەس لێی‌گیرابایە ڕەوانەی بەندیخانە دەکرا ٠ شۆڕشگێڕان ناچاربوون ڕۆژنامەکانیان بەنهێنی دەربکەن‌و خۆیان تووشی مەترسی‌و ڕاونان بکەن ٠ لە گەل هەمووی ئەوانەشدا کۆمەڵانی گەل بەدەنگ ئەو ڕۆژنامانەوە دەهاتن‌و بڕواو پشگیری‌و پارێزگاری خۆیان پێ‌دەبەخشین، هەربۆیەش ئەو ڕۆژنامەگەری‌یە پێشکەوتنخوازانەیە توانی خەباتی خۆی بۆ بەرگری لە مافە بنەڕەتیەکانی گەل‌و پەردەلادان لە ڕووی هەلوێستی ساتەو سەوداکەرانەو خەیانەتکارانەی کاربەدەستە کۆنەپەرستەکان درێژە پێ بداو بە لێوەشاوەیی بناخەکانی شۆڕش (استیعاب) بداو بە لێوەشاوەیی بنچینەو ڕێگایان بۆ خۆش بکا ٠ لە کاتێکدا ڕۆژنامە کۆنەپەرستەو دەستەڕاستیە کوردی‌و عەرەبیەکان لە سەر سەدەفەی

بڕوانە: ل: ٩

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەلەمانیای دێموکراتی بەگەرمی پێشوازی سەردانەکەی جێگری سەرکۆمار ئەکەن

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەلەمانیای دێموکرات، بایەخێکی زۆریان داوە بەسەردانەکەی بەڕێز طه محی‌الدین معروف جێگری سەرکۆمار لەو وڵاتە دۆستە کە پێرێ دەستی پێ‌کرد ٠

بەیامنێری ئا٠ د٠ ع دەڵێ کەوا ڕادیۆی بەرلین ڕاپۆرتێکی دوورو درێژی لەبارەی ئەو دەسکەوت‌و ڕاپەڕینە سەرانسەرەوە پێشکەش‌کردوە کە وڵاتەکەمان لەژێر سایەی سەرکردایەتی سیاسی حزب‌و شۆڕشدا بەخۆیەوە دەیبینێ ٠

ڕۆژنامەی نویزدویچلاندی ئۆرگانی حیزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی ئەلەمان گرنگی‌ی سەردانەکەی بەڕێز معروفی بەسەرۆکایەتی وەفدێك لەسەر ڕێبازی قووڵکردنەوەو پتەوکردنی پەیوەندی‌و هاوکاری ناوکۆیی هەردوو وڵاتە دۆستەکە دەرخستوە ٠

ڕۆژنامەکە، هەروەها، ڕاپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە لەبارەی ئەو پەیوەندیانەوە کە

بڕوانە: ل: ٩

هاوڕێ دوکتۆر حنیف الرزاز چاوی بە ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی ئاسایشی هەنگاریا ئەکەویت

دوێنێ هاوڕێ دوکتۆر حنیف الرزاز یاریدەری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست چاوی بەخاتو ایلزنا تاشبشتیات ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی ئاسایشی هەنگاریاو ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی جیهان‌و وەفدەکەی‌لەگەلیابوو کەوتووە ٠

لە چاوپێکەوتنەکەدا کە بەڕێز عزیز شریف سکرتێری گشتی ئەنجومەنی ئاسایش‌و هاوکاری نیشتمانی‌و هاوڕێ بەڕێوەبەری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە سەرکردایەتی ئەتەوایەتی حزب ئامادەبوون ٠٠ هاوڕێ ڕزاز باسی ئەو گۆرانکاریە گەورانەی کرد کە لەمەوو ڕوویکەوە لەوڵاتەکەماندا باسی بارودۆخی ئێستای ناوچەی عەرەبی کردو بە تایبەتی دوای سەردانەکەی ساداتی خاین بۆ خاکی داگیرکراوو ڕوونی کردەوە کە مەبەستی ئەم سەردانە گەمارۆدانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبو جیهانە ٠٠ ئەمەش بەشێکە لەپێلانێکی دوورو درێژ کە ئیمبریالیزمەکان پەیڕەوی ئەکەن بۆ قایمکردنی شوێن پێی‌خۆیان لەو ناوچەیەدا ٠ هەروەها ووتی ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئەرانەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیدان‌و ئەوانەی دژ ئەو جووڵانەوەیە لەیەك جیابکرێنەوە ٠

بڕوسکەیەکی پیرۆزبایی بەڕێز وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەبۆنەی بیرەوەری هەشتەمی دەرچوونی هاوکاری

بەڕێوەبەری گشتی‌ی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی بەڕێز.

بەو بۆنەیەوە کە ڕۆژنامەی‌هاوکاری بەڕێز پێی‌ناوەتە تۆهەم سالی دەرچونیۆخۆشحالم بەوەی کە ڕێزو پیرۆزبایم بە ئێوەو دەستەی‌نوسەران‌و هەمو کارگێرانی دەزگاکە بگەیەنم، هیوادارم‌لە ژێر سایەی شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمموزی پیرۆزدابەرەو پێشکەوتن‌و گەشانەوەی فراوانتر بڕوات‌و، شۆڕشی‌تەمموز ئاسۆی ڕاپەڕین‌و پێشکەوتنی ڕۆشنبیری لەکوردستان‌دا گەورەتری بکات ٠

هیوامان ئێجگار گەورەیە بەوەی دەزگاو دەستەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرێکان ئەرکی تەواوی خۆیان هەڵگرن لە بەهێزکردنی یەکێتی نیشتمانی‌و بڵاوکردنەوەو چەسپاندن‌و قووڵکردنەوەی تاقی کردنەوەکانماندا‌و لە بەرگری‌و پارێزگاری‌کردن لەو دەستکەوتە بەردەوامو گەورەو مەزنانەی سەرکردایەتی سیاسی لە هەمو مەیدانەکاندا وە دەستیان دەهێنێ ٠

سەرکردایەتی حزبو شۆڕش لە سەر بنچینەیەکی نوێ‌و بەپێی بۆچونێکی زانستی‌و مەبدەئیانە دۆخێکی لە بار بۆ ڕاپەراندنی زانست‌و ئەدەبو ڕۆشنبیری‌و بۆ بۆژاندنەوەی کەلەپورو پەرەپێدانی خەسیەتە ئەتەوایەتەکانی گەلی کورد هێناوەتەکایەوە، ئەویش بەدەرکردنی زنجیرەیەك یاساو ڕژێمو ئامادەکردنی کەرەستەی پیویستی بۆ

بڕوانە: ل: ٩

لایەنێکی گفتوگۆی نیوان‌ئەنور ساداتی فەرمانڕەوای میسرو سەرۆکی سۆدان‌جەعفەر نەمیری ٠
وێنەیەك بەرادیو ئا٠ د٠ ع

Institut kurde de Paris

بەبونەی بیرەوەری هەشتەمی دەرچوونی هاوکاری :

لێپرسراوان و رۆشنبیری کورد بۆ « هاوکاری » ئەدوێن

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان :

« هاوکاری » پێشەنگی هەمە ئەو رۆژنامانەیە کە بەزمانی کوردی دەرئەچ

بیرەوەری تێپەربوونی هەشتسال بەسەر دەرچوونی رۆژنامەی هاوکاریدا بەهەڵدەزانین و بەم بۆنەیەوە گەرمترین پیرۆزبایی لێدەکەین ئەو بابەتانەی کە ئەم رۆژنامەیە پێشکەش بەخوێندەوارانی کردووە ، هەروەها جێگایەکە بۆ خاوەن قەڵەمە نەترس و خێرخوازەکان ..

ئەو بارە ناخۆشی و عەرەبی و جیهانیانەی کە ئەم رۆژنامەیە چارەسەری ئەکات کارێکی زۆری کردۆتە سەر هۆشیارکردنەوەی جەماوەری کوردی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، سەرەرای ئەمەش شان بەشانی هێزەکانی تری زاگەیاندن لە بێناو چەسپاندنی یەکێتی نیشتمانی و برایەتی و یەکگرتنی نەوەی یەك میللەت لە عیراقی شۆڕشدا تەقەللا ئەدات ، پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی حەفدەی گەلاوێژ ئەم رۆژنامەیە زیاتر بەرەی سەندو توانی بەشێوەیەکی کاریگەر مەسەلەی کورد روون بکاتەوەو بەردە لەسەر ئەو تاقمەش هەڵداتەوە کە نیازی وێران کاریان هەبوو ، هەروەها ببوونە تەگەرەش لەبەردەم رەوتی شۆڕشە بێشکەوتنخوازەکەدا کاتێ کە دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیش هاتنە ئاراوە ئەم رۆژنامەیە کەوتە بڵاوکردنەوەی چالاکی و جموجوڵیەکانی ئەم دەزگایانەو بەرۆڵەکانی گەلێ کوردی دەناساند .

ئەم رۆژنامەیە تا ئێستاش چ لەبابەت روخسار لەبابەت ناوەرۆکەوە یا بێشەنگی هەموو ئەو رۆژنامانەیە کە بە زمانی کوردی لە عیراقدا دەرچ

بەم بۆنە بیرۆزەوە سەرکەوتن بۆ بنەمە هاوکاری و هەموو کارما دەخوازین لەبێناو خزمە کردنی ئامانجەکانی شۆ حەفدەی گەلاوێژی نەمە ووشەی خێرخوازدا .

محمد علی امین
سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادا
ناوچەی کوردستان

مامۆستا صالح حیدری :

« هاوکاری » تائێستا بەپێی توانا خزمەتی ووشەو زمان و ئەدەبی کوردی کردوە

یەك لەناواتە گەورەکانی میللەتی کوردبوو ، کە رۆژنامە یەکی سیاسی بەزمانی کوردی بەرێکوپێکی دەربچێ ، ئەوە بوو پاش شورشی چواردەی گەلاوێژی ساڵی ٩٥٨ چەند رۆژنامەیەکی سیاسی کوردی دەرچوو ، بەڵام زووری پێ نەچوو ، زینەدە بەجاڵ کراو دەنگی ووشەی کوردی کپ کرا، بەڵام شورشی ١٧ـ٣٠ی گەلاوێژی ساڵی ٩٦٨ ، دانی بەمافی رۆشنبیری ی کورد ناو بریاری دا کە رۆژنامەیەکی کوردی هەفتەیی بێتە کایەوە .

لەو رۆژەی کە یەکەم ژمارەی (هاوکاری) تیادا دەرچووە تائیستا دریغی نەکردوە بەپێی توانای لە خزمەتکردنی ووشەو زمان و ئەدەبی کوردیەوە لە تەك گۆڤار و رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی کوردی تردا .

ئومیدەوارین بە بۆنەی بیرەوەری دەرچوونی لە نۆی کانونی دوەمدا وتێ بەر بوونی هەشت ساڵ لە تەمەنیادا ، کە بەرەوپیش بروات و لابەرەکانی هەستی دەروونی گەلی کورد دەربخات و لە بێناو ژیانێکی پڕکامەرانی وسەرفرازی و پیش کەش کردنی بەرهەمی نەتەوایەتی کوردی بیشکەوتن خواز بۆ ئەوەی ئاسۆی رۆشنبیری کورد رۆن و بەگەشتر بیت .

وە ئەم رۆژنامەیە رەنگئو روخساری کوردەواری پێوە دیار بێتو هەمیشە لاپەرەکانی تەرخان کات بۆ خزمەتکردن وگەشەپیدانی کە لە پوورە نەتەوایەتیمان و باوەش بکاتەوە

بۆ نووسینی پیشکەوتنخوازو شان بەشانی رۆژنامەکانی تردا هەنگاو بەرەو پیشەوە چوون هەڵێنی و ئاسۆیەکی تر لە بەردەم خوێندەواران و نووسەرانی کارامەو لێ هاتوو بکاتەوە ..

ئیتر بۆ پیشەوە لەگەڵ رێزو سلاوم .

مامۆستا محمد ملاکریم :

دەرچوونی « هاوکاری » ئاواتێکی گەشی هەموو دڵسۆزانی ئەم گەلە نیشتمانە بو

بە دەرچوونی ئەم ژمارەیە ، « هاوکاری » پێ ئەنێتە ساڵێکی نوێی تەمەنیەوە . لەگەڵ هەنگاوێکی تازەی بەرەو پێش چوونیشدا پێ ئەنێتە ئەم ساڵە تازەیەی تەمەنیەوە کە ساڵی هەشتەمیەتی . ئەوەتە ئەوە چەند مانگێکە ، بۆ یەکەمجار لە مێژووی ژیانیدا ، هەفتەی دووجار دەرئەچێ . هەروەها لەگەڵ گورێکی تازەشدا پێ ئەنێتە ئەم تەمەنە تازەیەوە .

دەرچوونی هاوکاری ئاواتێکی گەشی هەموو دڵسۆزانی ئەم گەلە نیشتمانە بوو . بەڵێ راستە گەلی کورد بەر لە دەرچوونی هاوکاریش گەلێ رۆژنامەو گۆڤاری بووە . هەروەها پاش دەرچوونیشی گەلێ رۆژنامەو گۆڤاری تری بووە . بەڵام بە هیچ جۆرێ ناتوانین ئەو راستیە پەرچاو نەکەین کەوا تێکرای ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە لەبەرئەوە کە یا هیچ تاقەکەس یا هیچ چەند کۆمەڵە و پارتیەکی بێدەسەڵات و هەمیشە سەرکوتراوەو بەر جەزرەبەو ئەشکەنجە بوون، نەیانتوانیوەو دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڵواوە ئەو خزمەتەی لەسەر شانیان بووە بەئەواوی و بە ئارەزووی دڵی خاوەنەکانیان بەجێی بگەیەنن . هاوکاری رۆژنامەی دەوڵەت بووە . دەوڵەتیش دەوڵەتێکی نیشتمان پەروەرو دژ بە ئەمپریالیزمو رێگای پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی گرتووەبەر بووە . بۆیە ، لەگەڵ هەموو کەمو کورتیو کەندو کۆسپێکی رێگاشدا ، چ لەبارەی تەکنیکو چ لەبارەی توانای ئابووریو چ لەبارەی پشتیوانی لێکردنی دەوڵەتو لە رووی رێبازی سیاسیەوە ، تێکرا مایەی رەزامەندی بووەو دڵسۆزان لەگەڵیدا لە یەك بەرەدا بوونو هەوڵی گرتنی کەلەبەرەکانیو بەرەو پێشەوە بردنیان داوە .

من ئاواتم ئەوەیە لەم ساڵە تازەیەشیدا هاوکاری بتوانێ لە هەفتەی دوو جارەوە ، لە قۆناغی یەکەمدا بێ بە هەفتەی سێ جارو پاشانیش بێ بە رۆژنامەیەکی رۆژانەو بەیەوەندی لەگەڵ هەموو نووسەرانو رۆشنبیرانی کورد بێگومانە جیاوازیی بیروباوەڕی نیشتمان پەروەرانەیان بەهێزترو بەتینتر بکاو ، بتوانێ پتر لە دەوری خۆیان کۆیکاتەوەو ، هاوکاری کردنی لەگەڵ رۆژنامە کوردیەکانی تر (بیری نوێ)و (عێراق) پتەوتر بێ .

هاوکاری لەم ساڵانەی تەمەنیدا خزمەتێکی زۆری بە هەموو سەرێکی کولتووری کورد کردووە . چاو گێڕانەوەیەك بە پێرستی بابەتەکانی ژمارەکانی ئەم هەشت ساڵەیدا ، ئەم راستیەمان بەتەواوی ئەخاتە بەرچاو . بەڵام ئێمە ، رۆشنبیرانی کورد ، لەبەرئەوەی دەرفەتی ترمان ئەوەندە لە بەردەستدا نییە حزمەتی کولتووری گەلەکەمانی لیوە بکەین . چاوەڕوانی ریاترین لە هاوکاری .

بەڵام ئێمە هاوکاریمان تەنها بۆ مەسەلەی کولتوور ناوێ . ئەمانەوێ هاوکاری رۆژنامەی کۆمەڵانی گەلیش بێ .. دەنگی کرێکاران و جووتیاران و کاسبکاران و قوتابیان و مووچەخۆران و ئافرەتان و هەموو توێژەکانی کۆمەڵ بێ . هاوکاری پێویستی بە کادری هوشیاری ئەم بابەتانەیە تا بە بەرچاوێکی کراوەو دەروونێکی فراوانەوەو ، بە دەرەتانتر لە ستووری تەسکی (دەزگای راگەیاندن)ی کۆمەڵو سەندیکاکان بتوانێ لە گیروگرفتەکانی ژیانی ئەم توێژو کۆمەڵانەی گەل بنووسێ .

ئەمانەوێ هاوکاری شکاتو سکاڵای خەڵك لە هەموو بێ گوێدانە جیاوازیی بیروباوەڕی نیشتمان پەروەرانەیان بەهێزترو بەتینتر بکاو ، بتوانێ پتر لە دەوری خۆیان کۆیکاتەوەو ، هاوکاری کردنی لەگەڵ رۆژنامە کوردیەکانی تر (بیری نوێ)و (عێراق) پتەوتر بێ .

هاوکاری لەم ساڵانەی تەمەنیدا خزمەتێکی زۆری بە هەموو سەرێکی کولتووری کورد کردووە . چاو گێڕانەوەیەك بە پێرستی بابەتەکانی ژمارەکانی ئەم هەشت ساڵەیدا ، ئەم راستیەمان بەتەواوی ئەخاتە بەرچاو . بەڵام ئێمە ، رۆشنبیرانی کورد ، لەبەرئەوەی دەرفەتی ترمان ئەوەندە لە بەردەستدا نییە حزمەتی کولتووری گەلەکەمانی لیوە بکەین . چاوەڕوانی ریاترین لە هاوکاری .

بەڵام ئێمە هاوکاریمان تەنها بۆ مەسەلەی کولتوور ناوێ . ئەمانەوێ هاوکاری رۆژنامەی کۆمەڵانی گەلیش بێ .. دەنگی کرێکاران و جووتیاران و کاسبکاران و قوتابیان و مووچەخۆران و ئافرەتان و هەموو توێژەکانی کۆمەڵ بێ . هاوکاری پێویستی بە کادری هوشیاری ئەم بابەتانەیە تا بە بەرچاوێکی کراوەو دەروونێکی فراوانەوەو ، بە دەرەتانتر لە ستووری تەسکی (دەزگای راگەیاندن)ی کۆمەڵو سەندیکاکان بتوانێ لە گیروگرفتەکانی ژیانی ئەم توێژو کۆمەڵانەی گەل بنووسێ .

ئەمانەوێ هاوکاری شکاتو سکاڵای خەڵك لە هەموو ژمارەیەکیدا بڵاو بکاتەوە . ئەبێ لە بڵاوکردنەوەی رەخنە سڵ نەکاتەوە . رەخنە رێگای راست کردنەوەی هەڵەیە .. روون کەرەوەی بەرچاوی کاربەدەستانی دڵسۆزە . تەنها ئەوانە لە رەخنە ئەترسن کە ئەیانەوێ هەڵەو چەوتیی خۆیان خۆیان بشارنەوەو راستیچ جۆرێ لەگەڵ گیانی شۆڕشگێڕیدا ناگونجێ .. بڵاوکردنەوەی سکاڵاو گلەیی و گازندەی خەڵك و هەوڵدانی دەرخستنی راستی بۆ کاربەدەستانو بۆ گەلو پەنجەی دیاری کردن خستنە سەر خەتایار ، هێزێکی گرنگی پێکەوە نووسانی گەلو رێژیمە لەسەر بناغەی راستی خزمەتو دڵسۆزی بۆ گەلو نیشتمانو ، خاوێن کردنەوەی دەزگای دەوڵەت لە کەسانی هەڵپەرستو هەڵمەتە کاسەو راڕاو ، ماکی فێرکردنو پەروەردە کردنی هەموولایەنکە بە گیانی دیموکراسیو پاراستنی سوودی گشتی .

هاوکاری لەبارەی خاوێن راگرتنی نووسینی کوردییەوە لە هەڵە ئەتوانێ دەورێکی گەورەو کاریگەر ببینێ . راستەکەی ئەمڕۆ هەر نووسەرێ بە ئارەزووی خۆی ئەنووسێو بەپێی بۆچوونی خۆی رێزمانی زمانی کوردی راگیر ئەکا . لەبارەی چاودێریی رێنووسی راستیشەوە هەر هەمان دەستوور .. زۆر کەمی ئەوانەی بێ هەڵەی رێزمان ئەنووسنو رێنووسێکی تاڕادەیەك رێك و پێکیان هەیە . چارکردنی ئەم ناتەواوییە ئەرکی سەرشانی هەموو رۆژنامەکانە ئەخوازەڵا هاوکاری کە لەبارەی دارایی یەوە دەسەڵاتێکی باشی هەیەو ئەتوانێ سێ چوار کوردی زانی باش (رێزمانو رێنووس) دانێ چاو بە بابەتەکانی هەموو ژمارەکاندا بگێڕ ئەوەو هەڵەکانیان راست بکەنەوە ، تا هەم رۆژنامەکەش راستو رەوانو دروست بێو هەم ئەوەی نوێیش فێری رێزمانو رێنووسی کوردی ببێ .

مەسەلەی سنگ فراوانیش لەناسینی ناوەرۆکی بابەتی ئەدەبیدا کاریگەری گرنگو ئەوکیکی گەورەیە لەرووی رۆژنامەو گۆڤارەکانمانو تێکڕا لە ژیانی کولتووریماندا .

کۆمەڵگای کورد کۆمەڵگایەکی گەلێ جۆرە بیرو باوەڕی سیاسیی ئەتەوەیی و نیشتمانی ئەیبینی ئەیە ئەتە بیرو باوەڕی کۆنەپەرستانەو ئەتانەت سەر بە ئەمپریالیزمیش . ئەمە راستیەیەکە چاو لێ نووقاندنی نابێ بەهۆی نەبوونو هەڵوەشانەوەی . کۆمەڵگای کورد ساڵەهای ساڵ مەیدانی کێشەیەکی سیاسیی بەتینبوونو راستکردنەوەی ئەنجامی ئەو کێشەیە پێویستی بە دریایی و نەرمی و هوشیاریو دیموکراسی هەیە لە یەك کاتدا .. لەم بارەدا کەسانی وایش پەیدابوون نانو پیاز بەهەڵدانەوەی سەرقایی دول دەروونی نووسینو بەرەمی نووسەرو ئەدیبەکانەوە ئەخۆن .. من نامەوێ بڵێم نووسەرو ئەدیبی بەدنیهادو بەدنیازمان نییە . دیارە ئەدیبیش بەشێکە لە کۆمەڵو مادەم لە کۆمەڵدا بیری پاك و بیس هەبێ ، لەوانەیە ئەوە بەرەی ئەدیبانیش بگرتەوە .

بەراستی من زۆر بەزەییم بە بیرو مێشکی ئەوانەدا دێتەوە کە دێن شیعرو نووسینەکان ئاوەژوو ئەکەنو مەعنای راستەقینەی وشە بەرەڵا ئەکەنو بە چرای ڕۆن گەرچەك بەدوای مەعنای مەجازیو کینایەدا ئەگەڕێنو ئەلێن خاوەن بەرهەم ئەوەی مەبەست بووە .. ئەمانە ئەگەر جارێکیش بەسەر راستیدا بکەون ، هەزار جار خەڵکی بێگوناه ئەخەنە جاڵە قورەوە .. کاریوا رێبازی رۆشنبیری راستەقینە نییەو ئاواتە خوازی ئەوەم هاوکاری لە رێبازیوا دوور بێو ئەگەر رۆژێ لە رۆژانیش تووشی ئەم پەتایە بووین ، لێی رزگار ببێ .

ئاواتی دواییم دیسانەوە گەشەکردنی بتری هاوکاریە لە رووی فۆرمو ناوەرۆکیشەوە لە بێناوی سوودی گەلو نیشتمانەکەماندا بەتێکڕایی و هیی گەلی کورد بەتایبەتی ..

دوکتۆر عارف خەزنەدار : هیوام وایە « هاوکاری » ببێتە مەشخەڵی زانیاری لە کوردستاندا

سڵاو و ئامۆژگاری
بۆ دەستەی نووسەرانی « هاوکاری »ی بەرێز

سوپاس بۆ بایەخو بەسەرکردنەوەتان

لەوانەیە ماوەی هەشت ساڵ بۆ تەمەنی رۆژنامەیێك

ماوەیێکی کورت بێ ، بەڵام بۆ دەسکەوتو بڵاوکردنەوەی

زانیاری کورد ماوەیێکی درێژە .. بەرهەم چەند

بەرگێکی پڕسوود بوو لە رۆژنامەکەتان بۆ ئێستاو

هونەری کورد لەدووا رۆژدا .

رۆژنامەی ئێوە لەو رۆژەی لەدایك بووە تا ئێستا تووشی هەڵبەزو دابەز ، تەنگوچەڵەمە ، خۆشی و ناخۆشی بووە ، چونکە لەکۆمەڵ جیا نابێ تەوەو ناوێنەی ژیانی رۆژانەیەتی ، لەپاشانا دەبێ بەموڵکی میژوو . ئنجا ئەوانەی لەمێژوو دەکۆڵنەوە باوەڕ بەکامە نووسینی دەکەن وگومان لەکامیان دەکەن لەژێرتیشکی راستی ، ئەمەیان کاری خۆیانەو من تۆهیچمان بۆ ناکرێ .

لە بەر ئەوەی رێزتان لەئێمە ناوە ، لەم ماوەیەدا وەکو رۆژنامەگەرێك وخاوەن تەجرە بە چەند ئامۆژگاری بێکمان هەیە دیارەلێمانی وەردەگرن :

١ ـ پیاوکە دەستی رۆیی دەبێ لەخۆی بایی نەبێ ، واتە نووسەری رۆژنامە ئەگەر هەڵوێست لەگەڵی بوو دەبی بیر لەدووا رۆژبکاتەوە ، یاخودبیر لەراستی بکاتەوە .

٢ ـ نووسەری رۆژنامە دەبێ بۆ کۆمەڵ بنوسێ ، وە ئەوەی دەشینووسێ دەبێ لەناخی ویژدانی بێتە دەری . نووسەری وام دێتە یاد ئەمڕۆ شتێکی نووسیوە بەپێچەوانەی شتێکی تر ماوەیێك پێشتر بڵاوی کردۆتەوە دیارە لەگەڵ هەردووبارا بووە ، ئەمە عەینی کارەساتە بو بیر .

٣ ـ هەندێ لەنووسەرانی رۆژنامە یا ئەوانەی تێیدا دەنووسن ـ ئەوەکو تەنیا لای ئێوە بەلکو لەهەموو جێیێك ـ رۆژنامەو چاپەمەنی بەهی خۆیان دەزانن ، ئەمە لەراستی دوورەو لە داگیرکردنی مالی خەڵك دەکا ، بیاوناین بەزمانی یەکێکیتر بەحرابە باس لەخەڵکی بکا . رۆژنامە لە هەڵبەزو دابەزدا تووشی کارەساتی وا دەبێ ، بەڵام گرنگ ئەوەیە سوود لە هەڵەوکەرتنو ناخۆشی وەربگرێ .

٤ ـ پارە وەرگرتن لە بەر ئەوەی رێزتان لەئێمە ناوە ، لەم ماوەیەدا وەکو رۆژنامەگەرێك وخاوەن تەجرە بە چەند ئامۆژگاری بێکمان هەیە دیارەلێمانی وەردەگرن :

١ ـ پیاوکە دەستی رۆیی دەبێ لەخۆی بایی نەبێ ، واتە نووسەری رۆژنامە ئەگەر هەڵوێست لەگەڵی بوو دەبی بیر لەدووا رۆژبکاتەوە ، یاخودبیر لەراستی بکاتەوە .

٢ ـ نووسەری رۆژنامە دەبێ بۆ کۆمەڵ بنوسێ ، وە ئەوەی دەشینووسێ دەبێ لەناخی ویژدانی بێتە دەری . نووسەری وام دێتە یاد ئەمڕۆ شتێکی نووسیوە بەپێچەوانەی شتێکی تر ماوەیێك پێشتر بڵاوی کردۆتەوە دیارە لەگەڵ هەردووبارا بووە ، ئەمە عەینی کارەساتە بو بیر .

٣ ـ هەندێ لەنووسەرانی لەسەرنووسین کارێکی یەکجارچاکە ، زاناو نووسەرو هونەروەری وا لەکۆمەڵە پێشکەوتووەکانا هەیە بەکارێکی رەسەن وسەر کەوتوو هەموو ژیانی بەخۆشی دەباتە سەر ، بەڵام لای ئێمە بەداخەوە ، هەندێ جار پارە بۆ داهێنان نییە ، بەلکو « بەرهەمی بێ تام » دێتەکایەوە بۆ مەبەستی پارە ، ئەمەش کارەساتێکی تری ژیانی زانستی وزانیاریە .. لە ماوەی ئەم شەش حەوت ساڵەی دووایی یەدا بەدەیەها ناوی تازە هاتۆتەناو چاپەمەنی کوردییەوە لە هەڵبەز و دابەزەکاندا ، هەندێ لەم ناوانە هەر ووجوودیان نییە ، هەندێکیتریش نووسین نازانن ، یاکوردی نازانن و بەکوردی نووسیوانەو پارەشیان وەرگرتووە . ئەمەم تەنیا بۆ ئەوە بوو کە بە نووسەران بڵێم ئەگەر بیروهۆشو دەروونو ویژدان هانی دان بۆ نووسین ئەوجا دەستبدەنە قەلەم . ئەگەر ئارەزوو نەبوو ، بۆ مەبەسی ترمەنووسن .

ئیتر هیوام وایە کە « هاوکاری » ببێتە مەشخەڵی زانیاری لە کوردستانا ، ماوەی هەشت ساڵ تاقی کردنەوەش کەم نییە بەرەوروووی حیکمەتە هەرە بە نرخەکەی فەیلەسووفی گریکی مەزن سوکراتی بکەین لە دەڵێ « خۆت بناسە ! » .

تەمەنی جاویدانی بۆ رۆژنامەکەتان ، بەختیاری و سەرکەوتن بۆ هەموو ئەوکەسانەی دروستی دەکەن .

بەغدا : ٢٧ـ١٢ـ١٩٧٧
د. عارف خەزنەدار
سەرۆکی بەشی زمانی کوردی کۆلێجی ئەدەبیات ـ زانستگای بەغدا

هەمیشە لەپێناوی کامەرانی خەڵکی کوردستاندا

لە مانگی تەموز ساڵی ٩٥٧ یەکەم ژمارەی گۆڤاری هیوا دەرچوو کەلێنێکی باشی پرکردەوە ، ئیتر لەوساوە خوێندنەوەی کوردی ، دنیای چاپەمەنیو رۆژنامەگەری بو بەخولیای شەو ورۆژم ، بەڵام باری سیاسیو گرتنو خۆشاردنەوەو راونران کۆسپی رێی گەیشتن بە ئارە زوەکانم بو ، لە کاری سیاسی نەچێنیشدا باش بو ماوەیێك لە چاپەمەنیو چاپخانەو مەسەلەی رۆژنامەگەری نزیك بومەوەو شتێکی زیاتری لێ فێر بووم ، بەڵام لەچوارچێوەیێکی تەسکدا ، ئیتر رۆژگار چەندین جار باری سیاسیو کۆمەڵانی خەڵکی گۆڕیو تا گەیشتینە ساڵی ٩٧٠و بەیانی ١١ی مارت مۆرکراو رۆژنامەی هاوکاری کە دەردەچۆ ، منیش هەر بەو ئاواتەوە بووم لە کۆڕی رۆژنامەگەریدا خزمەتی ووشەی پاکی کوردی بکەم ، هەر چەندلە ساڵی ١٩٥٩دا بۆ ماوەیێکی کەم پەیامنیری رۆژنامەی ئازادی بوم لەهەولێر ، بەڵام هیشتا لە گیروگرفتو شارەزایی پەیداکردن لە کۆڕی رۆژنامەگەری دوور بوم ، تالە ١ـ٦ـ١٩٧٠دا لە رۆژنامەی هاوکاری دامەزرام .

جیهانی رۆژنامەگەری هەر ئەوە نەبو کە من تا رادەیێك خوێندنو نووسینی کوردیم دەزانی ، بەلکو جیهانێکی زۆر فراوانو جۆربەجۆر بو .... پێشەکی وام هەست دەکرد منیش وەکو ئەوانی تر واتە : (برایان : سەربەست بامەرنی عەبدوللا عەباس ، کەمال رەئوف ، سەلاح ئاکرەیی ، مەحمود زامدار ...) دەتوانم یەکسەر ئەرکی رۆژنامەگەری خۆم بەجێبێنم ... نەخێر وانە بو وەك بیرم کردبوەوە ، تەنانەت لە نووسینەوەشدا سەبارەت بە سەرو بۆرو ژێر تووشی هەڵە دەهاتم ..! بەڵام « هاوکاری »یش وەك « گەلاوێژ » لایەنێکی تری کوردی زانینی فێرکردم ، بە تایبەتی ئەوکاتەی مامۆستا حلمی عەلی شەریف سەرپەرشتی دەکرد .. لەماوەی شەش ساڵو چوار مانگو پێنج رۆژدا «هاوکاری» زۆر شتی فێرکردم .. نەك هەر ئەمە بەلکو ئەو بابەتانەی « هاوکاری » لە زۆربەی زۆری ژمارەکانی بڵاوکردەوە ، وەك قوتابخانەیێکی ئەدەبیو رۆشنبیرێتی بەهەزاران کەسی بێگەیاندو بەشێکی مێژووی رۆژنامەگەری هاوچەرخی کورد دروست کرد .

بە بۆنەی هەشتەمین مۆمی « هاوکاری » یەوە جوانترین ، ناسك ترین پیرۆزبایی ئاراستەی دەستەی نووسەرانو گشت ئەو کەسانە دەکەم کە هاوبەشیان کرد لە پێشکەوتنیدا .. هیوادارم لە ساڵی نوێی زیاتر خزمەتی ووشەی ، زەسەنی کوردی بکاتو هەمیشە ئالای شەکاوە بێت لە مەیدانی رۆژنامەگەری کورددا لە پێناوی سەرفرازیو کامەرانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان .

ممتاز حیدری

Institut Kurde de Paris

سەرنجێکی ڕۆشنایی لەسەر هەشت ساڵی "هاوکاری"

ئەو باسانەی کە لە (هاوکاری)یدا بلاوکراونەتەوە لەماوەی ئەم هەشت ساڵەدا ، بەژمارە ، ئەمانەن :

سەرووتار	٢٤٥
لێکۆڵینەوە	٥٩٧
هەواڵی ئەدەبی	٣٦٧
هەواڵی ڕۆشنبیری	٢٤٧
هەواڵی هونەری	٣٠٨
ڕیپورتاژ	٥٧٣
هەرجارە نوسینێك	٩٤
گۆشەی ئافرەت	٢٥١
فەرهەنگی زانیاری	٤٨
شیعری وەرگێڕراو	٦٦٥
هەرجارە نوسینێك	٩٤
دەنگوباسی وەرزش	١٩٧
هەمەچەشنە	١٣١٩
هەواڵی ئاوخۆ	٤٦٢٧
هەواڵی دەرەوە	٤٣٣٦
بابەتی ئەدەبی	٦٢٦
فولکلورو قسەی نەستەق	٢٩٠
لەبارەی ماموستاو قوتابیانەوە	٣٢٣
ئاوزێك لەرابوردو	٨٧
کتێبی هاوکاری	١٠٥ بەنەلقە
بیرەوەری	٢٠٢
لەبارەی جوتیارانەوە	٣٠٤
ووتاری پزیشکی	٦٣
یاری گرەو	٥٣
زمانەوانی	٦٠
ڕەخنەو لێکۆڵینەوە	١٩٩
چیرۆك و بابەتی مناڵان	٢٩٧
چیرۆك	٢٦٣
خەباتی کرێکاران	٥١٨
بۆستەی خوێنەران	٢٩١
کاریکاتیر	٣٥
بابەتی هونەری	٣٠٤
بەند	٧٩
لەئەدەبی کەلانەوە	١٨٢
وینەی فۆتۆ	٣٥٨١
وێنەی دەستکرد	٥٠١
ئاگاداری و ئیعلان	٧٤٨

لەم ماوەی ئەم هەشت ساڵەدا (٤١٦) نووسەر ، هاوبەشیان کردوە لە (هاوکاری)یدا ... لەنووسیندا کاك (محمود زامدار) لەهەموو نووسەرەکان زیاتری نوسیوە وە لەنەرجومەو نوسیندا برایان (برهان قانع)و (حمید عزیز) لەهەموان زیاتر هاوبەشیان کردوە ئیتر ئەمانە بەناوی خۆیانەوە بێت یابەزۆری بەناوی خواستەمەتیەوە بووبێ ...

بەرهەمی کوردی لەساڵی ١٩٧٧ دا

نەریمان

ئەگەر ئاوڕێك لە ساڵی ڕابوردومان بدەینەوە ئەبینین کە بەرهەمی کوردیمان لە چاو سێ ساڵی پێش خۆی ج بەژمارەو ج بەقەوارە هەنگاوێکی فراوانی بەرەو پێشەوە ناوە چونکە لە ساڵی ١٩٧٤دا (٤٢) کتێبو لە ساڵی ١٩٧٥دا (٤٦) کتێبو لە ساڵی ١٩٧٦ یشدا (٤١) کتێب بە قەوارەی (٦٠٠٨) لاپەڕە چاپکراوە ، کە چی ساڵی بار (٥٧) کتێبمان لە قەوارەی (٧٤٥٠) لاپەرەدا چاپکراوە ئەمە جگە لە کتێبی قوتابخانەکانمان .

ئەگەر بێتو بەپێی بابەت جیایان بکەینەوە دەبینین کە ئەو کتێبانەی دەربارەی زمانو لیکۆڵینەوە بێت لە سەروی هەمو بابەتەکانی ترەوەیە وەك ئەم خشتەیەی خوارەوە :

بابەت	ژمارەی کتێب	قەوارە بەپێی لاپەڕە
ئایین	٧	٨٣٠
زمان	٥	١٥٨٥
لیکۆڵینەوە	٩	١٩٨٣
بابەتی مناڵ	١	١٦
شانۆگەری	١	١٨٨
پەروەردە	٢	٢٢١
فۆلکلۆر	١	٣٢
رامیاری (سیاسی)	٨	٦٣٩
شیعرو دیوان	١٧	١١٠٥
چیرۆك	٦	٤٥١
هەمووی	٥٧	٧٤٥٠

وە ئەگەر خوێنەری بەڕێز سرنجێکی ئەم خشتەیەی خوارەوە بدات دەبینیت دەزگای ڕۆشنبیری بۆ بڵاوکردنەوەی کوردی ج بە ژمارە ج بە قەوارە لە سەروی هەموو دەزگا ڕۆشبیریی‌یە کوردی‌یەکانەوەیە ئنجا کۆڕی زانیاری کورد :

ناوی دەزگایا کتێبخانە	ژمارەی چاپکراوەکانی	قەوارە
دەزگای ڕۆشنبیری	١١	١٩٥٠
کۆڕی زانیاری کورد	٩	١٦٥٩
کتێبخانەی (ئالی) لە سلێمانی	٤	٢٩٣
کۆمەڵی هونەرو وێژەی سلێمانی	٢	١١٢
بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی	٢	١٩٠
کۆمەڵی ڕۆشنبیری کورد	١	١٢٠

ئنجا یەکە یەکە ناوی ئەو کتێبانەتانە بۆ بڵاوئەکەینەوە کەتا دوا ڕۆژەکانی ساڵی بار چاپکراوە وە بە پێی بابەت ئەیانخەینە بەردەستان واتە (ئایین ، زمان ، لیکۆڵینەوە ، رامیاری ، پەروەردە ، منداڵ ، فولکلور ، چیرۆك و داستان ، شیعرو دیوان ، هتد ...) .

نووسەر — **لاپەڕە**

١ ـ بەهارو گوڵزار ـ مەلا عەبدولکەریمی مودەرس ٣٦٧
٢ ـ بەش کردنی میرات ـ محەمەد مەلا ئەحمەد ١٦٧
٣ ـ سروشت لە تەرازوی ژیریدا ـ محەمەد مەلا ساڵح ٨٢
٤ ـ ڕۆڵە پەروەری ـ محەمەد بالیسانی ١٠٨
٥ ـ چرای ڕوناکی بۆ ڕێگەی پاکی ـ محەمەد بالیسانی ٧٢
٦ ـ باوکە ئادەمو دایکە حەوا ـ موحسین جوامێر ١٦
٧ ـ عەقیدەی مەولەوی ـ ئامادە کردنی ـ محەمەد عەلی قەرەداغی ١٨
٨ ـ نەستێرە گەشە ـ فازل نیزامەدین ٧٧١
٩ ـ قاموسی زمانی‌کوردی ـ عەبدولرەحمان زەبیحی ٣٥٥
١٠ـ وشە ڕۆنان ـ د. عەبدولرەحمان مارف ١٠٤
١١ـ زمانی کوردی بۆ دەستپێکەران ـ د. کامل بەصیر ٢٢٠
١٢ـ چۆن فێری زمانی عەرەبی ئەبیت ـ صابر گرد عازەبانی ١٣٥ چاپی سێهەم
١٣ـ دیوانا مەلای جزیری ـ لیکۆڵینەوەی صادق بەهائەدین ٦٣٩
١٤ـ دیوانی ئالی‌و فەرهەنگی ئالی لیکۆڵینەوەی ـ د. مارف خەزنەدار ٤٢١
١٥ـ حاجی قادری شاعیری شۆڕشگێڕ ـ عەبدولسەتار ئاصیر شەریف ١١٠
١٦ـ لیکۆڵینەوەیەك دەربارەی خەیام ـ ئەحمەد محەمەد ئابلاخی ٥٤
١٧ـ بەشێك لە دیوانی میهری ـ عەزیز گەردی ٩٤
١٨ـ چەند مەسەلەیەکی شیعری ـ شێرزاد عەبدولرەحمان ٦٠
١٩ـ تروسکایی‌یەك لە ژیانی حەسەن زیرەك ـ نەوزاد محەمەد ٤٨
٢٠ـ بیلیۆگرافیای کتێبی کوردی ـ نەریمان ٢٨٦
٢١ـ مەمێ ئالان لیکۆڵینەوەی صالح علی گوللی‌و ئەنوەر قادر ١٦٩
٢٢ـ ڕاپۆرتی سیاسی سەر بەمەشتەمین کۆنگرەی مەریمایەتی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی ـ وەرگێڕ ـ دەزگای ڕۆشنبیری ٣٠٧
٢٣ـ سەنگەرێك یان دووسەنگەر ـ مەهاڵ صدام حسێن ـ وەرگێڕی دەزگای ڕۆشنبیری ٥٧
٢٤ـ پاسای ئۆتۆنۆمی ـ وەرگێڕ ـ دەزگای ڕۆشنبیری ٤٧
٢٥ـ دیموکراتی سەرچاوەی هێزە ـ مەهاڵ صەدام حسێن ـ وەرگێڕی دەزگای ڕۆشنبیری ٢٦
٢٦ـ ڕاسپاردە بۆ شۆڕشگێڕان ـ مەهاڵ صدام حسێن ـ وەرگێڕی دەزگای ڕۆشنبیری ١٤
٢٧ـ لاوان وەلای خۆمان دێنین تا دوا ڕۆژ مسۆگەر بکەین ـ مەهاڵ صدام حسێن ـ وەرگێڕی ڕۆشنبیری ٢٧
٢٨ـ ڕۆژانی دەرکەوتنی خەباتی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی دار الثورە ـ وەرگێڕی دەزگای ڕۆشنبیری ١٢٥
٢٩ـ ڕابەرێ بۆ جوتیاران ـ وەرگێڕی جەمال خەزنەدار ٣٦
٣٠ـ گیروگرفتە بەروەردەییەکان ـ وەرگێڕی عەبدوڵلا ڕەزا ١٧٤
٣١ـ ڕاژەنینی لانکی مرۆڤایەتی حیوا عومەر ئەحمەد ٤٧
٣٢ـ بەرەو شیعرێکی ـ وەرگێڕی بەرزۆ بەرزنجی گشتی خوێندنی کوردی ١٦
٣٣ـ شەوێك لە ژیانی خانزاد ـ حەمە کەریم ڕەمەزان ١١٨
٣٤ـ خەرمانێك لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی ـ سەردار فەتاح ٣٢
٣٥ـ ئەو شەوانەی خەوم نایێ ـ نەژاد عەزیز سورمی ٨٠
٣٦ـ کەشتی دووەمی ئەپۆللو ـ محەمەد ڕەشید فەتاح ٨٨
٣٧ـ لەیلو مەجنون وەرگێڕی ـ صابر گرد عازەبانی ١٣٥
٣٨ـ لە ڕقی خەڵك خۆی دەکوژێ ـ صابر گرد عازەبانی ٤٠
٣٩ـ داستانی ڕۆستەم سوهراب وەرگێڕای ـ صابر گرد عازەبانی ٥٢
٤٠ـ فریشتەکانی سەرزەمین تەها بابان ١٠٤
٤١ـ پرچی ئەو کچە ڕەشمالی گەرمیان‌و کوێستانە لەتیف هەلمەت ١٥٢
٤٢ـ شنەی بزە ـ ئازاد حەداد ٤٢
٤٣ـ پێناسەکەم ـ بەکر غەریب ٧٣
٤٤ـ سەرچنار ـ مارف ناسراو ٤٢
٤٥ـ هەلبژاردە لە چیرۆکی عەزیز نسین وەرگێڕی ـ شێرزاد عەبدولرەحمان ٣٢
٤٦ـ گڵپەی دەرونێکی تامەزرۆ ـ بەکر گەردی ٢٩
٤٧ـ بەرکول ـ لەتیف عارف قەرەداخی ٥٢
٤٨ـ نیگای حەزێکی ئاوارە ـ فرەیدون عەبدول ٤٨
٤٩ـ چرۆ دەمی بۆ ماچی ڕۆژ ئەکاتەوە ـ عەبدوڵلا عەباس ٥٨
٥٠ـ ڕازی چاوبازان ـ ئیحسان نەقشبەندی ٦٥
٥١ـ بین بە تیشك ـ دلشاد محەمەد ئەمین ٨٠
٥٢ـ بەهارو نێرگزو چاوەکانت ـ ئەحمەد محەمەد ئابلاخی ٤٨
٥٣ـ هەلبژاردەلە دیوانی ڕۆژی کوردستان ـ کۆمەڵی ڕۆشنبیری ١٢٠
٥٤ـ دڵداری ـ بەرکی ٣ درشۆ (ئەحمەد شوکری) ٤٨
٥٥ـ دەنگێك لە گرد عازەبانەوە ـ ئیبراهیم شوان ٤٤
٥٦ـ دیوانی وەلی دێوانە ـ صابر گرد عازەبانی ٨٤
٥٧ـ مژدانەی شەکراوێکی تاڵ ـ عەبدوڵلا کەریم مەحمود ٤٠

ئەگەر بە وردی سرنجێك لە بەرهەمەکانی ـ مەبەستم کتێبەکانمانە ـ ساڵی ڕابوردومان بدەینەوە ئەگەینە ئەم ئەنجامانە :

١ ـ بە قەوارە زۆربەی زۆری کتێبەکانمان لە چەشنی ناملکە چاپکراونو بەپێی بابەتیش شیعر یا دیوانی شاعیرەکانمانن زۆرترن وە شاعیرە لاوەکانمان زیاتر بەرهەمی خۆیان چاپ‌ئەکەن ، نیشانەیەکی باشو پیرۆزە کە لیکۆڵینەوە لە ناوماندا ئەواو سەری هەلداوەو لە سەر زمانیش کتێبی باشمان دەرچوە ، بەڵام لە بابەتی (زانستو هونەرو مناڵو مێژو) زۆر لاوازین .

٢ ـ بۆ یەکەمین جار کتێبی رامیاری لە ژمارەو قەوارەیەکی پوختدا بڵاوئەکرێتەوە ئەمیش ئەگەرێتەوە سەر چالاکی دەزگای ڕۆشنبیری کە ئەمسال بە گورج‌و گۆڵی هاتەمەیدانەوەو گۆی هونەریشی بردەوە .

بروانە ل : ٩

کتێبی هاوکاری

صدام حسین

خەباتمانو سیاسەتی نێودەوڵەتان

دوانەکەی هاوڕێ صدام حسین بۆ ڕۆژنامەنووسی میسری سکینە سادات لە ١٩ـ١ـ١٩٧٧دا .

٣

پ : سەبارەت بە هاووڵاتی عیراق ڕێگای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی گەشەکردن کامانەن ؟ بۆ نموونە بیستومە کە ئێوە پێنج هەزار دینار بەفەرز ئەدەن بە هاووڵاتی‌یان بۆ ئەوەی خانوی پێدروست بکەنو سودێکی زۆر کەمیشیان ئەخەنەسەر وەك چارەسەرێك بۆ کێشەی نیشتەجێ کردن لەلای ئێوە ؟!

هاوڕێ جێگر : ئێمە ، وەك وڵاتێکی تازە پێگەیشتو ، بەشێوەیەکی‌تایبەتی لەماوەی سێ‌ساڵدا جۆرە توانایەکی دارایی بۆ دابین بووە ئەبێ بەرنامەیەك بۆ ئەوشتانە دابنێین کە لەپێشەوە دێن ، ئێمە تەنیا ئەم ساڵ نەبێ لاسەنگی‌ی نیسبی‌مان بۆ خزمەت گوزاری‌یەکان دانەناوە ، واتە شت لەپێشەوە دانانمان دانەناوە ، بەڵام سێ ساڵی ڕابوردوو ڕەنێوهێنانمان لە بۆزاری گەشەپێکردنی پیشەسازی‌و کشتوکاڵدا لەپێشەوە دانانا ، سەبارەت بە وڵاتێك تواناکانی دەستنیشانکراوبن ئەبێ لەم بۆارەدا بەرنامەی شت لەپێشەوە دانانی هەبێ . هاووڵاتیان بەتەواوەتی لەم شت لەپێشەوە دانانە ئەکەن وەك ئەخشە دانەر تێی‌ئەگات ، چونکە هاووڵاتی‌لەمەودای زمینە کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و پیریی‌و شوێنەوارەکانی ناگات ، بەڵام بوونی حزبێك کە سەرکردایەتی جەماوەرئەکات‌و بوونی ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکان ، کریکاری‌و جوتیاریی کە بە « ڕێکخراوە دیموکراتی‌یەکانی پیشە » ناونەبرێن لەگەڵی زاڵبونمان بەسەر کۆسپی سەرڕێگاو گیروگرفتی مەیدانی ئەخشەکێشان کە ڕووبەڕوومان‌ئەبن‌و کردنەوەی ئەوکەلەبەرانەی ڕووئەدەن‌و ئۆبالی ئەستۆی هەرلایەنێك لە لایەنەکان دەربارەی ئەم کەلەبەرانە سوك‌وناسان ئەکات .. دوور نی‌یە فیکرەیەکت دەربارەی ئەوسیناریانە لەلا دروست بوبێ کەبۆ پترکردنی بەرهەم سازمان ئەکردن(١) .

پ : بەڕێزتان شارەزاییتان لەو گیروگرفتانە هەیە کە ئێستا میسر دوو چاریان بووە ئەو دەورە کامەیە کە عیراق ئەیگێڕێ بۆ بەشداربوون لە چارەکردنی هەندێ لەو گیروگرفتانە ؟!

من ئالێم ڕووبەڕووی گیروگرفتی جددی نەبووین ، ئەم مەیدانە ، مەیدانی گەشەکردن سەبارەت بەتێکڕای عەرەب مەیدانێکی نوێ‌یەو میسریش یەکەم هەرێمی عەرەبە کە چۆتە ناو ئەم مەیانەوە ، لەگەڵ ئەمەش‌دا دووچاری گیروگرفتی سەخت‌بووەو تا ئێستاش هەر دووچاریانە ، بۆیە بەتەواوەتی بایەخدان بەگەشەکردن لە عیراق نوێ‌یە ، وە شتێکی سروشتی ئەگەر ڕووبەڕووی گیروگرفتی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی ببین وبگرە تەنانەت گیروگرفتی دەروونی لەگەڵ کارگوزاری گەشەکردن‌و بەتایبەتی لەگەڵ گەشەپێکردنی خێرادا ئەبن ، ئەشبێ لە هەندێ مەیدان‌و بواری‌دا کورت‌هێنان ڕووبدات ، بەڵام بەدواداچوون‌و پیاداچونەوەی هەمیشەیی ئەم مەیدانانە لەلایەن سەرکردایەتی پارتی‌یەوەو ڕاشکاوی بەردەوام‌و بەشداربوونی بەکۆمەڵی دیموکراتی‌یانە بۆ زاڵبوون بەسەر گیروگرفتدا ڕێگای چارەسەرکردن‌و تەخت‌کردنی کۆسپەکانیان پێك‌ئەهێنن .

پ : تا ئێستا سێ ساڵ بەسەر دامەزراندنی بەرە لە عیراق‌دا تێپەڕیوە ، لەگەڵ ئەوەش‌دا ئەمە تاقی‌کردنەوەیەکی تامزیە ، کە وا بوو تێبینی بەرێزتان لە بارەیەوە چی‌یە ؟ وە ئاسۆیەکانی ئەم تاقی‌کردنەوەیە کامانەن ؟
هاوڕێ جێگر :ـ

کاتێك قسە لەبەرە دەکەین نابێ ئەو قسەکردنەمان تەنیا دەربارەی چوارچێوەی تیوریی تێگەیشتنی بەرە بێ ، وە نابێ چەسپاندنەکانی بەرە لە دارشتنە سیاسی‌یەکانی‌داو چەسپاندنەکانی تر لە ڕابوردووی عیراق دابڕێن ، بۆ ئەوەی نرخ‌و پایەخی ئەو چوارچێوەو دارشتنە بزانن کە ئێستا کاری بێ‌ئەکرێ پێویستە ئیمەو گشت برایانی عەرەبمان لە عیراق ، یاخود لە میسر ، یان لە هەر جێگایەکی تر بێ لەبیرمان بێ‌و بیریان بکەوێتەوەکە لایەنەکانی بەرە تاکاتێکی نزیك دامەزراندنی بەرە بەچەك شەریان دەکرد .

دیموکراتی کوردستان هەر ساڵی ١٩٦١ تا مارتی ١٩٧٠ لە چیاکان چەکی هەڵگرتبو ئنجا مەلا مستەفا بارزانی جارێکی‌تر لە ١١ی مارتی ١٩٧٤ چەکی هەڵگرتەوەتا لە ٦ی مارتی ١٩٧٥ بەیەگجارەکی شکا . وە هەر لەساڵی ١٩٥٩ تا پێش ڕوخانی حوکمی حزب لە ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ پارتی کۆمۆنیست بەچەك بەیەکا هەڵتەپڕزاین ، دوای ئەمە دۆخی ئاڵۆزوگران هاتە کایەوە ، تەنانەت پەیوەندی‌یەکانمانی لەگەڵ ئەودا گرتەوە تا ساڵانی یەکەمی شۆڕش .

سەرەڕای ئەم هەموو ڕابوردووەش ، بەرەمان دامەزراند ، کە وا بوو بەرە وەك ئێمە بۆی ئەچین یەکێکە لە چوارچێوە بنەڕەتی‌یەکان بۆ دەربڕینی خواستمان لە قولکردنەوەی دیموکراتی‌و بەشداربوونی سیاسی‌و جەماوەری‌یانەی هێزە نیشتیمانی‌یەکان‌و جەماوەری گەل لە بنیات‌نانی تاقی‌کردنەوە تازەکە لە تێکڕای مەیدانەکاندا ، دەربارەی ئاسۆیەکانی بەرە ، بە بۆ چونی ئێمە چوارچێوە (صیغە)یەکی وەختی نی‌یە ، جا بۆئەوەی لەسێبەری زروفی بنیات‌نانی شۆڕشگێڕانەدا بەرە بایەخ‌و سەنگێکی چۆنیەتی تایبەتی هەبێ ئەبێ وەختی ئەبێ . بەرە بەنیسبەت ئێمەوە بۆ ئەوە دانەمەزرێنراوە کە بەرەنگاریی زروفی تایبەتی لە ناکاوو وەختی پێ‌بکرێ‌و ئنجا دوای ئەواو بوونی ئەم زروفەپشتی تێ‌بکرێت ، بەڵکو بۆ ئەوە دامەزراوە کە عیراقی سەربەخۆی سوشیالیستی ئازاد لە سەر ڕێگای ئامانجەکانی خەباتی نەتەوەیی بنیات بنێ . ئێمە ئاسۆی بەرە لەبەردەوام بووندا ئەبینین لەژێر ڕۆشنایی بۆ چونمان بەرامبەر بە ڕەوتی بەردەوامی شۆڕش‌و ئامانجەکانی‌دا ... هەروەها ئێمەش بەیەگجارەکی‌و تەواوەتی باوەڕمان بەوەیە کە حزبمان دەوری سەرکردایەتی تێدا دەگێڕێ ، هەر لایەنێك لە لایەنەکانی بەرە باوەڕی بەو بیروباوەڕانە هەبێ هەتا هەتایە تیایدا بەردەوام ئەبێ و ئەگەر هەر لایەنێکیش لە لایەنەکانی ڕۆژێك خۆی وابینیەوە کە ناتوانێ لە سێبەری ئەم چوارچێوەو ئەم بیروباوەڕانەدا لەگەڵ ڕەوتەکەدا بڕوات ئەوا خۆی وا ئەبینێتەوە کە ناتوانێ بەردەوام بێت .

ماویەتی

بروانە ل : ٩

Institut Kurde de Paris

کورتە چیرۆک

بابە تۆ هیچ کەسێکت کووشتووە؟

نووسینی چیرۆک نووسی فلەندی
مارتی لارنی
ابو بکر خۆشناو
کردوویەتی بە کوردی

لەو دوایی‌یەدا ، شتێکی‌نامۆ بەرۆکی دەگرتم ، زۆر جار کارەکانی وەدواخستم ٠ ئەوشتە نە لێکۆلەرەوەی گۆڤارێکی ناوخۆ بوو نە کۆمپانیای گازو کارەبابوو ٠ برادەرەکانم نەبوون ژنەکەشم‌نەبوو ، داوای تەلاق‌دانیم لێ‌بکات ، بەڵکوو ئەوە « کیم‌مارتین »ی کوڕم‌بوو ، تا ئێستا لە نۆسالی‌تێنەپەڕیوە !

بەر لە پێنج سال « کیم مارتین »ی کوڕم ، لەوە دلنیا بوو بوو ، کە دوودڵی زۆربەی خەڵکی گرتۆتەوە ، چونکە دەزگای ڕاگەیاندنو بڵاوکردنەوەی نوێ ، هەموو جۆرە باسو خوازێک ڕادەگەیەنێ ٠

« کیم مارتین »ی کوڕم بەتەنگ گەلێ مەسەلەوەیە ، لە تەلەفزیۆن هەموو شتێك دەبینێ ، زۆر جار ڕووی دەمیم تێدەکاو دەڵێ :

+ « **بۆچی » بۆچی بابە بۆچی ؟!**

دەتوانم بەسێ چوار سەعات وەڵامی پرسیارەکەی بدەمەوە هۆی ڕودانی شەڕ دیاری بکەم ، بەڵام ڕەنگە ئەوە بۆ میرمندالێکی ئاوا سانا نەبێ !

ئەوەم هەموو بۆ باس‌کرد ، کە شەڕو کووشتار ئەنجامی نەزانینو گیروگرفتی کۆمەڵایەتیو نەبوونی یەکسانی‌یە : بەوە دلنیا نەبوو ٠ بەو وەڵامەی من ، گەلێك پرسیاری سەیرتری لێ‌دەکردم :

+ **بابە ئایا تۆ لە هیچ شەڕێکیدا بەشداریت کردووە؟**

— بەڵێ کوڕم !

+ **شەڕ بەکاریکی نارەوا دەزانی ؟**

— بەڵێ زۆر نارەوایە !

+ **قەت ترساوی ؟!**

— زۆر جار ترساوم !

زۆر بەدیقەت تەماشای کردم ، وەك بیەوێ تاقیبکاتەوە ، لە پڕ ووتی :

+ **بابە تۆ هیچ کەسێکت کووشتووە ؟**

— ئەوەللا ، من لەکاتی شەڕدا هەر لەپشت مێزدا پاڵداوەتەوە !

لێرەدا گەلێك نهێنی لێ‌ئاشکرابوو ، زۆر بە خۆشی‌یەوە ، ووتی :

+ **« کەواتە دەتوانم بڵێم ، ئەتۆ پیاوێکی باشی ! »**

ئەم قسەیەی ، ڕەوشتپاکی بۆ وەدەرخستم ، پاشان داوام لێ‌کرد ، بچێتە دەرەوەو بۆخۆی یاری بکات ، تا منیش کارەکەم تەواو دەکەم ٠

هەندێ پرسیاری سەیر سەیرم بەمێشکا هات ، ئەمە وای لێ‌کردم کارەکەم بۆ تەواو نەکرا٠ خەریك بووم دەربارەی ئۆتۆمبیل لە وولاتانی پیشەسازدا ، شتم دەنووسی٠

+ بابە تۆ هیچ کەسێکت کووشتووە !

جارێکی‌تر ئەو پرسیارە ، لەگوێمدا دەنگی دایەوە ٠

پاش ماوەیەك گەڕایەوە لام ، لەبەر دەرگاکە وەستاو ، ووتی :

+ **بابە بێزارم کردووی ؟!**

— « ئەرێ وەللا بێزارم ٠٠٠ دەبڕۆ بۆ ژوورەکەی خۆتو لێم گەڕێ ، با کارەکەم تەواوبکەم ! » ٠

ئەڕۆیی ، پاڵی وەدەرگاکە دابوو ، پرسیارێك لەسەر لێوەکانیا دیاربوو ، لەناو چاویشیدا ، دنیایەکی دیکەت دەدی ، زۆر سەیر دەیڕوانی ٠٠٠ دیاربوو ، شتێك دووڵی کردبوو ، بەرلەوەی من لێ‌ی‌پرسم ، ئەو وەدەنگ هاتو ووتی :

+ **« بابە ئەتۆ بە لە ئێستا کتێبی «پیرۆز» ت خوێندۆتەوە ؟! »**

— بەڵێ خوێندومەتەوە ، بەڵام پێمبڵێ بۆچی لەوە دەپرسی ؟

+ **کوشتن ٠٠ هەروەکوو کتێبی « پیرۆز »یش باسی‌دەکا ٠٠**

— بەڵێ ٠٠ بەڵێ باسی گەلێ شتی دیکەش دەکا ، « وەك چاو بە چاو ٠٠٠ ددان بە ددان ٠٠ »

+ **بەڵام کتێبی «پیرۆز» دەڵێ کووشتن قەدەغەیە !؟**

— بەڵێ تۆ لەسەر هەقی ! بەڵام دەبا لەسەر شتێکی دیکە بدوێین ٠٠ ئەرێ وەختێکی خۆشت لە ئۆردووگادا بردەسەر ؟!

+ **هەڵبەت ٠٠ بەڵام سەرۆکی ئۆردووگا ، لێ نەگەڕا خۆمانی لەسەر ڕابهێنین ، گوونی شەڕ شتێکی نارەوایە !**

+ (کووشتن قەدەغەیە) هەروەك کتێبی (پیرۆز)یش باسی دەکا ٠٠ دەزانی بۆ هەندێ کەس هەن ، خەڵك دەکوژن ، ئەوانە هێشتا کتێبی (پیرۆز) یان نەخوێندۆتەوە ؟!

منیش وەڵامم دایەوە :

— هەڵبەت خوێندوویانە‌تەوە ، خەڵك سەدان ساڵە کتێبی پیرۆز دەخوێنن‌ەوە ، کەچی شەڕو کووشتاریش هەر درێژی هەبووە ، هەتا یەکێك لەوشەڕانە (٣٠) ساڵ درێژەی کێشاوە !

+ **(کەواتە خوێندوو‌یانەتەوەو تێ‌ی نەگەیشتوون ، لەوانەیە کتێبی پیرۆزی خوێندنگاشیان نەخوێندبێتەوە ! ، کە شەڕ ڕووی‌دا بۆ دەبێ یەکتر بکوژن ؟!**

— شەڕەکە لەکووشتار‌دایە ! چیت‌کرد لەنووردو‌گاکەدا ؟ دوو سێ ووشەی لەدەمماتە دەرەوەو گوونی :

+ (بۆچی شەڕ هەیە) ٠

— منیش گووتم (پێویستە شەڕو کووشتار نەبێ !)

+ (کەواتە لەبەرچی دیمەنی شەڕوشۆڕ لە تەلەفزیۆن‌دا پیشان‌دەدەن ؟!)

— لە تەلەفزیون ؟ بەڵام خۆ تۆ دەزانی ، دەبێ چاو نەدەیێتە تەلەفزیون ؟!

+ **بۆچی ؟ خۆ هەموو برادەرەکانم ، تەماشای دەکەن !**

— (تەنیا بەرنامەی منداڵان) ٠

+ **بەڵێ ٠٠ هەروەها دەنگ‌وباس ٠**

— بۆگوێم لێ‌ناگری ؟ بۆ تۆ قسە دەکەم ؟!

— ئەوەی گووتت هەمووم گوێ‌لێ‌بوو !

چ دەڵێی با سبەینێ بچینە باخچەی گیاندارانی !

+ من ئاژەڵم زۆر خۆش دەوێ ، چونکە ئەوکەس ناکوژێ ، هەتا ئەگەر برسی نەبێ !

+ **خەڵك هەمیشە هەندێك هەندێکی‌تر دەکوژن ، نازانن ئەوە تاوانە ، ئەوان کتێبی پیرۆزی خوێندنگاشیان نەخوێندۆتەوە ؟ گورج وەڵامم دایەوەمو گونم ؟**

— کووشتن لە گوناه گەورەترە !

ئێستا لێم‌دەگەڕێی ، هەندێك بۆ خۆم بحەسێمەوە ؟!

+ **ئێستا نا هەندێ پرسیاری دیکەشم هاوە ، دەمەوێ لێت‌بپرسم :**

ئایا شەڕ کۆتایی دێ ؟ تۆ دەزانی کەی دەبڕێتەوە ؟!

— بیری فێنام دەکەیتەوە ؟

+ **بەڵێ ٠٠ گەلێك شوێنی دیکەش ٠٠ کەی کۆتایی دێ ؟**

— نازانم !

+ **بۆچی نازانی ! هەزاران ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبت خوێندۆتەوەو هێشتاش نازانی ، کەی ؟! بابە پێمبڵێ کەی شەڕ کۆتایی دێ ؟!**

— لەوانەیە لەوکاتەدا ٠٠ کە هۆش جێگای شتێتی دەگرێتەوەو کاتێکیش کە مرۆڤایەتی ، دڵڕەقیو شەڕکردن ڕەت‌دەکاتەوە !

+ ساڵێك ٠٠ یا دووان ! ئایا پاشان شەڕی دیکە ڕوودەدا ؟!

— بەوهیوایە بڵێی ، چیتر شەڕ نەقەومێ !٠

ڕوونکردنەوەو .. پرسیارێك

— ١ —

گول بە پەپوولەی وت :ـ
تۆش جێم‌بێڵی تەنیا نیم ، ئەگەر هەنگیش شیلەکەم نەمژێت ، هەستکردنم
بەجوانیو بۆنخۆشیم دەبنە هۆی بەردەوام بوونم ٠٠
پەپوولەش وتی :ـ
چونکە زیان‌بەخش‌نیم بۆ هەرلایەك بڕۆم باوەشم بۆ دەگرنەوەو بە
زەردەخەنەوە پێشوازیم دەکەن ٠٠
پرسیار :
بۆچی لە نێوان گشت گوڵو پەپوولەیەکدا ٠٠٠ دڕکێك هەیە ؟؟

— ٢ —

مەم ، بە زینی وت : گرنگ‌نی‌یە ئەگەر ساڵی جارێکیش نەتبینم ،
من ئەتوانم دەساڵی ڕەبەق بەیادی ساتێك لە ساتە کورتەکانی جاری جارانەوە بژیم ٠٠
(زین)یش وتی : هەتا هەناسە بکێشم ، بۆنی هەناسەتم لێ‌نابڕێت
پرسیار :
بۆچی لە نێوان گشت (مەمو زین) یکدا ٠٠ هەرگەوەرێك هەیە ؟؟

— ٣ —

شەو ٠٠ ، بە ئەستێرەی وت : ئەگەر من نەبوومایە ئەوەندە
بەخۆتەوە ناناز‌یت ، ئەستێرەش وتی : خۆم بەری خۆرم لێ گرتووی ٠٠
پرسیار :
بۆچی خۆر ٠٠ لە شەودا هەڵنایە ؟؟٠ ٠

● سلام محمد ●

شەوێك لە داستانی عیشق !

فەرید زامدار ـ زستانی ١٩٧٧ ـ ڕەوانداز ـ

شەستە باران ٠٠ کەی‌وەکو من ٠٠ کوڵەکەنی ٠٠ زەوی دڵت ٠٠
تێر ئاوەدکا ٠٠
کەی وەکو من ٠٠ ئاوریشی خۆر ٠٠
گەرمی دەدا بە باوەشت ٠٠
کەی بەقەد من ٠٠ ووشەی دڵدار ٠٠
لەگریانی ٠٠ چاوەکانی ٠٠ تۆ ٠٠ ئێ‌دەکا ٠٠
دەنووکی تیژی کام باڵدار ٠٠
دەتوانێ هێلانەی بەهار ٠٠
لەناو باغچەی دەروونی تۆ دروست‌بکا ٠٠
کامە دەریا ٠٠ کامە ڕووبار ٠٠
وەکو شەپۆلی ٠٠ پەنجەی من ٠٠
بە هەورازی ٠٠ غوربەتی جوانیت ٠٠ سەردەکا
گیانەگری ٠٠ عەشقی منە ٠٠
کە هەناسەی ڕەنگی سووری‌تۆ ٠٠ هەڵدەکا !٠٠
شەپۆلێکم ٠٠ لەداستانی ٠٠ ویست‌و دووری ٠٠
دونیای ژانی بێ‌ووچانیم تیا ڕێ‌دەکا ٠٠
من دلداری ٠٠ شەوی تۆمو ٠٠
خەمیش دۆستو ٠٠ دەستگیرانی ٠٠ غەریبیمە ٠٠
کەی غەریبیت ٠٠ وەکو چاوم ٠٠ ئەسرین دەکا ٠٠
گیانەگری ٠٠ عەشقی منە ٠٠
● کە هەناسەی ڕەنگی سووری ٠٠ تۆ هەڵدەکا !٠٠

بارچەیەك لە دڵی پیران

● (مدهوش) ●

ئیستا ئەبینم شارەکەم جوانە ٠
گوڕەی لاوانی ڕوونی چاوانە
بەلام ئەو هاوڕێ خۆشەویستانەم
ئەو هاوڕازانەی ڕۆژی تەنگانەم
کە بەجێم هێشتن هەموویان لاوبوون
هەموویان وەکو گوڵی نەخشاو بوون
ئیستاکە تاکو تەرایان دیارن
لەکۆمەڵ دوورن هەموو کەنارن
یەکێ سەرسپی یەکێ دان کەوتوو
یەکێ وەك داری پیری داکەوتو
خۆشم وەك ئەوان هەروا چومە ساڵ
منال برین کەبوین بەباوکی منال
ئیستا هەندێکیان فیزیان زڵبووە
یارانی زویان لە بیرکردوە
گوایە لای خزیان خانی خانانن
کۆنە دۆستی پیر بەهیچ نازانن
هەرچەند من سەرو ریشم گوڕراوە
بەڵام ئەو هەستەم لەجێی خۆی‌ماوە
لەجاران زیاتر دڵم بەتینە
زیاتر دلبەستەی شێوەی شیرینە
من کە بەڕۆشی دلبەستەی جوانیم
لەگەڵ کۆمەڵی دەولەمەندانیم
ئەوانە خزیان بەروەردەی چینن
چین پەرست تەنیا سامان ئەبینن
لێ‌یان ناگرم ئاوا ژیاون
هێشتا هەر لەسەر بیری کون ماون
بەڵام ڕێزی من بۆ هاوڕێ چاکە
بۆ کیژولاوی جوانی دلپاکە
کاتێ کەهەموو کۆنەبنەوەلێم
لێم دلگیر نابن هەرچی کەئەیڵێم
بەروی خۆشەوە ئەتریقێنەوە
پێم‌ئەڵێن شیعرم بۆبخوێنەوە
بەئارەزوی دل تێ‌یان ئەروانم
خزیان ئەپرسن توخوا من‌جوانم
کە بێ‌یان ئەڵێم هەمووتان جوانن
ئارامی دڵن ڕووناکی گیانن
ئەوان چەند دلیان ئەگەشێتەوە
من دە ئەوەندە دڵم ئەکرێتەوە
ئەزانم پیرم سڵم لێ‌ناکەن
بەلام دام‌نانێن لەدەستم ڕاکەن
لەگەڵ ئەوەشا هێشتا دڵشادم
کەبیریم لاویم دێنێتە یادم
حەز ئەکەم دەورم هەموی جوانان‌بێ
گوێم لەتریقەو تەفەی کچان بێ
بەلام بەوردی کە سەرنج ئەدەم
ئەوسا تێ ئەگەم لەخۆم کەمەلەم
ئەو پێکەنینو ڕوانینەی جاران
کەکاتی لاویم ئەمدی لەیاران
هەر پێکەنینێ معنای خۆی جیابوو
هەر زەردەخەنەی ڕازێکی تیابوو
خەریکم لەسەر خەیالی پیری
تازە ئاردی جۆ ئەکەم بەتیری
خۆ ئەوەش ئابێ بیاو دل بمرێنێ
ئەبێ لەگەڵ جوان جوانی بنوێنێ

بارێزە

گوشاد کاروان

هەموو ڕۆژێك لە دلماچرۆ دەکەیتو گەڵای دوێنێی تاڵو شرین
دەوەرێنی ٠٠
لەوە زیاتر چی هەیە ٠٠! دەوار نشینێکی وەك من لە دلی خۆت
بگیرسێنیتەوە ٠٠
دەوەرە ئیستا کە شەوە ، دەزانی سەمای بەر ٠٠
تریفەی چاوەکانت چەندە خۆشە
خۆ من خوێندەواریش نیم ٠٠ بە دەنگە ڕەزوی جیماوی
ئاگردانی شوانەکان
لەسەر تاویرە بەردەکانی باڵ ٠٠ ئەم شاخە ڕکە
تریفەی چاوەکانت دەنوسمەوە
ئەرمە لەنجەت هەڵدەکەنم ٠٠ تا هیچ دەستێ نەنگاتێو
هەڵت ڕنێ
من کە دێمە باڵ ئەم گەوەرە شاخە ڕاهاتووم
چونکە لەوەتەی هەم خەڵکی وولاتی چاوی‌تۆم
تۆ هەست ناکەی من لە ناو هەموگیانتام ٠٠؟
تۆ هەست ناکەی کە دەبارمە سەر باوێشکت‌و پوش
بۆ ناخی خەوەکانت دەکێشم ،
لە خەو زەردەخەنە دەگری ، ئاخر ئیستا کە منالی کە
گەورەبویت دەزانی
کە منال لە خەو پێکەنێ فریشتەکانی گیانی ٠٠
دەی‌گەزنو ماچی‌دەکەن
خۆ بەیانیان گوێت لێمە ٠٠ لەسەر شیشەی ئەو دیوی
پەنجەرەکەت هەڵدەنشیم
دەجریوێنم ٠٠ دەنوک بەشوشەی پەنجەرەکەت
دەکێشم
کە دێت پەنجەرەکە بکەیتەوە ٠٠ هەڵدەفرمو لە تۆزی
قژت دەترسمو دێمەوە
دەتاوێ لادەبێ زەشمالی ئاهو هەناسەم ٠٠ شنەی‌یا
ڕێکەی دەگۆزێو
چاوی‌بەهار دەپشکوێ
دەلادە سەر ڕێگای دڵم ٠٠ بەردەکان دەتاوێنەوە
چیاکان دەچەمێنەوە ٠٠ بۆت ٠

بارێزە گەلایەکە لەقەدی شاخ شین دەبی بۆ دەرمان دەشێ

چیرۆك



یەکەمجاری بوو چیرۆکی دلداری ، بنووسێ ٠٠ یەکەمجاری‌بوو بەوشێوە دیارو ئاشکرایە ، بەووردی‌و ڕێك‌وپێکی ، وەسفی کچێك دابڕێژێ لەچیرۆکەکانیدا دابڕێژێ ٠٠ قژێکی زەردباوو درێژ ٠٠٠ جووتێ چاوی بچوك کاڵ ، ڕوومەتەکانی خرپن ، ئاڵ ٠٠ پێستێکی سپی ، دانەکانی ئەبریسکانەوە وەك دانەی مرواری ، دەمێکی بچوك‌ئاڵ زۆربەکەمی بێ‌کەشینی دەبینرا ٠٠ دوای کوتایی هێنان بەوچیرۆکە دلداری‌یەی ٠٠ کەڕا بەدوای ناوێکی پربەپڕی وەسفەکە ٠٠ بڕیاری‌دا تەنها بیتی (ن ٠٠٠) دەری ببڕێ ٠٠

گەلێك ئاوی دۆزی‌یەوەو هات بەبیریا ٠٠ بۆ ناولێ‌نانی چیرۆکەکەی هیچیانی پەسەند نەکرد ، پشت‌گوێ خست ٠

بزەیەك گرتی کە چەند شتێك هات بەبیریا

ـ ئیستا هاوڕێکانم دەی‌بینن دیارە تووشی داوی خۆشەویستی‌بوە ٠

زۆر بەلایەوە سەیربوو کە ئەو وەسفانەی بەشێوەی کچێك دەهاتە خەیال ، بێ‌ئەوەی هیچ کچێکی لەوەوپێش دی‌بێت کە هەموو وەسفەکانی تیا کۆبووبێتەوە ٠

٠٠ ملی ڕێگەی گرت ، خەیال بەری‌نەدا ، کەوتە پرسیارکردن لەخۆی ،

ـ تۆبڵێی سەرکەوتووبم لەم‌چیرۆکەدا ، وەك چیرۆکەکانی‌ترم ٠٠؟!

نە ، ٠٠ من دلدارنیم ٠٠ لەدڵیان نازانم ٠٠ چۆن لەئازاریان تێ‌دەگەم ٠٠؟؟

ـ ئەی ئەم‌چیرۆکەم چۆن نووسی ؟

دڵنیام کە سەرکەوتوودەبم مەگەر خۆم ڕەخنە لەخۆم بگرم کە دلدارنیمو چیرۆکی دلداری دەنوسم ٠

ـ ئەی‌باشە ئاوی بێتم‌چی ٠٠؟

وا چاکە ئاوی کچەکە ئاشکراکەم ، (ن ٠٠٠) چی‌یە ؟؟

٠٠ لەوکاتەدا چاوی بەپەڕاوێك کەوت ، کەوتبوو ، بەگەوزەیی لێ‌ی نووسرابوو (ناسك)

ئەوناوە زۆر سەرنجی ڕاکێشا

ـ واچاکە ناوی کچەکە بگۆڕم بە « ناسك » !!

ئەوانەی دەورو پشتی‌خۆی تا خاوەنی پەڕتووکەکە بدۆزێتەوە ، چاوی بەکچێ کەوت بەزامەری وەستابوو مرواری دەبریسکانەوە تێ‌ی‌دەڕوانی زۆر سەرسوڕمێنەربوو ٠

ـ ئای بەخوا جوانە !!٠٠ قژی زەرد ، چاوی کاڵو بچوك کوڵمی ئاڵی ، لێوی سوری ، پێستی سپی‌ی !!

زۆر بیری کردەوە لەهیچ شوێنێ ئەوکچەی نەدیبوو ٠

ـ سەیرە ٠٠! ئەی بۆ وا بەدیقەت تێم‌دەڕوانێ ؟ وادیارە خاوەنی ئەم‌پەڕتووکەیە ٠ سەیرە بێ ناوی ناسك‌بێت ٠

(بەبێ جاوتروکان بەرەو ڕووی چوو)

ـ ئەم‌پەڕتووکە هی تۆیە ؟ کچەش بەدەنگێکی زۆر نزمەوە وتی : بەڵێ ٠٠

نەرمە بێ‌گەنینێك ڕگتی ٠

ـ ئەی‌بۆ داوات ئەکرد ؟

کچەش پێکەنین گرتی دانەکانی دەرکەوت کە وەك دانەکانی دەرکەوت کە وەك

ـ وام زانی هی خۆتە ؟ پەڕتوکەکەی دایە دەستی ٠

هیشتا نەگەیشتە دەستی وتی : سوپاس

بۆ جاری دووەم کچە بەڕوویدا پێکەنی ، وەك شەماڵی لەڕۆژێکدا بیدا لە ڕووی فێنکی بکاتەوەو

٠٠ تا لە چاو وون بوو سەیری دەکرد

لەیاڵ بردی‌یەوە ، چیرۆکەکەی خۆیی وەك فلیمێکی سینەمای خێرا هات بەبەرچاوا کە خۆیی‌و کچەکە بووبوون بە باڵەوانی چیرۆکەکە ، ئەوەی زیاتر بەلایەوە سەیربوو پیتی (ن ٠٠٠) دەگونجا لەگەڵ ناوی ناسك ٠٠ بۆیە بڕیاری‌دا کە چیرۆکەکەی ناوبنێ ناسك ٠

□ کامل احمد □

Institut Kurde de Paris

هاوکاری : « ٨ » ساڵ خزمەت لە پێناوی بەهێزکردنی برایەتی و یەکێتی نیشتمانی و پێشکەوتنی گەل و وڵاتدا

ئەوی راستیێت ، من ئەماوەی هەشت ساڵەی تەمەنی (هاوکاری)دا ، سێجار ڕێگەم تێیکەوتوە • جاری یەکەمیان لە سەرەتای لە دایك بوونیدابوو • واتە وەختێك کە هێشتا تازە لەگڕو کاڵدابوو • ئەوسا ژمارەی ئەوانەی وەك دەستەی نووسەران ئیشیان تێدا دەکرد ، لە ژمارەی پەنجەکانی دەستێك زیاتر نەبوو • هەرچی منیش بووم ، وەك یەك – دووبرادەری تر ، بە (مکافأة) ئێواران ئیشمان تێدا دەکرد • جاری دووهەمیان لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣و سەرەتای ساڵی ١٩٧٤دا بوو ، کە لەمیشیاندا هەر ئێواران دەچووم • بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم لەمجارەیاندا (هاوکاری) کەوتبوە سەر پێی بەخۆدا هاتبوو • ژمارەی کارگەرانی بووبوونە بتر لەژمارەی پەنجەکانی هەر دوو دەست • وەك ڕۆژنامەیەکیش لە گۆڕی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا جێگەیەکی دیاری بۆ خۆی پەیداکردبوو • بگرە لەو سێ – چوار ساڵەی تەمەنیدا ، بەشێوەیەکی زۆر تایبەتی ، دەورێکی گەلێ گرنگتو کاریگەری لەکۆڕی ئەدەبیاتی کوردیدا دەتوانێ لەم بوارەدابوو بوە پێشەنگتو سەرقافلە •

بەڵام بۆ جاری سێهەمیان ، ڕۆژگارم وا بۆ وەرگەڕا کە بکەومە پێن دەستی یەوەو دواجار بیمە یەکێکیش لە دەستەی نووسەرانی ، کە ئەمیان لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٧٦)ەوە دەستی پێکردو ئەوەتا تا ئێستاش بەردەوامە و (هاوکاری) یەکەش وەك ڕۆژنامەیەك بۆتە خاوەنی دەستەیەکی نووسەرانو کارگەرانی بەژمارە زۆروریتلو پێتلو بەتاقی‌کردنەوە دەوڵەمەندو بەکردار شارەزاوکارامە • هەر وەکو هەفتەی دەردەچێو بەئۆفسێت چاپدەکرێو بە ناوەڕۆك ئەخشەو ڕەنگتو ڕووی ، جێگای ڕەزامەندیو پێخۆشحالیە •

دیارە لەهەموو جارەکانداو ئێستاش ، هەر سەرپەرشتی‌کەی لایەڕەی ئەدەب بووم و هێندەی پێمکرابێو لەتوانامدا بووبێ ، هەوڵمداوە جێگای ڕەزامەندی خوێنەرانی بووبێ •

دواجار ئاواتی گەورەم ئەوەیە بێتە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەو ئەستێرەی تەمەنیشی هەر لە گەشانەوەدا بووبێ •

حسین عارف

بەشداریان لەکاروانی بەرگە گرتوەو خزیشیان بەکۆمەڵانی خەڵکی زیرەکی کوردستان ناسانەوە ••!

★ ڕاستە •• هاوکاری گەلێ قۆناغی جیاجیای دیوە ، بەڵام لەسەر گۆشتەزەوی ئەمدا سەدەها بەهرەی ئارەزومەندەکان چەکەرەی کردوەو بۆتە ویردو خەوتنامە •• لانکۆلەی هەزاران ووشەی ئەوژەنی ڕازاندوە ، هەزاران بیتی ژانگرتویشی زایاندوە ، شەقڵی دەیەها تاسەو میهری کێشاوە ، هەزاران وردەژانو خەونی متوربەو والابێژ کردوە •• دڵی دڵساردانی داوەتەوە، تابوە بە (هاوکاری)و بە هەنگەژاڵ ••! بێگومانم .کە سەر لەنوێ میژووی ووشەی کوردی ئەنوسرێتەوە ، ئەم (هاوکاری) یەی ئێستە بەوبەڕی سەربەرزیەوە دێتە پێش‌و بەلکەنامەکانی خۆی بێنکەش ئەکات‌و لەئاسمانی درەوشاوی جوڵانەوەی فیکرو ڕۆشنبیریا ئاخڵە ئەبەستێ ••!

★ گەورەترین ئاوات ونیازی منیش لەم نەورۆزەی هاوکاریو لەم سەری ساڵی تازەیەدا •• بەر لەمردنمو بەر لەئاوابوونی خۆری سەدەی (ڕۆژنامەنووسی)یەدا ئەوەیە: کە بەم دوچاوە ماندووەمو بەم دڵە پڕ لە خرپەو ژانەم ، ببینم (هاوکاری) ئەبێ بە (ڕۆژانە) و هەمو سەر لەبەیانیەك خۆی دەخانە بن هەنگڵو گیرفانو دڵو جانتای خوێندەوارانی کورد •••!!

● **محمود زامدار** ●

★ لە ژمارە (٣) سێی بەداوەدارە کەونوێی ئەم هاوکاریەیە ئاریزەوە •• تا ئەم ژمارەی سەری‌ساڵی تازەیە ، هەشت ساڵی ڕەبەق •• قۆناغێکی پڕ لەژانو ڕابینین نهێنی ، پڕ لە هەزاران تەلەزگەو هەنگامەو درۆوکەلێن •• پڕ لە چوستو چالاکیو بیرەوەری ناڵو شیرین •• بێخەوی ، ئێشکگرتن ، هەڵتروشکان ، سەرزەنشت ، دڵساردی ، نەخشەکێشان•• تێئەبەڕێتو •• منیش وەکو هەقاڵەکانی تری بەجەرگو لەخۆ پوردوم هەشت لایەڕەی تەمەنم لەگەڵ ئەم ڕۆژنامە هەشت لایەڕەییەدا ئەبێجەوە •• ئەمیش بەوبەڕی میهرەوە ئەماتکا بەیەکێ لەسەربازە ناسراوو نەناسراوەکانی کاروانۆچکەکەی خۆی •• تا هەزاران هەزار وردە یاد وردە ئازارو وردە شتی سەیر سەیر بۆتە چوارچێوەی ئەم ئەزمونە بەتامەی ئەم قۆناغەی ژیانم •• کە مەگەر خۆم‌و کەسانی تریش بیزانین‌و بیکەین بەکتێبو تۆمارێکی گەورە •••!

★ لەبیرمە •• لەیادی چوارەمی ئەم گۆڕبە ژیکەلەیەدا . وتارێکم لەژێر سەرناوی (قوتابخانەی هاوکاری)دا نووسی •• ئەوکاتەو ئێستاش هەرلەو بڕوایەدام •• سەرباری هەمو هەلەکۆتن‌و دەردە سەری‌و ژانە دڵو مەچەك بادان‌و قەی هێنجەدەریش کە (هاوکاری) بەخۆی دیوە ، بەڵام بیرای بیرای ، لەلای دۆستو ناحەزا ئەو ڕاستیەی ئەدۆڕاندوە کە : (بەڵێ •• هاوکاری قوتابخانەیە ••!)و سەدەها بەهرەمەنتو مرۆڤی زیرەك‌و ئەونەمامو خامە بەدەستی ئەترسی ئێو جوڵانەوەی سەرفرازی ووشەی شیرینی کوردی ، لەم قوتابخانەیەدا بڕوانامەیان وەرگرتوەو

لە سەرەتای فامکردنمەوە ، عاشقی ڕۆژنامەگەری بووم‌و بەجەکێتکی کاریگەرم زانیوە •

هەرچەندە ڕۆژنامەی خۆشەویستی هاوکاری لەماوەی ئەم هەشت ساڵەی تەمەنی‌داچەندین جار دووچاری گیروگرفت بووەو باری‌واقورسی خراوەتە ئەستۆ کە نەك هەر نەشیاو بووەبگرە زۆلمبووەو زۆر تاکەم لێی‌کراوە •• لەگەڵ‌ئەمەش‌دا دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیەو یادکردنەوەی‌ڕۆژی دامەزراندنی‌و چاوەهەڵێنانی یەکەم ژمارەی ، ئاواتێکی دێرین بوە لە دڵو دەرونی ڕوشنبیران‌و خاوەن‌ـخامە دڵسۆزەکانی ئەتەوەکەمان‌دا هاتۆتەدی‌و ئاسۆیەکی‌فراوان‌بوە لەبەردەم ژیانی شارستانی گەلەکەمانداکراوەتەوە بۆئەوەی سەربازانی خامەهەڵگر لەبەرەی خۆیانەوەشان‌بەشانی بەرەکانی تری گەلەکەمان لەمەیدانی دانانی‌بەردی بناخەی کۆمەڵەی دوارۆژ ئەسپی خۆیان‌تاوبدەن‌و ئەو پەیامە بیرۆزە بگەیەنە ئەنجام کە لەئەستۆـیاندا بووە •

بیرەوەری‌و یادگاری خۆش‌و ترش لەگەڵ دەرچوونی ژمارەکانی هاوکاری‌داو لە چوارچێوەی ئیش‌کردن‌و ڕابەڕاندنی ئەرکی سەرشان لەنێو بنەماڵەی ئەم ڕۆژنامەیەدا زۆرن • بەزۆری ئەو ژمارانەی دەرچوون‌و وەك زنجیرێك ئالقەکانی بەیەکتری‌یەوە جەمسەر دراون‌و خۆش‌و ناخۆشەکانی نەك هەریەکتری تەواوئەکەن بگرە ئاوێتەی یەکتری بوون ، ئنجا لەباوەشی هاوکاری خۆشەویستی ڕۆژنامەو قوتابخانەدا بوون بە تاقی‌کردنەوەو دەرسی بەیێز کە بەلای منەوە تا ئەو ڕۆژەی دڵ لەلێدان ئەکەوێ نەك هەر لەیاد ناچن بگرە وەك سەرجاوەیەك شادەمارەکانی دڵو دەرون‌و هەستو مێشك‌و زەین پاراو ئەکەن •

جابۆیە بەراستی ئەو قسەیە گرەوی خۆی بەیەکجارەکی بردۆتەوە کەئەڵێ : (ئەبێ ڕۆژنامە وەك موشەدەمەیەکی بەکاری ئاسنگەر وابێ) •

بەڵی یادگارو بیرەوەری‌ـ

چاپ‌و ڕۆژنامەگەری دوو ڕوی گرنگی بنچینەکانی گەشە کردن‌و پاراستنی شارستانێتی زمانی هەر نەتەوەیەکن •• لە کۆنەوە ئادەمیزاد بیری لەوە کردۆتەوە کە لەسەر بنچینە ڕەسەنەکانی ئەمڕۆی زمان ڕێبازی دوارۆژی زمانەکەی دابنێ •• یادگارەکانی ئەمڕۆی بە نەوەی سبەینێ بگەیەنێ زمانیش وەکو ڕواڵەتە کۆمەڵایەتیەکانی تر لە گەڵ باری گۆڕینی کۆمەڵدا ئەگۆڕێ‌و پێشتر ئەکەوێ •

هەرچەند کەرەستەی تەکنیکی‌و هۆی پێشکەوتنی زمان بێتە کایەوە ئەمەندە بواری زمان‌و گفتوگۆ کردن فراوانتر ئەبێ ••

ئەو میللەتانەی لە کۆندا ژیاوون ـ بەر لە دایك بونی ڕۆژگاری چاپەمەنی ـ یادگارو ئامۆژگاری‌و باسی ڕوداوەکانیان لەسەر ڕوی تاشەبەردو گەردنی شاخە بەرزەکان هەڵئەکەندو تۆماریان ئەکرد «١» •• هەرچەند ناوی ڕۆژنامەگەری ئەبوو بەڵام شێوازی ڕێبازەکە لە سەرەتای دۆزینەوەی فیکری نوسین ـ بەر لە شێوەی هیروگلیفی یان بزماری ـ هاتۆتە کایەوە ، لەو سەردەمانەدا نوسینی ڕوداوو یادگارەکان تەنیا بۆ پادشایان‌و بنەماڵە بەرزەکان بووە •

بەر لە دۆزینەوەی ئەو شێوە نووسینانەی باسمانکردن‌و دوای ئەوانیش بەرهەمی پیشە دەستیەکان بە زۆرەملی کرابون بە مەیدان‌و لایەڕەی بڵاو کردنەوەی پڕوپاگەندەو یادگارو مەبەستە پێویستەکانی خاوەن دەسەڵاتەکان •• وە هەر ئەمەش بوو بە هۆی خولقاندنی ناکۆکی لە نێوان خاوەن پیشە دەستیەکان لە لایەك‌و ئایینە ناوچەیی‌و بنەماڵە فیودالەکان لە لایەکی ترەوە •

ئەم شێوەیە چەند گۆڕانێکی بەسەردا هات تاکو کەرەسەی تەکنیکی چاپەمەنی لە ئەوروپا دۆزرایەوەو بوو بە سەرەتای شۆڕشێکی نوێ لە بواری چاپەمەنی‌و ڕۆژنامەگەری گشتی‌دا •

لە چارەکی دوایی سەدەی نۆزدەیەمدا چاپەمەنی کوردی بە شێوەی ڕۆژنامەگەری ـ ناوبەناو ـ بە زمانی کوردی هاتە کایەوە ، وە تاکو ئێستا چەندان گۆڤارو ڕۆژنامەی جۆربەجۆر دەرچون‌و هەر یەکەیان پاش ماوەیەك لە کار کردن کەوتوە ••

لە ڕۆژگاری ڕابوردودا ئیش‌و کاری ڕۆژنامەگەری جگە لەوەی کە شێوەیەکی سەرەتایی بوە گەلێك وزەی مرۆڤی ماندو ئەکرد ، چونکە زوربەی ئیشەکانی بە دەست ئەکرا ، وە شوێن‌و توانایەکی تایبەتی‌و سەربەخۆ بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی نەبو ، تاکو بێتە بنکەو بنچینەیەکی وا بە ئاسانی ڕۆلی ڕۆژنامەگەری هاوچەرخی لەسەر بنیاد بنرێ •

چالاکی ئەو کەسانەی کە لەم بواردا ئیشیان کردوە بونەتە هۆی پاراستنی ئەممیەتی باری ڕۆژنامەگەری کوردی •

هەرچەند لە کوردەواریدا تا ئیستا قوتابخانەیەك نەبوە کە ڕۆڵەی کورد فێری ئیش‌و کاری چاپەمەنی‌و ڕۆژنامەگەری بکات ، بەڵام خۆشەویستی‌و بیرۆزی پیشەکە لە لایەك‌و پەنا بردنە بەر ژیان لەم ڕێگایەوە ـ بۆ هەندێك لەو کادرە ڕۆژنامە نوسانەمان ـ لە لایەکی ترەوە ، تاڕادەیەك چەند کادرێکی پیشەیی ڕۆژنامەگەری هاوچەرخانەی پێگەیاند •• هەندێکیش لە ڕێگای چاپ‌و ئەدەبیاتی کۆڕ‌و کۆمەڵ‌و تاقمە سیاسیەکانەوە پێگەیشتن ••

پێویست ناکات باسی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە بکەم کە تا ئیستا بە کوردی دەرچون چونکە لێرەدا تەنیا مەبەستمان بیرەوەری هەشتەم ساڵەی ڕۆژنامەی (هاوکاری)یە ••

ئەم ڕۆژنامەیە لە ٩ـ١ـ١٩٧٠وە بە یەکەمین‌و هەفتانە دلسوزی هەیە • ئابتوانی بەشەرەفەوە ووشەی خاوێن بکەینیتە خەڵك **بەچاوی خۆم ئەبینم گەلێك خامەی دلسۆز هەن ، بەپێی توانا درێغی ناکەن •• هەشە مەبەسی هەر ئەومیە کار بروابەرێوە •••** ئەو دەردی سەری‌و خۆ خواردنەوەیەی لە ڕۆژنامەگەریدا هەیە زۆر ناسۆرترە لەو کێشمە کێشەی کە لە زیانی ڕۆژانە زوربەی خەڵکدا هەیە •••

کاری ئێمە لەکاری ناوکارگەیەکی کیمیا گەری ناسکتروپڕ مەترسی ترە ، چونکە کەرەسەو بەرهەمەکانمان وەکو ئەو مادە کیمیاویانە نین کە هەر تینی بۆ سەر گیانی خۆمان هەبێ

ـ ئەحمەد غەفوور ـ
بڕوانە ل :

یەکەمجار کە سەرمکرد بە تەنیا ژوورە بچکۆلانە کەی هاوکاریداکرد ، چەند برادەرێك ، دوو مێزو تاوڵەیەکی گەورە ، چەند ئەسکەمیلێك کە جێگای دانیشتنی کەسی تریان لەسەر نەمابوو ، وام هەستدەکرد ئەو ژوورە بچکۆلانەیە دەرگایەکە بۆ جیهانێك ، جیهانێکی ئیجگار فراوانو بەریلاو ، کە جیهانی وشەو ، جیهانی ڕۆژنامەگەریە بەگشت گیرمەو کێشەو ، ماندوویوونە بە تامەکانییەوە •

گیانی خۆشەویستی‌و هاوکاری‌کردن لە نێوان ئەو چەند تازە ڕۆژنامە نووسەدا بەشی هەرە گەورەی گیروگرفتو کۆسپەکانی لادەبردو ، زیادە تامێکی تری بە ئەرکو کارەکە دەبەخشی •• ئەوەندە وشەی « هاوکاری » بەلای ئەو برادەرانەوە مەبەست بوو هیچ شتێکی‌تری تایبەتی ئەوەندە مەبەست نەبوو ، بۆیە سەرەڕای گشت کۆسپ‌و تەگەرەیەکی چاپخانەو ، پێت ڕێکخەرەو ئەوا عەرەبەکان کە ئەوانیش دەبوو ڕەنجێکی دووقات بدەن ، هاوکاری بە هێمن‌و هەنگاو لە دوای هەنگاو جێگای خۆی زیاتر لە جیهانی ڕۆژنامەگەریداو ، لە خزمەتی وشەی کوردیدا دەکردەوەو ، بەرەی پێدەدا • ڕۆژانی هەینی کە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی « هاوکاری » بوو ، بەلای هەر یەکێکمانەوە ڕێك لەو دەچوو جگەر گۆشەیەکمان چاوی لەم دنیا ڕووناکەدا هەڵهێنابێت •

خۆشترین ساتی گفتوگۆی نێوانیشمان ئەو ساتانەبوو کە لە ناو خۆماندا ، یان لە گەڵ ئەدیبو نووسەرو ڕۆشنبیرە دڵسۆزەکاندا باسی « هاوکاری » مان تیادا دەکرد کەمو کوڕییەکانیمان دەستنیشان دەکردو ، بە چاوی دڵخۆشییەوە دەمانڕوانییە هەنگاوە چاکەکانی •

ئێستایش پاش ئەوەی « هاوکاری » حەوت ساڵی تەڕوبڕی لە تەمەنی بەرێکردو پاش ئەوەی ـ وەك کوردەکە دەڵێت ـ لەخەم دەرچوو

صلاح شوان
بڕوانە ل :

هەرچەندە ماوەی دووساڵە ئیش لەڕۆژنامەی هاوکاریدا ئەکەم‌و بەیوەندیی پێش ئەو دوو ساڵەم بێیەوە وەك بەیوەندییەکێ لە خوێنەرەکانی بووە ، بەڵام زۆرم حەزکردووە بتوانێ وەك ڕۆژنامەیەکی ڕەسەنی کوردی بەچالاکی دەوری خۆی لەپێش‌خستنی ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی کوردیدا بگێڕێ‌و خزمەتی بیروڕاو نیازو خوازی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکات •

ماوەی ئەو دوو ساڵەش وەك هەموو ئەوخوشك وبرایانەی لە ڕۆژنامەکەدا ئیش‌ئەکەن ئەشکەنجەو مەینەتی کاروباری ڕۆژنامەیەکە حەفتەی ئەگەرچی هاوکاری تا ئیستا گەلێ کەندو کۆسپی هاتۆتەڕێ‌و تا ئیستاش ئیستاش ڕۆژنامەیەکە حەفتەی دوو جار دەرئەچێ‌و هەندێ کەمو کووڕی لەبابەت‌و بەشەکانی ڕۆژنامەگەریەوە پێوە دیارن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گوڕو تەکانی داوەتە بەرخۆی‌و بەپێی ئەوتوانا‌و دەرفەتەی لەدەستیدابووەو ئەو دۆخ‌و بارەش کەتیا دەرچووە کەمتەرخەمی نەکردووەو خزمەتی وشەی کوردی کردووە •

بە ئومێدیشم ڕۆژێ لە ڕۆژان هاوکاری ببینم وەك هەموو ڕۆژنامەکانی‌تر هەموو ڕۆژێك دەربچێ‌و چاپخانەی تایبەتی خۆی بێ‌و هەموو پێداویستیکی تەکنیکی‌و هونەری‌و کادیرو شارەزای تەواوو بەتوانای بۆ ڕەخسێنرابێ‌و خاوەن قەڵەمە خاوێنەکان بە وشەی ڕەسەن‌و ئامانجدار لایەڕەکانیان ڕازاندبێتەوە •

کریم احمد سعید

(هاوکاری) وا مۆمی نۆیەم ساڵەی تەمەنی دائەگیرسێنێ، هەشت ساڵی ڕابوردووی تەمەنی ئەم ڕۆژنامە کوردیەیە تازیزە ، زۆر یادگاری پیرۆزی لەدڵی ئەو ڕۆژنامە نووسانەدا جێ‌هێشتوە ،کە لەبال هیلاکی‌و ڕەتاندنەوەی بەردەوام لەماوەی ئیشکردنا توشیان هاتوە ، ئەو یادگارانە هەڵپیرۆژن ، چونکە تەقەللای دڵسۆزانەبوە بۆ ئەوەی ئەم ڕۆژنامەیە ، هەمیشە بەرەوپێشەوە بروات هەمیشە لە ڕادەی ئەرکی سەرشانی خۆیدابێ •

یەکەم دەستەی نووسەران

کە بیر لە ڕۆژانی یەکەمی دەرچونی (هاوکاری) ئەکرێتەوە ، ئەو چوار پێنج شەش لاوە خوێن گەرمە لەبیر ناچن کە تازە هاتنە دنیای ڕۆژنامەگەریەوەو یەکەم ڕەنجی ڕۆژنامە گەریشیان ژمارەی یەکەمی (هاوکای) (١٦) لاپەڕەیی بچوك‌بوو ، ئەوپێنج پڕادەرە (سەربەست بامرنی‌و عبدالله عباس‌و محمد عثمان عزیزو جەلال کەریم‌و صلاح عقراوی‌و زهیر النعیمی) بوون ، ڕۆژنامەکە ئەوسا سەرۆکایەتی نووسینی سپێردرابوو بە مامۆستا (منذر عریم) کە بەریوەبەری گشتی دەزگای ڕۆژنامەگەری‌و چاپەمەنی ـ دار الجماهیر ـی ئیتابو ، سەربەرشتی‌تر سپێردرابو بە برادەر (سەربەست بامرنی) • هەتا دەرچونی ژمارەی (٦)ی ڕۆژنامەکە ، هەرئەو دەستە نووسەرە بچوکە بوون ، بەڵام •• لەگەڵ ڕۆژگارو پێشکەوتنی ڕۆژنامەکە دەستەی نووسەران فراوانتر‌ـ بوون ، زۆر براو خوشکی تر هاتن‌و هەندێکیان پەردەوام کار ئەکەن‌و هەندێکیان ماڵ ئاواییان لەدەستەی نووسەران کرد بەهوی کاروواباری‌تری خۆیانەوەو (هاوکاری) ڕۆژنامە هەفتانە ئازیزەکەمان •• بەردەوام ئەروات • لەم بیرەوەریەدا ، سڵاوی ڕێزو خۆشەویستی بۆ تەقەللای دڵسۆزانەی هەموو ڕۆژنامە نووسیکی کە هەتا ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش بووبێ دەوریکی دڵسۆزانەی لەپێشخستنی ئەم ڕۆژنامەیەدا گیراوەو بەم بۆنەیەشەو ، **وا دەستەیەك لەوبراو خوشکانەی لەسەرەتاوە هەندێکیان هەر لەدەستەی نووسەراندا بوون هەندێکیان ماوەیەکە لەگەڵ تەمەنی (هاوکاری) دان بیروڕای خۆیان دەربارەی (هاوکاری) و یادگارەکانیان ئەگیرنەوە •**

● هەموو ژمارەکانی **(هاوکاری)** یەکێك بووم لە نووسەرەکانی ، لەئیشکەرانی، هەتا دوو مانگ بەر لە دەرچونی یەکەم ژمارەی ڕۆژو شەو زۆرم لەگەڵ یەکەم دەستەی نووسەرانا بەسەر بردوە کە تیایدا باسی ئەوەمان ئەکرد •• **(هاوکاری)** چۆن بێ‌و خوێنەر چۆنی ئەوێ ؟ لەبەر ئەوەش ، هەمو جارێ **(هاوکاری)** ساڵێکی تەمەنی بەرێ کردوەو پێناوەتە ساڵی داهاتو ، پێویست بوە شتێ لەم بۆنەیەدا بڵێم کە هەتا بڵێی لەلام خۆشەویستە •

ئەزانن ئەمساڵیش کە مومی تەمەنی نۆیەم ساڵی دائەگیرسێنێ چی ئەڵێم •• هەتا بڵێین ئەم ڕۆژنامە کوردیەیە ئازیزەم خۆش ئەوێ •• ئەم **(هاوکاری)یە** ئازیزە ••• هەرهیچ نەبێ کادیری ڕۆژنامەنووسی کوردی دروست کرد • (هاوکاری) قەڵەمی زۆر لاوی خوێن گەرمی بەهیزکرد •• (هاوکاری) هەشت ساڵە •• دۆستی خوێنەرانی کوردە •• وە (هاوکاری) مەشخەڵێکی زۆر ڕووناکی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری کەلەکەمانەو جێگای شانازی ئەوەیەکە •• وشەی کوردی پیرۆزی خۆش‌ئەوێ •

● **عبدالله عباس** ●

یەکەمجار کە سەرمکرد بە تەنیا ژوورە بچکۆلانە کەی هاوکاریداکرد ، چەند برادەرێك ، دوو مێزو تاوڵەیەکی گەورە ، چەند ئەسکەمیلێك کە جێگای دانیشتنی کەسی تریان لەسەر نەمابوو ، وام هەستدەکرد ئەو ژوورە بچکۆلانەیە دەرگایەکە بۆ جیهانێك ، جیهانێکی ئیجگار فراوانو بەریلاو ، کە جیهانی وشەو ، جیهانی ڕۆژنامەگەریە بەگشت گیرمەو کێشەو ، ماندوویوونە بە تامەکانییەوە •

لەم هەشت ساڵەی ڕابوردووی « **هاوکاری** »دا زۆر شتم زانی **هاوکاری** زۆر لە وشەی پیرۆزی فێرکردم و ئێستاش کە یادی دەرچوونی یەکەم ژمارەی « **هاوکاری** » دەکەمەوە واهەست دەکەم یادی لەدایکبوونەوەی خۆم دەکەمەوە •• « هاوکاری » تەنگو چەلەمەی زۆر دیوە تا گەیشتوتە ئەم ڕادەیە وەئێستاش ڕۆژنامەی هاوکاری تەگەر لە ڕۆژنامەکانی تر زیاتر نەبێت ! کەمتریش نیە! وە ئومێدەوارم

« **هاوکاری** » زیاتر بۆ ئینسانیەت بۆ وشەی پیرۆز بەکار بهێنرێت ••

محمد زادە

لەم هەشت ساڵەی ڕابوردووی « **هاوکاری** »دا زۆر شتم زانی **هاوکاری** زۆر لە وشەی پیرۆزی فێرکردم و ئێستاش کە یادی دەرچوونی یەکەم ژمارەی « **هاوکاری** » دەکەمەوە واهەست دەکەم یادی لەدایکبوونەوەی خۆم دەکەمەوە •• « هاوکاری » تەنگو چەلەمەی زۆر دیوە تا گەیشتوتە ئەم ڕادەیە وەئێستاش ڕۆژنامەی هاوکاری تەگەر لە ڕۆژنامەکانی تر زیاتر نەبێت ! کەمتریش نیە! وە ئومێدەوارم

بڕهان قانع

institut kurde de Paris

هاوکاری : « ٨ » ساڵ خزمەت لە پێناوی بەهێزکردنی برایەتی و یەکێتی نیشتمانی و پێشکەوتنی گەل و وڵاتدا

لەدەرچونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی هاوکاری لە ساڵی ١٩٧٠دا تاوەکو ئەمڕۆکە ، ئەم رۆژنامەیە بێوچان شان بەشانی هەمو رۆژنامەو گۆڤارە کوردێکانی دیکە هەوڵی خزمەتکردنی داوەو بەبێ لادان لەرێبازی پێشکەوتنخوازانەی خۆی ، لەسودبەخشین بەجەماوەری گەل دوانەکەوتوە ..

لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتادا هەفتەی یەکجار دەردەچو ئەوا بۆ ماوەیەکە بۆتە هەفتەی دووکەرەتو بەهیوای ئەوەی لەدوارۆژێکی نزیکدا ببێتە رۆژنامەیەکی رۆژانەو خزمەتێکی زیاتر بە گەلو کۆمەڵ بکەیەنێت ..

ئەگەرچی کاری رۆژنامەگەری کارێکی پڕ لە دەردی سەریو ماندوبونو سەرئێشەیە لەگەڵ ئەوەشدا کارەکە هێندە پیرۆزە ئەوە دەهێنێت کە مرۆڤ گوێ نەداتە ئەوئەرکی ماندوبونو کۆسپو تەگەرانەی جاروبار دێنە ڕێگای کارکردنەوە .. ئاواتی دوارۆژم بۆ رۆژنامەی هاوکاری خۆشەویست ئەوەیە کە زیاتر پیشەکەوتن وەدەستخات و لەدوارۆژێکی نزیکدا ببێتە رۆژنامەیەکی رۆژانەو خزمەتێکی زیاتر بە گەلو کۆمەڵ بکەیەنێت ..

نوری حەیران

لەم رۆژانەدا رۆژنامەی « هاوکاری » هەنگاوی بەرەو پێشەوەی ئەنێو ئەچێتە ساڵی نۆیەمیەوە لەماوەی هەشت ساڵەی تەمەنیا بە چەند قۆناغێکدا تێپەریوە . دواییەکەی ئەوەبوو کە لە رۆژنامەیەکی هەفتەییەوە بوو بە رۆژنامەیەکی نیو هەفتەیی و لەهەفتەیەکدا دوو ژمارەی دەرئەچێ . دوای ئەوەی بە لتر پرێس چاپ ئەکرا بە ئۆفسێت چاپ ئەکرێ کە ئەمە هەنگاویکی پێشکەوتوە لە دنیای رۆژنامەگەری کوریدا .

لەگەڵ ئەوەشدا دوو رۆژنامەیەتری کوردی لەعیراقدا هەن کە « عیراق »و « بیری نوێ »یە و بەر لە « هاوکاری » بە ئۆفسێت دەرچون ، بەڵام « هاوکاری » لە شێوەو ناوەرۆکدا هەنگاویکی زۆر سەرکەوتوانەی مەزنی بێوێنەی ناوە کە بە پێشکەوتنێکی هەرە گەورە لە رۆژنامەی کوردیدا دائەنرێ

بیرەوەرییەکانم لە گەڵ رۆژنامەی هاوکاری ئازیزدا ئەگەرێتەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵەکانی ٩٧٠وە .. هەر لەو ماوەیەدا بەرە بەرە لێی نزیک بوومەوە . تاوای لێهات لەڵام ببێتە برادەرێکی زۆر خۆشەویست .. ئاخۆ ئەم خۆشەویستیە لە نێوان گەنجێک کە لە لاوێتیە هاتبێتە شارو رۆژنامەی هاوکاریدا چی بێت ؟! لێرەدا هەر خۆم وەڵامی ئەو پرسیارە ئەدەمەوەو ئەڵێم : زمانی هاوکاری یەکەم هۆی هەرە گەورەی ئەو پەیوەندیە توندو تۆڵەبوو کە لە بەینی منو هاوکاریدا دروستبوو .. چونکە گەنجێکی وەکو من کە لە کوڕێکی دواکەوتوو ودووری کوردستانەوە هاتبوومە شاری بەغدا زیاتر هەر ئەو زمانەم ئەزانی و ئەم ئەویست کە لێم دووربکەوێتەوەو زیاتر پالبێتوە ئەنام خۆم بەو رۆژنامەیە بگرمو پەیوەندیم لە گەڵدا نەپچڕێنم .. ئەمە هەنگاوی سەرە تایبوون کە لە گەردەلوولی هاوکاریو تەنگو چەلەمەی دەرچوونی نزیک ببمو بەش بە حاڵی خۆم ئەو ئێشو ئەشکەنجەی کە هەمو رۆژنامە نووسەکانی هاوکاری چەشتیویانەو ئەچێژن منیش بچێژمو شەوان تا بەرەبەیانیان لە گەڵدا بێدارببمو پروشکی قورقوشم ببێتە شەو چەرەمو دەنگە دەنگی ئامێری چاپکردنی مۆسیقای شەوانە مبێت .

بەڵام لەگەڵ هەمو ئەو دەردەسەریەش هاوکاریم خۆش ئەوێ و هەتا دوا هەنسکی ژیانم وەکو خرۆکەیەکی خوێن لە دەمارەکانمدا هاتو چۆ ئەکات .. چونکە هاوکاریبوو چونکە ئەم رۆژنامەیە سەرەرای زۆر گیروگرفتی ئیداری و چاپەمەنی و تەکنیکی لەماوەی هەشت ساڵدا توانیویەتی بەردەوامبێو بەردەوامیش پێش بکەوێ تا رادەیەك .

« هاوکاری » خوێنەواری تایبەتی زۆر بو خۆی زامن کردوە کە بە ئارامەوە هەمو جار چاوەڕێی دەرچونی ژمارەی تازەی لێئەکەن . بەم بۆنەیەوە بەگشتی هەندی باری سەرنج دەرئەبرین : دابەش-

بکرێت تاکو هاوکاری ببێتە رۆژنامەیەکی رۆژانەو خۆی بکات بە هەمو کوێو قوژبێکی کوردستانەوە .. لە دواییدا هیوای سەرکەوتن بۆ عاشقانی رۆژنامەی هاوکاری دەستەی نووسەرانی ئەخوازم .

زادوق آدم

بەبۆنەی بیرەوەری هەشت ساڵەی دەرچونی (هاوکاری) یەوە ، چەپکێ گوڵی نیرگز بۆ ئەم رۆژنامە ئازیزەو هەمو کارگیرانیو خوێنەوارانی پێشکەشی ئەکەمو ئومیدەوارم زیاتر بەرەو پێشکەوتن پروات لەخزمەتی وشەی کوردیداو لەبزوتنەوەی رۆژنامەگەری کوردیدا ، ئەوی راستی بێ رۆژنامەی (هاوکاری) لەم هەشت ساڵەدا گۆڕانی بەرەوپێشکەوتنی باشی لەرووی هونەریەوە بەسەر هاتوەو لەگەڵ هەمو خوێنەرانیشدا هیوای ئەوە ئەخوازم لەرووی نووسینیو بەرهەمەکانیشیەوە لەرادەی ئارەزوی خوێنەراندابێو هەروەها هیوادارم کە چاپخانەی تایبەتی خۆیی هەبی تاکو لە تەنگوچەلەمەی چاپکردنی رزگار ببێ .

پاکیزە محمد صدیق

ئەوانیش بەزووی چارەسەریان بکەن . ئاواتەخوازم هەمو ژمارەیەکی هاوکاری لەکاتی خۆیدا بگاتە دەستی خوێنەران بۆ ئەوەی ئەوانیش زیاتر تامو جێژی لێوەربگرن .

فریا جاف

● مشت نموونەی خەرواره . بیروەریەکانی منیش لە هاوکاریدا مشتیکە لەم خەرواره « پیشەی شەکەتیو سەریەشیە ، کە سەرەڕای هەمو دەردە سەریەکانی ، شتی خۆش و بەتامو بەنرخو سەیر سەیریشتیدایە . من لە هاوکاریدا جاری وابوە ، گەیشتۆتە نووکی لووتم ، و وەکو گای هاج فیشکاندوومە ، جاری واشبوە ، وەکو پاش تینویەتێکی زۆر کاسەیەك دۆی سارد هەڵوێنی یان پاش شەکەتیەکی زۆری رێگا بڕینێکی بەرهەتاوی مانگی تەموز بکەیتە بەر زەوەزە شاخێك یاڕێز نامە تووپەکی پاراوو بەکسەر خۆتی لێ بدەی بەزەویدا ، ئاوا هەستم بە حەسانەوەو خۆشی کردوە ... خۆشیوتاڵی ، « تاڵەوە کەرەی خۆشەوەکەرە » یی یە ، لە واقیعدا ، پیشەی رۆژنامەنووسی : هاوکاری بۆ ماوەی زیاتر لە حەوت ساڵ ، بێ ووچان ، هەفتەی جارێك دەرهێنراوە ، ئەمە ، بەراستی ، « رووداو »ە لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردیدا ، پاشان برادەران شانیان ناوەتە بەرو کردوویانە بە هەفتەی دوو جارە ، ئەمەش ، « هەنگاویکی نوێی زۆر بە بایەخە لەم مەیدانەدا . رەخنەم لە جۆری دەرکردنی رۆژنامەکە ، لە بابەتەکانی ، لە شتی تری هەیە ، ئەمە بەجێی خۆی ، بەڵام هەرگیز لەوە کەم ناکاتەوە کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردیدا ، رۆژنامەیەك هەشت ساڵی رووبەق ، بێ هەڵوەستە و نووچدان ، دەزدەچێ ، بە زمانی شیرینی نەتەوەکەم شت دەنووسێ .. زۆر جار برادەرانی لێپرسراو لە رۆژنامەکەدا ، دەڵێن ئەها ئەوەندەی نما رۆژنامەکە بکەین بە هەفتەی سێ جار ، هەر ئەوەندەیە بال ناگرم و نادەم بە ئاسماندا ، چونکە ئەمە مژدەی ئەوەی لە پاڵدایە کە رۆژێ لە رۆژان ، زۆر دوورنا ، بشکرێ بە رۆژانە ...

بەڵێ ، کە دەڵێم « رۆژانە » واتا ئاواتی من وەکو رۆژنامەنووسێکی کورد کە ئاواتی ئەوەیە رۆژنامەیەکی رۆژانە بە زمانەکەی وبە تازەترین و پێشکەو تووترین کە رەستەی چاپکردن دەرچێ ، خەرمانی رۆشنبیری کورد هەربێتو بەرینتر بێتەوە ، لە پاڵ ئەو خەرماندا ، جێ بۆ خەرمانی تر چاك بکرێ ، رۆژنامەگەری کوردی بکەوێتە لقو پۆپ هاویشتن ، تەرز فرێدا ، رۆژنامەی منداڵانمان هەبێت ، هی ئافرەتانمان هەبێت ...

بەڵی ئەو « رۆژە »ی من چاوەڕوانیم ئەم هەمو تاڵە تیشکانە دەهاوێ .

ئەمین شوان



● بەبۆنەی بیرەوەری هەشت ساڵەی دەرچوونی « هاوکاری » یەوە پیرۆزبایی لە هەمو ئەوبراو خوشکانە ئەکەم کە ئیش لەمڕۆژنامەیەدا ئەکەنو پیرۆزبایی هەمو خوێنەرانی ئازیز ئەکەمو هیوادارم هەوڵو تەقەللای فراوانتر بەری بۆ زیندوکردنەوەی وشەی کوردی بۆژاندنەوەی باشە رۆژی ئەوەی داهاتومان .

وەك یەكیك لەگەڵ ئەوبرایانەی لە « هاوکاری »دا کار ئەکەین ، حەزئەکەم دەربارەی یادگارەکانم لەم رۆژنامەیەدا بڵێم ، ئەوەی لەکاروبارا توشمان بوە ، هەرچەندە کاروباری رۆژنامەگەری گرانو پڕ لە کوسپە بەڵام ئیشێکی خۆشەو هەمو شتێکی تازەتری مرۆڤ ئەکاتو من بەش بە حاڵی خۆم ناتوانم خۆم لەکارەکەم جیابکەمەوە ، هەرچەند توشی ماندوبون ئەبمو شەونخونی ئەکەینو بەسەرماو باران و گەرما کارئەکەین بەڵام دەربەدەستنیم چونکە لەگەڵ دەرچونی هەمو ژمارەیەکی تازەی « هاوکاری » کە لە بەرەبەیاندا ئەبێ هەست بە پشویەکی خۆشو شادمانی ئەکەم ، « هاوکاری » ئیستا لەرووی هونەریو چاپەوە جیاوازیەکی گەورەی هەیە لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتای ژمارەکانی یەکەمجاردا ، بەڵام لە لایەنی کەرەستەی نووسینەوە هیشتا بەلانی منەوە هیشتا ماویەتیو لە رادەی هەمو رۆژنامەکانیتری عیراقدا نیە ، بەپێی خواستی خوێنەری گەلی کوردمان لاپەرەی رۆشنبیری هیشتا تیرو تەسەل نیە ، بەتایبەتی لاپەرەی بادینانی ، حەزئەکەم لاپەرەی کاروباری دەوڵەتمان زیاتر بایەخ بەشتی تازە بدات لەباڵ ، ئەو رووداوانەی لەدنیادا رووئەدەن بەتایبەتی وڵاتانی عەرەب ، حەزیەش ئەکەم لاپەرەی لیتکولینەوە زیاتر پێش بکەوێو هەواڵو لیتکولینەوەی زیاتری دەربارەی گۆرانەکانی ناوچەی کوردستانی تیابێ .**

پێشکەوتنی رۆژنامەکەمان کە لەگەڵ رێبەرەوی پێشکەوتنخوازانەی شۆڕشی ١٧ی تەمموزی نەمردا ئەروات لەخوای میهرەبان ئەخوازم هەنگاوی زیاتر بەرەو پێشەوە بنێ لەخزمەتی وشەی کوردیدا لە عیراقی برایەتیو یەکیتیداو لەدوایدا چەپکە گوڵیك بۆ رۆژنامەی هاوکاریو خوێنەرانی « هاوکاری » و سوپاس .

ئەکرەم محمود سمین

ئەم تەمەنەی رۆژنامەکە هەرچەندە کەمە .. بەڵام زۆرچاکم لەیادە .. کەکاتی زو لە دار الجماهیر دەرئەچوو چەند برایەکی کەم ئیشیان تیانەکردو زۆرێکی بچوکمان هەبو بەڵام ئێوارە لەچاپخانەکە ئەهاتینە دەرێ رۆژنامەیەکمان بەچاپکراوی ئەخستە گیرفانو ئیشمان تەواوئەبو .. کەچی ئەم رۆژنامەیە لەبەر پیتو فەرەی ئەومادانەی کە نیدا ئەنوسرا لەهەمو رویەکی رۆشنبیریو هونەریو کۆمەڵایەتیو فەلسەفیو فۆلکلۆریو ئەتەوایەتیو جیهانیو مێژوییەوە لای خوینەوەران پەسەندو جێی رێزبو ..

ئەمرۆش کە رۆژنامەکەمان (هاوکاری) هەشت ساڵ بەسەر تەمەنیا تێئەپەڕیو لەجیاتی ئەوەی کە هەفتەی جارێك دەرئەچوو .. بۆتە هەفتەی دووجارو ئۆفسێتو لەوتەقەللایە کەمتەرخەمی نەکردوە کە لەوەوپێش داویتی ئەوە یادگارەی هاوکاریم هەرگیز لەیاد ناچێت کە سەرەتای پێنانە ژیانیەوە بوو منیش هێشتا یەکەم ساڵی دانیشکامبو وە بەدڵنیای ئەم ئەزانی لەکام قوژبنی بەغدایا هاوکاریم چنگ ئەکەوێت بۆیە چەند جار لە مەیدانەوە تێم ئەتەقاندو لەرۆژنامە فرۆشەکانم ئەپرسی (اکو هاوکاری ؟) لەبەرئەوەی ئەوکاتە هێشتا هاوکاری ساوابو بۆیە ئەوانیش ئەساکانو تاتێم ئەگەیاندن ئەوندەی تر سەودای هاوکاری ئەبوم .

هیوادارم لە باشە رۆژدا هاوکاری بتوانێت لە هەمو لایەکانیا لەگەڵ نوسەرەکانیا بەیەك شێوەزمانی ئەدەبی یەکگرتو شادبێتو رێنوسی ئەم لەوی تر جیاوازی نەبێت ، هەروەها هیوادارم لەمەودوا بتوانێت لە ئیستا زیاتر بچێتە ناو جەماوەرانەوەو زیاتر بایەخ بە نوسەرە تازە پێگەیشتوەکانمان بدات ، دیسانەوە هیوادارم لەباری ئابوریەوە بتوانێت بایەخ بەتەتگو چەلەمەی دانیشتوانی شارو گوندەکان بداتو هاوازیان بخاتە پێش چاوی لیپرسراوان بۆ ئەوەی ئەوە بکەن کە لەهەموو بەشەکانی ژیانی ئەم وڵاتەدا بەرەو پێشچوون بەدی بکرێ .

عبدالله بابە عەلی

● لەگەڵ داهاتنی هەمو ساڵێکی تازە ، رۆژنامەی خوشەویستمان (هاوکاری) ساڵێکی تر ئەخاتە سەر ساڵانی ئیشی بێ وچان لە پێناوی رۆژێکی باشتر و پێشکەوتووتر بۆ میاڵەتەکەمان .

لە بیرەوەری رۆژنامەکەماندا هەمیشە ئەو رۆژە دێتەوە یادم کەوا بەرێکەوت رووم تێکرد بۆ ئەوەی وەکو موچەخۆرێك تیایدا دابمەزرێم ودوای دامەزرانم لەم رۆژنامەیەدا ئەوەندەی بێ نەچوو ، کە خۆم دی بە یارمەتیو ئاراستەکردنی برادەرانو نووسەران لە رۆژنامەکەدا بەشداری ئەکەمو لە رێگایەوە بروم بە رۆژنامەنووسی .

رۆژنامەنووسی هەرچەند پێی ئەووترێ (پیشەی گەران بەدوای هیلاکیدا) بەڵام بەلای منەوە ئەو ماندوبونو هیلاك بوونە چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە چونکە لەگەڵ داهاتنی هەر رۆژێکی تازە ئیشێکی ترو نوێ تر دێتەکایە وەو رۆژی پێشو دووبارە ناکرێتەوە واتا ئیشێکە دوورە لە رۆتین ، هەر لەبەر ئەوەش زۆر بە بەرۆشم ئەو خەوەی کە ساڵەهای ساڵ نەهاتۆتە دی لە ساڵی ١٩٧٨ دا بێتە دیو رۆژنامەکەمان ببێتە رۆژنامەیەکی رۆژانە .

شنە

● لەماوەی هەشت ساڵی دەرچونی رۆژنامەی (هاوکاری) ئازیزداو تا ئێستاش ، ئەم رۆژنامەیە ، دڵسۆزانە هەنگاوی بەرەوپێشکەوتن ئەنێ لەجیهانی رۆژنامەگەری کوردیدا هەمیشەش تەقەللای ئەوەی داوە زیاتر جێگای خۆی لەناوخوێنەرانی کوردا بکاتەوە بەبڵاوکردنەوەی

رۆشنبیری شۆڕشگیرانەو هوشیاری لەناو هەمو ریزەکانی گەلە تێکوشەرەکەمانا دوای ئەو گوزانو پێشکەوتنەش (هاوکاری) گەیاندە ئەوەی هەفتەی دوو جار دەرچو تەوانیویەتی ئیستا هەواڵ ودەنگوباسو گۆڕانە پێشکەوتوەکانی ناوچەی کوردستان باشتر رابگەیەنێو ئەوەیشی بەوردی سەرنجی ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیەی دابێ بەئاسانی هەست بەوپێشکەوتنە ئەکات . منیش وەك کچە کوردێك کە لە بەشێکی ئەم رۆژنامەیەدا کارئەکەم (ئارشیف)ی رۆژنامەکە ، هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ ئەخوازم ، لەگەڵ خواستما کە زیاتر بایەخ بە کاروباری ئافرەت بدات چونکە رۆژنامەکەمان سەرچاوەیەکی رۆشنبیری گەلەکەمانەو زیاتر لاپەرەکانی بۆ قەلەمە لاوەکان بکاتەوە .

سەرگول تەیمور

وچاوەروانی باشترین باشەرۆژی روناکین لەسەردەمێکی نزیکداو هەر باشەرۆژیشە ئاوێنەی هەوڵی هەمو دەستەیەکە لەم جیهانەداو باشەرۆژی هاوکاریش ئاوێنەی هەوڵو دەستوخامەی رۆشنبیرانو نوسەرانی کوردە .

حمە سعید حمە کریم فرج

● گەلێ شادمانبوون کە زانیان رۆژنامەیەکی کوردی بەناوی هاوکاری لەریزی رۆژنامەکانی عێراقدا خەبات ئەکات بۆ پێشخستنی وولاتو بەزمانی کوردی رۆشنبیریو ئەدەبو هونەری نەتەوەی کوردو سروشتی کوردستان بڵاو ئەکاتەوە .

● ئاواتەخوازم کە رۆژنامەی هاوکاری لە باشەرۆژێکی نزیکدا ببێتە رۆژانەو زیاتر پێشبکەوێو زۆرترین ژمارەی لێ چاپبکرێو هەمو خوێنەواری کوردیش لەناخی دلیانەوە بیخوێنەوەو نوسەران بتوانن بەهۆیەوە زیاتر ئەتەمو ئەدەبمان بەنەتەومکانیتر بناسێنێو ببێتە هۆی پێشخستنی فۆلکلۆری کوردی رەسەنمان کەبەردی بناغەی پێشکەوتنە لەزۆر لایەنی ئەم رۆژەدا .

● هاتنەدی ئەم ئاواتو خواستانەیش نیوەیراستی ئەکەوێتە سەرشانی نوسەرانو رۆشنبیرانی گەلی کوردمان چونکە کورد واتەنی « چەپڵە بەدەستێ لێنادرێت »و پێشخستنی رۆژنامەیەکیش ئەگەر مەبەست لەشێوەو ناوەرۆکو بیت ئەبێ هەولێ تایبەتی رۆشنبیرانو نوسەرانی لەڕادەبەدەر هەموان قۆلی لێهەڵکەنو جار دەربچێ توانیویەتی ئیستا هەواڵ ودەنگوباسو گۆڕانە پێشکەوتوەکانی ناوچەی کوردستان باشتر رابگەیەنێو ئەوەیشی بەوردی سەرنجی ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیەی دابێ بەئاسانی هەست بەوپێشکەوتنە ئەکات . منیش وەك کچە کوردێك کە لە بەشێکی ئەم رۆژنامەیەدا کارئەکەم (ئارشیف)ی رۆژنامەکە ، هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ ئەخوازم ، لەگەڵ خواستما کە زیاتر بایەخ بە کاروباری ئافرەت بدات چونکە رۆژنامەکەمان سەرچاوەیەکی رۆشنبیری گەلەکەمانەو زیاتر لاپەرەکانی بۆ قەلەمە لاوەکان بکاتەوە .

سەرگول تەیمور

Institut Kurde de Paris

پێشکەشە بە رۆژنامەی هاوکاری خۆشەویست

کەئارەزووم

جلەوکێشی ڕێبەندانی بەرپێی تۆمو ..
باوەڕپێنەو سوێندم بە دووچاوت دەخۆم
ڕێشاندەری تیفی ئەبرۆی سەرڕوناهی
دووبەدەنمو .. دەنگی نوساوی ئەم بلوێرەم
کە لە ڕۆژی زەماوەندی ..
پەلەهەورو نمەی باران
دەچێتە ناخ گەلای سەوزی
ڕەگ بەهەزرەت تامیژیان
ئارەزووم و ...
کە ئارەزووی پەیمانێکی بەشۆکاوی
پاش مژدەکەی دەستی بۆستبم
کە هاواری بوخچەیەکبم
لەگەل لیرەو زێڕو زیوی پیرەژنێکا
لەدەلاقەی کۆنەژوورێك
سەرخۆش کرابم
منم بەراتی قوربانی
زووکەن ، وەزن ... سەرم ببڕن
بمکەن بەنان ، بەخۆراکی پرسیەکان
بمدەن بەئاو .. بۆ تێنووەکان
بمکەن بەدەنگی زەماوەند
بەئاگری سوتێنەری ...
زنجیر ، پێوەند
لەگەل شیعری شاعیرەکان
بمبەنەناو ووشەی زالی هەژارەکان

نزار خەیلانی
تەمووزی ١٩٧٧

پاییزەڕان

کەمال مەمەند

خۆش خۆش باران دەباریو بەسەر ناوچەوانی
هەتاودا هەل دەرژێتە خوار ..

ئەمە زەماوەندی ڕازاوەی پاییزە ، یان تەرمی هاوینی
شەنگ .. لەو دوورەوە

وەك تارمایی بەسەر ڕۆخی تینووی دێمەکارەکاندا
هەنگاو دەنێیو بەدوای

بریقەی ترلویلکەکاندا عەو دالی .. هاوار دەکەی :
داد لەدەست دل .
سەرانسەری زەمین گولاو پژێنکراوە . زارۆکەکان
یاری

دەکەنو خۆلەبەنانی لەژێر پێیاندا بۆتە پەلکەزێرینە
.. تریقەی

پێکەنینێکی بۆ ناونیشان ژەنگی ڕوالەتێکی گرژ
لەپێش چاوانتا

دەشواتەوە .. لەو دوورەوە دەرگای هەناسە
گەرمەکانت

لەسەر خۆت داخستووەو هاوار دەکەی : داد لەدەست
دل .

بۆل بۆل مەلی ڕەنگین ئاسمانی تەڕ بەبالەکانیاندا
دەکەنو

وەڕزە سازگارەکان لەگەل خۆیاندا دەبەن .. شەقەی
بالیان خەزانی

سنوورەکانە .. بۆ دوور چاوەکانت دەفڕن بەکوێری
دادەنیشیو

هاوار دەکەی : داد لەدەست دل
گۆرانییەکی سەوز هەستەکانت هەلدەگرێتو دەیانبا
بۆ ئاسمانە دوور دەستەکان ..
دەنگەر گۆلبارانت ئەکەن .. نازانی

بۆ نابیسی .. گوێیەکانت لە کوێ بەجێهێشتوون !
بەلام

دەزانی کە دلت لە دەست داوەو هاوار دەکەی :
داد لەدەست دل .

لە کوێیکی یەکجار بچووکەوە دەڕوانی .. بەلام چار
نیە تەنها لەو کونەڕا دەتوانی

هەموو جیهان ببینی !! ئەوەتا ئاسمان دیارە .. باران
دیارە .. منداڵ .. خۆر ..

بەلام هەموویان بچووك دەبنەوە .. بچووك دەبنەوە ..
تا دەبنە تاقە

چۆلەکەیەك .. لەسەر جلی خەمەکانت هەلدەنیشێ ..
بۆنی
گوڵی ژاکاوی خۆشەویستیت دەکاتو دەکەوێتە
ناو قەفەسی
دلتەوە .. دنیا کۆلێکی گرانە !! بۆیە هێشتا
هاوار دەکەی :
داد لەدەست دل .
منداڵێك بە هەناسەبڕکێ لەبەر دەمتا دەوەستێ :
لێی دەپرسی :
ماندوویت ؟! ئیت دەڵێ : دەس بخەسەر دلم بزانە
چۆن لێدەدا ..!
ـ ئاه .. داد لەدەست دل ـ

ناهەیدەك بو یارا من

● محفوظ مائی ●

وەرە یارێ ...
تو بخودێکەی بینە جارێ
وێ بوهارێ ...
ئەو بوهارا لێ گرێدەن
گوفەندەکێ زەری وبەری
خولپو تەڕاشو داربەڕوی
باوەریکە

ئەزێ ڕەبەن ...
هێشتا گرێدایێ تەمە
بەندەواری ..
سەیرانو داوەتا تەمە
وەرە زویکە ..
دیلانو شاهیا نویکە
لەعلیخانا هەسەن ئاغای

شەنگە کولیلکا گوفەیی
زینا ئەفین لێ بویە خوین
خەجا دلێ تەڕ لێبەیی
بکە بەربیکو هاریکە
مرۆڤو کەس

هندی هەین هندی هەیی
ژ هەر چار جها چەندی بگەیی
داوەتیا تو گازیکە
وەرە زویکە ..
نەبێژە لاو قوچالیکە
هێژ بچویکە

نە ... نە
باوەربکە
هندە دێ پیربیت تێزیکە !!
زویبە یارێ
هزرا نەکە

دێ تە کەمە ددلێ خۆدا
ناف هزار سرتو زنارا
نو فەشێرم

لبن سیبەرا کەفرو دارا
ژ بەر بەکرۆکا .. ژبەر نەیارا
داتە نەبێتن چو جارا
دێ بەردەم جەرگو دلێتوان
میرلو دویشکو مارا
وەرە بارێ ..

تۆلەپی دەستما دەبینم

مارف عمر گول

من دەتبینم ..

لە جوغزی وێڵی خۆما سەر دەنێمە لەپی دەستم

تۆ دەبینم سەر دەکەیتە سەر سینەمو نامدۆینی

گوزەر دەکەی .. نەرمە ڕەوتی بالات هەمو باسێکی
پێیەو

تاقە هەواێکی تیژ ڕەو بە گوێی منا ناچڕێنی .

بمدوێنە ...

ئەگەر تۆ هێلانەی دلم نەبی ،

ئەی کێ باوەش بۆ تەنیاییم دەگرێتەوە !

گەر تۆ نەبی کێ دەڵێ من تاقە خۆشەویستیکم هەیەو

دلەکەم لە سۆنگەی ئەوا دەخولێتەوە .

بمدوێنە .. دل نامرێ

ئەگەر تۆش نەدەن بەمن ،

خۆ دلی من تەنیا بۆ تۆ گول دەگرێ ،

من دەتبینم ..

سەر دەنێمە ناوێنەی لەپی دەستم

لەم دوورەوە دلم لاتەو دەس لە ملی بالات دەکەم

بۆت دەگریم .. کە بۆت دەگریم ، ناگریم

هەمو گیانی تینوم لەبەر بالای پڕ ئەوینی تۆ ڕادەخەم
کە بۆت دەمرم ، نامرم

کە دەتبینم چەند مەزنی .. هێندەی گەورەیی تۆ
دەنگی بەرزم دەگاتە ئەو خێلە ...

هەگبەی هەوالی ئەو گەرمەسێرە بەتۆ دەڵێ ،
چۆن دەتوانم ناوت نەبەم
کاتێ پێ بە دلی منا دەنێن ،
ناوت دەبەم ..
بەخۆم دەڵێم .. بە خۆت دەڵێم
ناوی هەمو لوتکەو خەرەندێکت بەگشت دونیا دەڵێم
تووڕە دەبم .. سەر دەنێمە لەپی دەستم
تووڕەییم دەبێتە دەنگی بیرم .

بە غیا ١٩٧٦

شتێك دەربارەی چیرۆکی فارسی

لەمەیدانی چیرۆك نووسیندا گەلێ سوارچاکو پالەوان لێهاتوویی و توانای خۆیان دەرخستووە بوونەتە ئەستێرەی ئاسمانی ئەم بەشەی ئەدەبی فارسی ... بۆ ئەمەش مەگەر ناوی هەندێکیان نمونەی چەندەهای تری شارەزاو بەهرەوەری ترنەبێ ؟

★ (سادق هیدایەت) ی هونەرمەندو چیرۆك نوس لە هەڕەتی لاویدا بەدەستی خۆی کۆتایی بەنەمەنی خۆی هێنا ، گەلێ کۆمەلە چیرۆکی کورتی بەجێهێشت کە نمونەی شێوەیەکی دیارو تایبەتین بەخۆی : (حاجی ئاقا ـ سە قطرە خون ـ زندە بگور ـ علویە خانم ـ سك ولگرد ـ سایە ڕوشن) وە لەبەرهەمە شانۆیی یەکانی : (مازیار ـ پروین ـ دختر ساسان ..) ، وە لە ڕۆماندا (بوف کور) ، کە هیدایەت لەم بەرهەمانەیدا بە شێوەیەکی ڕاست ژیانی خەلکی ئێران دەخاتە ڕوو لە قسەکانیدا بەزمانی پالەوانەکانیەوە شێوەی قسەو وتو وێژی خۆمالی بەکاردێنێ ، ئەمەش وا لەو خوێنەرانە دەکا کە شارەزای شێوەکانی زمانی فارسی نین تا ڕادەیە نوسراوو چیرۆکەکانی هیدایەتیان بەلاوە گرانو نادیاربێ ، بەتایبەتی کاتێ کەبزانین ئەتەوەکانی ناو ئێران هەریەکە خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیەتیو جەندەها شێوەی جیاجیای لێ بۆتەوە .

سادق هیدایەت لە ڕوانگەیەکی مرۆڤانەوە ژیانی گەلانی ئێرانی ئەدیو شەیدابوو بۆ تێکەل بوون لە گەلیاناو باسکردنی کێشە جۆراو جۆرەکانیان .. زۆر جاریش بەناخی ئەم کێشانەدا دەچووە خوارەوە تا دەستی لە ماکەکەی دەداو شوێنەکەی بۆ ئەوەی داهاتو دیاردی دەکرد .

★ (سەید محمد علی جمال زادە) ی قسە خۆشو توانجگر ، خۆشەویست لە لای ئێرانیانو خاوەن پلەیەکی بەرزو تایبەتی لە دلیاندا ، لە زۆر لای گوزەرانی گەلانی ئێرانی کۆلیوەتەوەو وەك هونەرمەندێکی کارامەو زیر لە بەرگێکی ڕیالیزمی لاقرێیو توانج گرتندا خستوویەتە ڕو .. بەوبەپی سرکیو شۆخی یەوە وشەو زاراوەی خۆمالی دێنێو دەباو یاریان پێ دەکا .

(یکی بود یکی نبود) ، بۆ ئەم کۆمەلەشی پاشکۆیەکی بچوکی لە کۆتاییدا کردووە کە لە شێوەی فەرهەنگێکدایەو هەرچی وشەو زاراوە خۆمالیەکانە لێکی داونەتەوە تا خوێنەران هەمو تێی بگەن ، خۆ ئەگەر لەگەل هەریەکێ لە بەرهەمەکانی تریدا ئەمەی بکردایە ئەوا گەلێ گرانیو هیلاکی لەکۆل خوێنەر ئەکردەوە (بە تایبەتی ئەوانەی شارەزای شێوە خۆمالیەکانی ناو ئێران نین) .

★ (محمد حجازی) بەناوبانگە بە نوسینی چیرۆك و لێکۆلینەوە لەسەر ئەم بەشەی ئەدەبی فارسیو کۆمەل چیروکێکی کورتو جەند ڕوتارێکی ئەدەبی تری بلاوکردوتەوە .

★ (علی دشتی) ژیانی خۆی دابەش کردووە بەسەر ئەدەبو سیاسەتدا ، سەردەمی بالیوزی ئێرانبوو لە میسر ، لەمەدا سودێکی گەورەی بەدەستهێنا لە شارەزا بوونیدا بە ئەدەبی میسریو ڕێبازی چیرۆکی میسری ، چەنەها وتارو لێکۆڵینەوەی بەنرخی دەربارەی چیرۆکی فارسیو میژوو چۆنێتی ئەم بەشەی نوسیوە ، بەرهەمەکانی نیشانەی کەسێکی خاوەن بەهرەی تەواوو شارەزایی یەکی کاملی لێوە دیارە ، بەتایبەتی ئەو زنجیرە نوسینانەی کە لە گۆڤاری (یغما)دا بلاوی کردنەوە دەربارەی غەزەلەکانی (حافزی شیرازی) بەناوی (کاخ ابداع)ەوە .

(فتنە)ش کۆمەلێ چیرۆکێتی لەسەر شێوەو ڕێبازی نوێ ، ئەمەش نیشانەیە بۆ ئەوەی کە چیرۆکی ئێرانی وردە وردە ئەو ڕێبازە کۆنەی بەردەداو ئەیەوێ لەگەل ئەدەبی هاوچەرخدا بڕوا بەرەو گەشەکردن .

★ (صنعتی زادە کرمانی) نوسەرێکی هاوچەرخی ترە کە لەسەر ڕێبازی نوێ دەنوسێ ، (فرشتە صلح یا فتانە اصفهانی) تیایدا باسی چەلەمەی زانیاری دەکا کاتێ بەکار دەهێنرێ بۆ لەناوبردنو کاول کردن . نوسەر پاشە ڕۆژێکی ڕوناکی لێ چاوەڕوان دەکرێ .

★ (دکتر ناظر زادە کرمانی) . نوسەرێکی بەهرەوەری ترە ، ڕۆمانی (...ب شوم)ی ا...ەو بەرهەمانەن کە باسی دوو ڕوییو بیاو خرابیو تەلەکەبازی مەندێ کەسانی ناوکۆمەل دەکا کە ژیانیانی لەسەر بنیات دەنێنو ئەیانەوێ بەمزیدەوە بگەنە ئەنجام ، بەرامبەر ئەم ڕۆمانە دووانی تری هەمان نوسەر هەیە بەناوی (اسمال در نیورك)و (اسمال در هندستان) ، ئەمانە دەربارەی بیاوێکی سادەو ساویلکەی ئێرانی بەو هەڵوێستو تێفکرینی بەرامبەر ژیان لە وڵاتە یەکگرتووەکانو هیندستان ، ڕوداوو بەسەرهاتەکانی ئەم کابرایەو کردەوەکانی لەو دووشوێنە بەپێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو یاساو ڕێزمانەی کە لەو شوێنانەدا هەن .. ئەمە هەموی بەشێوەیەکی بڕ لە نوکتەو قسەی نەستەقو گالتەبازی نوسراوەتەوە .

★ (دکتر ابو القاسم جنتی عطائی)ش لە نوسەرانی چیرۆکی شانۆیی یەو هەروەها کتێبێکی بەنرخیشی دەربارەی شانۆو شانۆگەریو چیرۆکی شانۆیی لە ئێراندا بەناوی (بنیاد نمایش در ایران) لە ١٩٥٥دا بە زمانی فارسی نوسیو لە لایەن کتێبخانەی ئیبن سینا وە بلاوکرایەوە .

لەم کتێبەدا شانۆگەریەکی نوسەری ئێرانی بەناوبانگ (سعید نفیسی) تیدایە بەناوی (آخرین یادگار نادر شاه) وە چیرۆکێکی (توفیق الحکیم) کە خراوەتە سەر زمانی فارسی بەناوی (اصحاب الکهف) وە .

گوڕینی
: احمد سید علی بەرزنجی

دەربارەی چاپکراوی نوێ

بەرهەمێکی نوێو مژدانەی دوارۆژێکی ڕۆشن

بورهان مستەفا مەعروف

ئەگەر بێتو هەموو بەرهەمێك بە دیاردەیەکی پەیوەندارو ڕەوتو گوزەرانو گۆڕانکاریە کۆمەلایەتیەکان سەیر بکەینو پێوانەیەکی دیاریکراوی بۆدابنێین .. هەر ئەو ساتەش بۆمان هەیە ڕادەی کاریگەری نووسەرو بەرهەمەکەی جارێکیتر بۆ باری گۆڕانی ئەدەبو بەرەو پێش خستنی ڕەچاوبکەین !

لێرەدا بۆمان هەیە بڵێین کە ئەو هۆنراوانەی کاك (عەبدولا کەریم مەحمود) کە بەشێوەی نامیلکەیە بە ناوی (مژدانەی شەکراوێکی تاڵ) بلاوی کردەوە ئەگەر بتوانێ بە هەناسەبڕکێ خۆی بخاتە ڕیزی هۆنراوەی نوێوە .. ئەوا شتێکی بەنگە نەویستە کە گۆڕانێکی ئەوتۆ ناخاتە ڕەوتی بەرەوپێش چونی ئەدەبەکەمانەوە ..

بەلام زۆر بە بڕوایەکی بەتینەوە ئەڵێم کە خاوەنی ئەم هۆنراوانە دوا ڕۆژێکی ڕۆشنی لێبەدیئەکرێ ، بەلام ئەو هەنگاوە بە پلەیەی بۆ ئامێزی چاپەمەنی شتێکی هەلەبوو ! چونکە هەموو دەست پێکردنێ سەختەو هەموو سەرکەوتنێ بۆسەرپانی چاپەمەنی پیویستە لە یەکەم پلەوە دەست پێ بکا ، وە دیاریشە ئەبێ چەند پلەیە سەربکەوێ ئەوسا ئەگاتە شوێنی مەبەست ، بەلام نووسەر خۆی تێکەل بە بازدانێکی پەلەکرد .. وەکو هەندێ شاعیرە تازە پێگەیشتووەکانی ترمان .. بەلام کەمن باسی ئەم هۆنراوانە ئەکەم بریسکەی دوارۆژەکە بەدی ئەکەم .. وە ناتوانم بە بەرهەمێکی ڕەفزکراوی دابنێم .. بەلام تەنها مەبەستی من هەنگاوە پەلەکەیەتی بۆ چاپکردنی .. بۆیە بە کوورتی باسی هەندێ لایەنە سەرکەوتووەکانی ئەم هۆنراوانە ئەکەم :

ئەم هۆنراوانە بەگشتی دنیایەکی ساکارو ئێسك سووکیان لە خۆگرتووە ، زوربەیان لەژێر سیبەری دنیایەکی ڕۆمانسیانەدا ئەدەوشێنەوە ، بەشە زۆرەکەی دیمەنی خۆشەویستیان نیشان ئەدا ئەمەش لە سیمای یادگاری کۆندا پرشنگ ئەداتەوە وەك ئەڵێ :ـ

١ ـ « پەڕە .. پەڕە
بیرتە چرپانت بەگوێماو
بە نهێنی باسی دلداریت لاکردم !
ئەم ئەزانی خۆشەویستی ڕووی لە کوێیە ؟
ها نیومڕۆکە هاتیت ... و ..
ئەلقەکەت لە پەنجە کردم »

جاری واش هەیە لە سایەی شەمالی دل تەزێنی ئەو یادگارانەدا هەناسەی ئازاری بیرەوەری خەمەکانی ڕۆژگاری ڕابردوو ڕائەژێنێ . ئەیەوێ بزەیەك بخەملێنی لەسەر لێوی کوربەی خوشەویستیانو بیەوێ بزەی هەردوکیان تێکەل بکاتەوە بۆیە ڕوونەکاتە یارو ئەڵێ :

٢ ـ « بیرتە یەکترمان خۆش ئەویست .. پڕ بەدل
بە پێکەنین وەك پەپوولە
هەڵئەفڕین ئەم گول ئەو گول .. چل بە چل
بڕوانە ئەو پەنایە .. ئەوداره
جێ نزرگەی یەکەم مەم گوشینی تۆیە یادگارە »

هەرچەندە لەم دوو دێڕەی کوتاییدا دوو دێڕی هۆنراوەیەکی « کامەران » مان دێنێتە یاد :

« تۆ بڕوانە ئەو کانیە نازدارە
ئیستاش وێنەی هەردوکمانی تیا دیارە .. »

جاری واش هەیە شاعیر وەك بوشێتکی سەر ئاوی ڕوباری خۆشەویستی لێدێ ، وەك پرشنگێکی شکاوەی سەر ڕوخساری دنیای ناوەوەی خەمەکانی تیشك ئەدەئەوە بۆیە زیاتر نازداریو دلگیری خۆشەویستەکەی بەهەستو نەستو ئازارەوە لە باوەش ئەگرێتەوە .. ئەمەش دوای دلشکاندنی دلە چۆلەکەکەی بۆیە بە کوڵەوە ئەڵێ :

٣ ـ « ساویلکە بووم لەگەل کچێکی بێ بارا
من گەنمێکی بێ باران بووم لە بەهارا
کانیەك بووم سەرچاوەکەم بێ بەفراو
سال سەخت بوو .. ئاوازێك بوو بێ گۆرانی
لەدوای دو سال
بێ وەفا بوو دلمی شکاند .. خۆشەویستی
نەزانی »

ئەگەر بۆ بێناسی شاعیر بگەڕێین ئەوا ڕاستەوخۆ ئەکەوین بەسەر هۆنراوەی « کاتێ ژانەکانی منالێم بەر ئەگرن »دا . بەلام بەڕای من شێوەی ئەم هۆنراوانە لەگەل ئەوانەی پێشووی جیاوازە ..!

شاعیر ئازاری هەموو چەوساوەیەك لە یەك ڕوانگەوە وەك یەك ئەژمێرێ . ئەوەتا لە هۆنراوەی « تەلزەعتەر » ئەیەوێ لە ناخی ئازارە ئالۆزەکاوە کانیانا بتوێتەوەو گەوهەرێکی سەنگینی لێ دروست بکات بۆ مناڵە ئاوارەکانی هەلەستین . بۆیە وەك وێنەیەکی فۆتۆگرافی باسی کلۆڵیو فرمێسکو خوێن ڕژانیانمان بۆ ئەکاو ئەڵێ :

٤ ـ « ئەی تەلزەعتەر
تابلۆیەکت دابوو لەسنگ
ڕەنگەکانی تنۆك .. تنۆك
فرمێسکو خوێنی لێ ئەتکا
کەلێم ڕوانی ، گوڕستان بوو
لەکاسەی سەر .. لەدەستو پێ
لاشەی بێ گیان
کەلەکە بوو بەسەر پەکا »

لە کوتاییدا ئەڵێم ئەم هۆنراوانە مژدانەی شەکراو خواردنەوەی دوا ڕۆژێکی ڕۆشنن لە ئەدەبەکەماندا .

Institut Kurde de Paris

دەوری کاریگەری هاوکاری لە هەشت ساڵی رابوردوودا

■ حسین عارف ■

با وا فەرزکەین کە یەکێك دەتوانێ سەرجەمی گۆڤارو رۆژنامە کوردیی‌یەکان بێنێتە پێش‌دەمی‌و ، بەو نیازەی بەشێوەیەکی تایبەتی‌سەرنج بداتە لایەنی ئەدەبی ، بەخێرایی لاپەرەکانیان هەلبداتەوە • ئینجا با واش فەرزکەین کە هەر ئەو کەسە دەتوانێ هەموو کتێبەکانی کتێبخانەی کوردی بێنێتە بەردەستی‌و هەروەها بۆ هەمان نیاز ، چاوێکی خێرایان پێدابخشێنێ • ئاخۆ دەگاتە چ ئەنجامێك ؟! گومان لەوەدانی‌یە ، هەرزوو هەست دەکا کە تای ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی لە سەر لاپەڕەکانی گۆڤارو رۆژنامەکان‌دەبینرێن ، بەژمارەو بە قەبارە ، گەلێ لەو بەرهەمانەزیاترن کە لە دوو توێی کتێبە ئەدەبی‌یەکاندان • ئەمە جگەلەوەی کە بەشێکی گەورەی بەرهەمەکانی دوو توێی‌کتێبەکان ، ئەوەتجار هەر لە سەر لاپەڕەی گۆڤارورۆژنامەکان رووناکی‌یان دیوەو خراونەتە بەرچاوی‌خوێنەر(١) •

لەمەوە ئەو راستی‌یەمان بۆ دەردەکەوێ کە گۆڤارو رۆژنامە ، سەبارەت بە ئەدەبی هاوچاخمان لە هەموو پلەکانی کاروانی پێشکەوتنیدا بە تایبەتی لە نیو سەدەی رابوردوودا کە لە هەموو لقەکانیدا بە شیعرو چیرۆك‌و شانۆگەری‌و رەخنەو لێکۆلینەوەو وتاری ئەدەبی‌یەوە بەرەو گەشە کردن‌و پەرەسەندن رێگای گرتە بەرو هەنگاوی نا ، دەورێکی باڵاوسەرەکی‌یان دیوەو تائێستاش هەروەهایە • ئەم دیاردەیە لە راستیدا خۆی بۆ خۆی پاسێکی بایەخدارەو دەهێنێ بەوردی‌و قوولی‌و بەفراوانی لێی بکۆڵرێتەوەو بۆ مێژوو تۆمار بکرێ •

هەر لەم بوارەدا ، کارێکی زەحمەت نی‌یە ، کە ئەگەرچی زۆربەی هەرە زۆری گۆڤارو رۆژنامە کوردی‌یەکان ، لە یەکەمینیانەوە تا دواینیان ، باوەشیان بۆ ئەدەب کردۆتەوەو بەشداری‌یان لە پێشخستنیدا کردووەو ، کارێکی زەحمەت نی‌یە کە بە شێوەیەکی تایبەتی ئەنجە بۆ چەندانێکیان رابکێشرێ‌و بووترێ :

ئەمانە دەوریان باڵاترو کاریگەرتر بوەو زیاتر خۆیان بۆ ئەو ئەرکە تەرخان کردووە وەك لەوانی تر • بۆ نموونە لای من ساڵانی ١٩٣٩ ـ ١٩٤٩ پلەیەکی تایبەتی بۆ ئەدەبی کوردیمان پێکدێنن کە گۆڤاری (گەلاوێژ) دەوری سەرەکی تێدا دەبینی‌و من بەش بەحالی خۆم ناوی دەبەم بەپلەی گۆڤاری (گەلاوێژ) •

لێرەوە دێمە سەر دەوری رۆژنامەی (هاوکاری) کە ئەمڕۆ هەشت ساڵی خشت لە تەمەنی دەباتە سەرو بەدوای ئەم زمارەیەدا پێ دەنێتە ساڵی نۆهەمی‌یەوە • هەشت ساڵو (٤٠٧) ژمارە •

زۆربەی هەرە زۆریان بە هەشت لاپەڕەو قەبارەی ئاسایی رۆژنامەو ماوەیەك بە دوانزە لاپەڕەی هەر لەم بابەتەو چەند ژمارەیەکی کەمیش بە قەبارەی نیوە رۆژنامەی ئاسایی • بەهەر حال ، گرنگ ئەوەیە کە بە درێژایی هەر (٤٠٧) ژمارەکە ، بەردەوام لاپەڕەیەکی یا دوانی یا زیاتری تەرخان بوە بۆ ئەدەب • بگرە دەتوانم بڵێم ماوەی وەهای بەسەردا تێپەڕێوە کە ئەگەرچی بە ناو تەنها لاپەڕەیەکی تەرخان بوە بۆ ئەدەب ، بەڵام لە راستیدا ئەدەب پەلی هاویشتوە بۆ زۆربەی لاپەڕەکانی •

ئیستا با بە ژمارە قسەبکەین • ساگریمان لە هەر ژمارەیەکی هاوکاری‌و دوو لاپەڕەی بۆ ئەدەب بووبێ لە شیعرو چیرۆك‌و شانۆگەری ورەخنەو لێکۆلینەوە وتارو ئەدەبی وەرگێڕدراو • ئاخۆ ئەمە بەحسابی کتێب دەکاتە چی ؟! دەکاتە (٨١٦) لاپەڕەی رۆژنامەو (٣٢٤٨) لاپەڕەی کتێب بەقەبارەی ناونجی •

خۆ ئەگەر زانیمان کە لە (٦٠٪) سەرجەمی کتێبەکانمان لە (٨٠) لاپەڕە تێ‌نەپەڕیوون‌و(٢) ئەگەر ئەو ژمارەیەی پێشوومان گۆڕی‌یەوە بەکتێب ، ئەوا دەتوانین بڵێین کە ئەو بەرهەمە ئەدەبی‌یانەی لەو (٤٠٧) ژمارەیەی ئەمەنی هەشت ساڵەی هاوکاریدا بڵاوکراونەتەوە ، (٥٠) کتێبی (٦٤) لاپەڕەیی پڕ دەکاتەوە(٣)

ئەمە بەسەرێك • لە سەرێکی ترەوە ، بەهاو بایەخی (٥٠) کتێبەکە بۆ کاروانی پێشکەوتنی ئەدەبەکەمان ، خۆی لە خۆیدا باسێکەو کەسێك ناتوانێ نکوولی لە دەوری تایبەتی‌و کاریگەری بکا لە مێژووی ئەدەبی هاوچاخماندا • لاپەڕەکانی ئەو (٥٠) کتێبە هێندە پڕو چڕو بە تەووزم‌و تینن‌و هێندە پڕ لە زۆرانبازی‌و بەیەکادانن لە کۆڕی ئەدەبدا ، کە هیچ رەخنەگرو لێکۆڵەرەوەیەکی مێژووی ئەدەبی هاوچاخمان ناتوانێ چاویان لێ‌بنووقێنێ‌و پشت گوێیان بخا •

لاپەڕەکانی ئەو (٥٠) کتێبە ، ئاوێنەیەکی گەشی ئەو هەشت ساڵەی کاروانی بەرەوپێشەوەچوونی ئەدەبەکەمانن •

بۆ زیاتر رووناکردنەوەی مەبەست ، باوردترو لە نزیکترەوە بەژمارە بدوێین • من لێرەدا گەرەنتی ئەوە نادەم کە ژمارەکانم سەدی سەد راست بن • نەء •• من ئەوەی دەیخەمە پێش‌چاوتان ئەنجامی خۆماندووکردنی سێ رۆژمە • لە کاتێکدا من دەزانم کە لە واقیعدا سێ هەفتەی پێدەوی بەڵام خۆ ئەگەر بمانەوێ سەراپایی‌ترو وردتر دەرچێ ، ئەوا سێ مانگی پێدەوێ • بەهەرحال ، نکایە لە گەلما سەرنجدەن :

هاوکاری لە (٤٠٧) ژمارەکەی هەشت ساڵەی تەمەنیدا ،(٦٤١) پارچە شیعری خۆمالی‌ی بڵاوکردۆتەوە • دیارە ئەگەر بیانگۆڕینەوە بەدیوانی شیعر ، زەحمەت نی‌یە بزانین دەکاتە چەند • هەروەها (١٥٣) پارچە شیعری وەرگێڕدراوی بڵاوکردۆتەوە • بە هەردووکیان دەکاتە (٧٩٤) پارچە شیعرو وەك دەبینن ژمارەکە تەواو سەرنج راکێشەرە •

یا لە چیرۆکدا (هاوکاری) لەو ژمارانەیدا (٢٣٠) چیرۆکی خۆمالی‌و (٧٨) چیرۆکی وەرگێڕدراوی بڵاوکردۆتەوە • ئەمە جگە لە «٦٩» چیرۆکی خۆمالی‌و وەرگێڕدراو بۆ منداڵان •

بەڵام لە رەخنەو لێکۆڵینەوەدا دەتوانم بڵێم : (هاوکاری) دەورێکی هێجگار باڵاو کاریگەری گێڕاوە • لەو هەشت ساڵەدا (٣١٩) نووسینی لەم رووەوە بڵاوکردۆتەوە کە برینین لە رەخنەگرتن لە شیعرێك یا چیرۆکێك یا وتارێك‌و وەرامدانەوەی • یا رەخنەگرتن لە کۆمەڵە بەرهەمێك کە لە کتێبدا لە چاپدراوون‌و وەرامدانەوەی ، وەك ئەوەی لەسەر دیوانە شیعری (تاریك‌ورووون) کرا • یا دەمەتەقێ لەسەر رێبازێکی ئەدەبی ، وەك ئەوەی لەسەر روانگەو بانگەوازەکەی کرا • یا لێکۆڵینەوەی تیوری لە سەربابەتە ئەدەبی‌یەکان • یا لێدوانی کتێبێك لە کۆن‌و لە تازە •

هەروەها (هاوکاری) لەو ژمارانەیدا (٢٥٤) وتاری ئەدەبی‌ی جۆراو جۆرو (٦٣) باسی زمانەوانی‌و (٩٢) نووسین لە سەر فۆلکلۆر چ بە نموونە لە شیعرو حیکایەت‌و پەندو چ بەوتارو لێکۆڵینەوەو (٩٤) گفتوگۆ لە گەڵ ئەدیبانداو (١٧٤) جارسکردن لە ئەدیبانی کۆچ‌کردوومان چ باسی ژیان‌و ئەدەبیاتیان‌و چ ساغ‌کردنەوەی بەرهەمیان یاخود بەبۆنەی یادی کۆچ‌کردنیانەوەو (١٨٧) جاریش باس‌کردن لە ئەدیبانی بێگانە بەوتارو لێکۆڵینەوە ، ئەمانەی هەموو بڵاوکردۆتەوە کە من باوەڕم وایە لە نێو هەموو گۆڤارو رۆژنامە کوردی‌یەکانی ئەو ساڵانەدا ، لەم رووەوە یەکەم دەردەچێ •

(١) با ئەوەش بزانین کە زیاتر لە نیوەی کتێبەکانی کتێبخانەی کوردیمان ، دەربارەی ئەدەب‌و زمان : دیوانی شیعر ـ ٣٤٧ • چیرۆك ـ ١٣٤ شانۆ ـ ٣٥ • لێکۆڵینەوە ـ ٨٥ • زمان ـ ١٠٥ • هەمووی ـ ٦٩٦ ، لە ١٢٥٤ تا ساڵی ١٩٧٥ • بیبلۆگرافیای کتێبی کوردی ـ نەریمان ـ خشتەی ژمارەو قەوارەی کتێبی کوردی لە ساڵیکدا بەپێی شوێن‌و بابەت • ل ٢٥٣ ، ٢٥٤ •

(٢) بیبلۆگرافیای کتێبی کوردی ـ نەریمان لاپەڕە ٢٦١ خشتەی ژمارەی کتێب بەپێی قەوارە •

(٣) نەخشەکەی پێشوو دەریدەخا کە (٩٤٦) لە (١٢٥٤) کتێب ، ژمارەی لاپەڕەکانی (٩٣٠) کتێبیان لە بەینی (٥ تا ١١٢) لاپەڕەدان بۆیە منیش (٦٤) لاپەڕەم بە (معدل) دانا •

هاوکاری‌و مەسەلەی پێشخستنی بزوتنەوەی رۆشنبیری کوردیمان

یاد کردنەوەی رۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکان بە تێکرایی کارێکی پیرۆزەو هەنگاوێکی دڵسۆزانەیە •

ئەم یادکردنەوانە وەکو هەمو یادکردنەوەیەکی تری دیاردەو بۆنەو بەسەرهات‌ورووداو کارە باشەکانی‌کەی ئەتەوەکەمان زور پێویستو بەفەرە ، سەبارەت بەوەی رۆژنامەو گۆڤارەکان بە تێکرایی چرای رووناککەرەوەی شەوانی تاریك‌و تنۆکی میژوگەلێو رابەرو رێ پێشاندەری کاروانی تێکۆشان‌و پێشکەوتنن •

بە هۆی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەوە ئەك زمان‌و مێژۆ کەلەپۆری ئەتەوایەتیمان تۆزی رابوردوی لێ‌تەکاوە ، بگرە لە دەستی رۆژگارو لە بیرچونەوەش پاریزراوون •

بە کورتی ئەتوانین بڵێین رۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکان دەورێکی ئاشکراو کاریگەریان لە رابەری‌کردنی هەوڵو تەقەڵاو تێکوشانی گەلو وڵات بە تێکرایی‌و پێشکەوتنی زمان‌و بوژانەوەی کەلەپۆری ئەتەوایەتی .... هتد بەتایبەتی گێڕاوە •

بۆیە رێزلێنان‌و بایەخدان بە چالاکی‌و تەقەڵای ئەو کەسانەی لەو بوارەو بەم نیازە پاکەوە فیداکاریان کردوەو شەویان خستوتە سەر رۆژو بە پێی توانای خۆیان تێکوشاون تا رۆژنامەگەری میللەتەکەیان لە رۆژنامەگەری گەلانی کە دوانەکەوێت ، وە بەشداریان لە دانانی بەردی بناخەی کۆمەڵی رۆشنبیری دوا رۆژی ئەتەوەکەیان کردوە ئەرکێکی پێویستو کاریکی جوامێرانەیە

کە واتە یادی دەرچونی رۆژنامەو گۆڤارەکان ، یادکردنەوە رێزلێنانی خاوەنی ئەو خامە دڵسۆزانەشە کە وەك مۆم سوتاون‌و تاریکی رێگای ژیانیان بۆ ئەوەی دوا رۆژی ئەتەوەکەیان روناك کردۆتەوە•

بەم پێوودانکە ، با سەبارەت بەم راستی‌یە ، ئەگەر بەشێوەی گشتی رۆژنامەی هاوکاری هەلسەنگێنریت‌و بەوردی بڕوانرێتە ئەو هەوڵو تەقەلایەی لە ماوەی هەشت ساڵی تەمەنی‌و بێ‌پسانەوەبو پاراستن‌و گەشەکردنی‌و شەو زمان‌و مێژوو فۆلکلورو کەلەپۆری ئەتەوایەتی •• هتد داویەتی ، بەتایبەتی لەو سنورو بوارەی هەیبووەو توانیویەتی تیا هەلسوری ، ئەوە ئەك تەنیا یادکردنەوەو بایەخدان بێ‌ی پیرۆزو پێویستە ، بگرە بەلای منەوە ئەبێ شانازیشی پێوەبکریت •

چونکە هاوکاری لە ماوەی تەمەنی خۆی‌دا ، وەکو زۆر لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکانی‌تر ، کەم تا زۆر دەوڕێکی دیارو ئاشکرای لە چەند بوارو مەیدانێکدا گێڕاوە وە کەلکێکی باشی بە خوێندەوارو رۆشنبیری کورد گەیاندوە ، وە لە هەمان کاتیشدا وەکو گەلێ لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکانی‌تر توشی گەلێ گیروگرفت‌و کۆسپ‌و هەورازو نشێوبۆە ، بۆیە ئەگەر هاوکاری جارو بارو لە هەندێ کات‌دا لەو ئاستەدا نەبوبێت کە چاوەروان کراوە ، ئەوە بێ شك دڵسۆزانی وشەو خوێندەوارو رۆشنبیرانی خستوتە دڵە خورپێو تێرامانەوە •• وە ئەگەر لە گەشەو گول پرژین بوبێ ، ئەوا ئەك تەنیا خۆشێ‌و شادی خستوتە دڵانەوە ، بگرە هەمولایەکی جوڵاندوەکە پتر لێ‌ی نزیك بینەوەو رۆشنبیرەکانیش پتر خامە رەنگینەکانی بۆبخەنە کارەوە •

جا بە بۆنەی یادی دەرچونی رۆژنامەی هاوکاری خوشەویست‌و وە دەرکردنی ئەم زمارە تایبەتیەی ، بڕر بە دڵ پیروزبایی گەرم لە رۆژنامەی هاوکاری‌و دەزگاو بەرهەمهێنەرو نوسەرو خوێندەوارانی ئەکەم‌و داوای تەمەن درێژی‌و پێشکەوتن‌و پتر گەشەکردنی بۆ ئەکەم ، وە هیواو ئاواتیشە کە خوێندەوارو رۆشنبیرانی کورد ، بۆ پڕر کردنەوەی ئەو کەلەبەرو ناتەواویانەی هەستی پی‌ئەکەن پتر دەستی یارمەتی‌و دڵسۆزی بۆدرێژ بکەن •

محمد حاجی طاهر

ئاوە

شیعری : کافیەی جەلیلیان
وەرگێرانی
نەژاد عزیز سوەمی

●

من بە هەتاو بسپێرە ••
بەهەتاو ،
کەپرە لە ژیان‌و چۆلەکە عاشقەکانی سەربانەکەمان ،
ریسوا دەکات !!
ئاه •• چۆلەکەکان دڵم دەلەرزێنن ••
بۆنی بەهار ،
وەکو هەستی ساتەکانی فڕین
بەرەو سینەم دەخزێ ••
پێستم ، بپابانێکی ووشکە
پێستم ، عاشقی هەتاوە
دایکم دەیگووت :
« ئەتۆ منداڵێکی زۆلی
سپێدەیەك ، ئەیەك نیگای هەتاو ،
بۆ زەوی عاشق دا بوویت •• ! »

ئێستاش چاوم بڕیوەتە هەور
چاوەڕوانی بارانێکم
بارانێك کە سەوزم دەکا
بارانێك کە میوەم ئەداتێ •• کەپێم دەگەیێنێ
من کامڵ بوونم وەکو هەستی تەنهای شەوێکی درێژدادڕ خۆش دەوێ •
ئاه لەم گولزارە
بۆنی ئەوگوڵانە مەستم دەکەن ••
لێ‌گەڕێ با پەنجەرەکان کراوەبن ••
لێ‌گەڕێ با تکەتکی سەعاتەکە ببیسم ••
من ئیتر لەتاریکی ناسڵەمێنەوە •• ناترسم •

لە کتێبی ـ راهیان شعرنو ـ وە

منیش سەوداسەرێکی « هاوکاری »م

ئەگەر هەندێ لە رۆناکبیرانی جیهان ، لە سەرەتای دەست‌کردنیان بە خوێندنەوەو بیر رۆشنکردنیانەوە تووشی چەرمەسەری‌و نەهامەتی بوابن‌و جارێ رۆژنامەیەکیان کریبا‌و دەباجەمێ نانیان نەخواردبا ، ئەوا باری رۆشنبیرانی وولاتی ئێمە حالیان لەوان باشتر نەبوەو ، بەڵکو لەبەر کرینی رۆژنامەو گۆڤارو کتێبان تووشی چەندەها گیرەمەو کێشەو قورت بوونەو ، وەبن قەرزو قۆڵەی چەندان کەسان کەوتوونە لە بیرمە کاتێ دەستم کرد بە خوێندنەوەی خۆمالی لە قۆناغی سەرەتایی قوتابخانە بووم‌و ، لە ساڵانی ٦٤ـ٦٦ ، ئەو سەردەمیش کتێبی کوردی گەلەك کەم بوون ، تەنها چەند کتێبێکی وەك حەیدەرنامەو ئەمیر ئەرسەلان‌و میعراج‌نامە•• هتد نەبێ ، هیچی تر چنگ نەدەکەوت کە زۆر بە پەرۆشەوەش دەمخوێندنەوەو جارو باریش لە دووکانەکەمان بێ ئیشی باوکم بە هەل دەزانی‌و کتێبەکانم بۆ دەخوێندەوە ، ئەویش هۆن هۆن فرمێسك بە چاوەکانی‌دا دەهاتە خوارەوەو هەندێ جاریش ئەگەر کاری هەبایەو منیش ئەو کتێبانەم بە دەستەوە بایەئەوا لێم تووڕە دەبوو ، کتێبەکانی دەدڕاند ، بلاوەی بە پەرەکان دەکرد تەماشام دەکردو ئەو پەرانەی دەبوونە زێرکەوشی ئەو هەموو برسی‌و رەش‌و رووتانە ، لە دەستم دەچوون‌و ئەوانەی کە فریاش دەکەوتم بەبێ تاگای باوکم کۆم دەکردنەوە ، « ئەسرێك »یش لە دوکان زۆر بوو بە دزی بابم پێکەوەم دەنانەوە •

کە ساڵی ٦٩ هات من گەورەتر بووم‌و ، باوکیشم لە زۆر شتان چاوی لێ دەپۆشیم کتێبی کوردیش زۆرتر دەردەچوو بەردەست دەکەوت ، خواخێری کتێبخانەی (خۆشناو)یش بنوسێ هەر گۆڤارو کتێبێکی کۆنی کە بەدەست کەوتایە ، ئازایانە بە سێ قیمەت‌و پتر وێ‌ی دەداینەوە ، هەر ئەو ساڵی گۆڤاری (بەیان) دەرچوو ، یەکەم کەس بووم لە هەولێر ئەو کارتۆنەمو دری‌و گۆڤارێکم لێ دەرهێنا •

وە بیرشیم دێ کە هەر یەکەم کەس بووم لە هەولێرێ رۆژنامەی (هاوکاری)یم کری‌و هەر وام زانی بلاو کراوە یەکی وەختیەو بە هەلەداوان بردمە قوتابخانەو بۆ فەراشەکەم دەخوێندەو قوتابیان دەورەیان لێ دابووم‌و منیش خۆم پێ هەلدەکێشا •

ئەوا ئەو ساڵیش (هاوکاری) بێ‌ی نایە ساڵی نۆیەم گەلێك کەسی بێ‌گەیاندووەو قەرزاری ئەون هیوادارین کە هەر دەم لە پێشکەوتنا بێت‌و لە خزمەت کردنی نەتەوەکەمان بەردەوام بێت‌و لە جیاتی هەفتەی دووجار بە نوفسێت دەرچوون بێت بەرۆژانە •

■ عبدالله محمد زەنگنە ■

Institut kurde de Paris

کتێبی هاوکاری « پاشماوە »

پ : دوای پاکژدانی یاخی‌بوونی کوردەکان بۆ چونی بەرێزتان دەربارەی پاشەڕۆژی ئاسودەیی لە ژوورودا چۆنەو دەربارەی ئەوەی رووی‌دا جارێکی تر روو نەداتەوە ؟
هاوڕێ جێگر :

من بەمەی خوارە وەڵامی پرسیارەکەت ئەدەمەوە : پوختەی بۆ چونمان ئەمەیە :

مەسەلەی کورد سەبارەت بە گەلەکەمان لە عیراقدا و لە بواری واقیع‌و جەوهەرەکەیدا ، مەسەلەیەکی نەتەوەیی دیموکراتی‌یە ، واتە گەلێکی عیراقی هەیەو خاسی‌یەتی تایبەتی نەتەوەیی هەیە ، ئەیەوێ لە ناوخۆ لە چوارچێوەی یەك عیراق بەخاك‌و گەلەوە بەم خاسی‌یەتانە شادبێ کەوا بوو ئەم مەسەلەیە لە پوختەدا مەسەلەیەکی ڕەوای نەتەوەیی‌و دیموکراتی‌یە • لەسەر ئەم بنەڕەتە ، وە ئیمە بەم شێوەیە دایئەنێین ، بەبێ گوێدانە ئەو (تیار)ە چەپەڵانەی لە ریزی‌کوردەکاندا هەبوەو لە ساڵی ١٩٧٤ دۆخەکەیان گەیاندە ڕادەی شەڕو سەرەڕای ئەو گرانی‌و سەختیانەی روو بەروویان بووین هەروەك زانراون •• کە واتا زامنی‌ی ناوەندی کامەیە بۆ ئەوەی زروفەکانی پێشو دووبارە نەبنەوە ؟ ئێمە ، وە بەپێی گۆڕینە ستراتیجیەکانی نێو دەولەتان‌و ئەو کارانەی ئەیانکەنە سەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و لە نیشتیانی عەرەبدا بەشێوەیەکی تایبەتی ، زامنی ئەوە نادەین کە مەسەلەی کورد وەك کەشتی‌یەك دژی شۆڕش بەکار نەهێنرێ‌و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی‌تر کەشتی‌یەوانەکانی نەگۆڕێن • هەروەها ئەو زامنی‌یەش ناکەین کە ئەم مەسەلەیە بە رووە ئالۆزەکەی‌و بەشێوەی ناڕاستایی دوو بارەنابێتەوە کاتێك وەك خۆی چونە ئاوەها لەجەوهەرەکەی تێ‌نەگەن هەروەك باسمان‌کرد ، وە ئەگەر لەسەر ئەم بنەڕەتە مامەلەی لەگەڵ نەکرێت ••• ئەو شتە بنەڕەتی‌یەی ئیمە هەمیشە بەتەنگیەوەین ئەوەیە زروفی وا دابین نەبێت کە هەندێ نێوەندی گەلی کوردمان تیا توانای لیك جیاوازکردن‌و بینینی روون‌و ئاشکرا لەدەست بدەن لەنێوان ئەوانەی ئەیانەوێ مەسەلەی کورد وەك کەلەبەرێکی بەکرێ‌گیراوی ستراتیجیە نیودەولەتی‌یەکان بەکاربهێنن کە لەکاکڵەو لەبنچینەدا دوژمنی مەسەلەی گەلی کوردمانن هەروەك چۆن دوژمنی مەسەلەی گەلی عیراقمانن لە سەررێگای رزگاریی‌و چارەنووسی هاوبەشی‌و بنیاتنانی پاشەڕۆژی پرشنگدارو لە نێوان ئەو خەلکە ئەمینانەی مەسەلەکە لە چوارچێوە رزگاریخوازەکەی‌دا دائەنێن ، کە مەسەلەیەکی نەتەوەیی دیموکراتی‌یە لە چوارچێوەی عیراق‌داو کە هەروەها لە چوارچێوەی سنورو یەکێتی عیراقی‌یەکان‌و سەربەخۆییان لە وڵاتەکەیاندا مەسەلەیەکی نیشتیانی‌یە •

وە لە چوارچێوە نیشتیانی‌یەکەی‌دا مەسەلەیەکی ناوخۆیی‌یە بەتەواوەتی‌و بەهۆی دژێبوونەوەکانی ـ تیار ـ نێو دەولەتی‌یەکان لەناویدا ئەوا هەندێ چار شێوەی گومان‌لێ‌کراو وەرنەگرێ بۆ بەگژاچون‌و ڕووبەڕووبوونی ـ تیار ـی نیشتیانی‌و کەباتمان لەبنیاتنانی ژیانی نوێ‌دا •

بەرهەمی کوردی « پاشماوە »

٣ ـ ئەوی مایەی دڵ خۆش بوونە خوێنەرانمان تینوی خوێندنەوەی کتێبی کوردین ئەمە لە خۆیدا پاڵپێوەنەرێکی گرنگە بۆ نوسەرە بەرێزکانمان •

٤ ـ پاش ماوەیەکی دوورودرێژ ساڵی پارمان خاوەن کتێبخانەی نالی دەستی داوەتە چاپکردنی کتێبی کوردی بە گوێرەی ئاگاداریمان چوار کتێبی کوردی تریشی خستوەتە ژێرچاپەوە هومێدەوارین خاوەن کتێبخانەکانی‌تر وەك جاران بێئەمەیدانەوە •

دەربارەی ڕۆژنامە نوسینیش (الصحافە) لە ساڵی رابوردوو بەم چەشنە خۆیان‌نواند •

١ ـ هاوکاری : لە هەفتەی جارێکەوە ، ئەمە نزیکەی سێ مانگە هەفتەی دووژمارەی بەرێك‌وپێکی لێ بڵاو دەرئەچێت •

٢ ـ بیری‌نوێ : وەك پاشکۆیەکی (الفکر الجدید) هەموو هەفتەیەك جارێ دەرئەچێت •
٣ ـ عیراق : مانگی جارێ لەبەرگێکی رازاوەداو لە سەر کاغەزێکی سپی دەرئەچێت •
٤ ـ بەرگی پینجەم لەگۆڤاری کوری زانیاری کورد لە ٥٢٥ لاپەڕەدا •
٥ ـ گۆڤاری بەیان : ساڵی پار پێنج ژمارەی لێ دەرچوە •
٦ ـ ڕۆشنبیری نوێ : حەوت ژمارەی لێدەرچوە •
٧ ـ ڕۆژی کوردستان : چوار ژمارەی لێ دەرچوە •
٨ ـ بەرەوپێشەوە زانست : دوو ژمارەی لێ دەرچوە •
٩ ـ ئاسۆی زانکۆیی : لەلایەن زانکۆی سلێمانی‌یەوە بەکوردی‌و عەرەبی سێ ژمارەی لێدەرچوە •
١٠ـ گۆڤاری بەشی کوردی کولیجی ئادابی بەغداد ـ یەك ژمارە •
١١ـ گۆڤاری زانکۆی سلێمانی دوو ژمارەی لێ دەرچوە یەکێکیان دەربارەی ئەدەبیات‌و ئەویتریان زانستی‌یە •
١٢ـ گۆڤاری ئۆتۆنۆمی : چوار ژمارەی لێدەرچوە •
١٣ـ دەنگی کرێکاران ـ سێ ژمارەی لێ دەرچوە •

صلاح شوان « پاشماوە »

بەم حەوت ساڵە تاقیکردنەوەیەی تەمەنییەوە رووی ئەوەی هەیە بە خۆیەوە بنازێت‌و ، بڵێت منیش شتێکم کردووە کە جێگای شانازیی دڵسۆزانی وشەی کوردی بێت‌و ••

ئاواتی « هاوکاری »و ئاواتی هەموو نووسەرو خوێنەرێکی کوردیش بەم بۆنەیەوە ئەوەیە •• هاوکاری ڕۆژانە بێت و •• لە دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردیدا چاپخانەیەکی خنجیلانەی خۆی هەبێت‌و ، بە پێی‌پێویست کادری کوردیزانی گشت بەشەکانی چاپی هەبێت، تا ڕێکوپێکترو ئاسان بەدەستتر ئەرکی سەرشانی خۆی لەخزمەتکردنی وشەی کوردیدا بەجێ بهێنێت‌و ••

چەپکێ گوڵو چەپکێ نێرگز، بۆ یەخەی «هاوکاری»ی نازیز •

احمد غفور « پاشماوە »

بەڵکو تینی بۆ گیانی هەموو خوێندەوارانیش هەیە ••

ئاواتیشم ئەوەیە کە « هاوکاری »و هەموو ڕۆژنامە کوردی‌یەکان بە جوانترین‌و تازەترین شێوە دەربچن •••

« هاوکاری » بۆ یەکێکی وەکو من کە هەموو بەیانی‌یەکی دوو شەمەو پێنج شەمە چاوەڕێی هەموو ژمارەیەکی ئەکەم وەکو یەکێکە لەمنالەکانم کەرۆژ بە رۆژ حەز ئەکەم جوانتربێ‌و سەری کولمەکانی سوور هەڵگەڕابێ‌و کەمووکوورییەکانی نەمێنێ‌و لەناو دەوروبەشتی خۆیدا وای لێبێت بەنجەی سەرکەوتن‌و ڕێزی بۆ ئاراستەبکرێ ••

بەرێز وەزیری « پاشماوە »

کاربەدەستان دەژیان‌و بە فەرمانی ئەوان بەسەر خەلکدا دەسەپێندران ، کە چی بەشیان هەر پشت‌گوێ‌خستن‌و گاڵتە پێکردن بوو •

ڕۆژنامەگەری کوردی لەگەڵ ئەوەی توشی تەنگ‌پێهەڵچنین‌و ڕاوەدوونانیش ببوو ، بە چەشنێکی کاریگەر لە بڵاوکردنەوەی‌وشیاری نەتەوایەتی‌و پێشکەوتنخوازانەدا بەشداربووو بەردی بناخەی برایەتی خەباتگێرانەی لە نێوان هەردوو گەلی عەرەب‌و کوردا داناو خەباتی گەلی کوردی ئاراستەی ئەو دوژمنانە کرد کە دوژمنی گەلی عەرەبیشن ، و بریتین لە ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم‌و کۆنەپەرستی عەرەب‌و کورد •

چونکە دوژمنەکە یەك بوو ، و هەردوو گەل لە ڕێز یەك بەلاماری دڕندانەی ئیمپریالیزم‌و ڕژێمی نیوە موستەعمەرەو نیوە دەرەبەگایەتیدا بوون ، ئەو ڕژێمە کە لە خەیانەت‌و چەوساندنەوەی کۆمەڵانی گەلدا نوقم ببوو • بۆیە ، شتێکی سروشتی بوو کە هەردوو گەل‌و ڕۆژنامەگەری هەردووکیان دوو هاوپەیمانی سروشتی کۆڕی خەبات بن •

بەشێکی کەم لە ڕۆژنامە کوردیە پێشکەوتنخوازەکان ڕێگایان دەدرا بە ئاشکرایی دەربکەون ، بەڵام ئەوانیش لە ژێر ئورسایی ڕەقابەدا دەیان ناڵاندو بەزمانی « کلیلەو دمنە » نەبایە نەیاندەتوانی باسی گەل بکەن ، عادەتەن تەمەنیشیان کورت بوو ، و نەیاندەتوانی لە نێوان ڕازی‌کردنی کاربەدەستان‌و هەستو ئاواتەکانی گەلدا لەگەڵ ڕابگرن • ڕۆژنامە کۆنەپەرستەکان پشتیان دەکردە گەل‌و گەلیش پشتی تێدەکردن‌و دەمەردن ، و ڕۆژنامە پێشکەوتنخوازەکانیش لە ژێر قەمچی داخستن‌و ڕەنابەدا لەبەر چاوان ون دەبوون •

ئەمە چاکمان لە بیرە کە حکومەتی کۆنەپەرستی پاشایەتی ئیمتیازی هەموو ڕۆژنەکانی هەڵوەشاندەوەو داوای‌کرد کە سەر لەنوێ داواکای پێشکەش بکرێنەوە ، بۆ ئەوەی هەموویان پاکژبدەن‌و پاشان ڕێگای دەرچوی ژمارەیەکی کەم لەو ڕۆژنامانەبدا کە ئۆرگانی تاقمی "نەپەرستی فەرمانڕەابوون •

ئەو ڕژنامەو گۆڤارە پێشکەوتنوازە کوردی‌یانە کە ئێستا دەەچن ، هاوکاری ، بری‌نوێ بەیان ، ڕۆشنبیری نوێ ، ڕۆژ کوردستان‌و ••• هتد کە هاکاری یەکتریان کردەوەو تێشانی خۆیان یەك خستوە بۆ وەی بیروباوەڕی شۆڕۆ حزبە پێشکەوتنخوازەکان‌و بەرەبگەیەننە وتانی جەماوەری گەلی کوردە ، تەنیاوتەنیا بەرووبوونی خەباتی گەلی کوردو عەرەبمان‌و هێزە پێشکەوتنخوازەکانیانن بۆوە دەست هێنانی چەند مینبەرێك بۆ دەربڕینی بیروڕای نیشتمانی‌و نەتەوایەتی‌و پێشکەوتنخوازانەی خۆیان ، و بۆ ئەوەی بەو زمانە لە گەڵ جەماوەری کورد بدوێن کەتێ‌ی‌دەگەن‌و بە دەنگیەوەدێن ، تا وەکوو دەوری خۆیان لە وشیارکردنەوەی جەماوەردا بگێڕن بۆ قوول‌کردنی برایەتی خەباتگیرانە لە نێو هەردوو گەلی کوردو عەرەبدا ، بۆ ئەوەی پێکەوە لە پێناوی پاراستنی سەربەخۆیی وڵات‌و دەسکەوتە نیشتمانیەکانیدا تێ‌بکۆشن •

ڕۆژنامەی (هاوکاری) هەرچەند وەك هاوکارەکانی تری (زمیلاتها الاخری) تووشی کەندوکۆسپ‌و دژواری هاتوە ، دەوری خۆی لەو مەیدانەدا یاری کردوە • لەنەزانی‌یەوەیە ئەگەر پێمان‌وابێ ڕێبازی خەبات گوڵو ریحانەی لێ‌ڕاخراوە • ئەوەش لە نەزانی‌یەوەیە کە پێمان‌وابێ بە دستێك چەپڵەلێ‌دەدرێ • نا •• چونکە دوژمن ئێستاش توانای هێرش‌هێنانی هەیەو دڕندانەتر لە جارانیش هێرش دینێ‌و هەموو تاقمە کۆنەپەرستەکان یەك دەخاو کۆیان دەکاتەوە • لەوانەیە هێندێك لەو کەسانەی ڕۆژێك لە ڕێزی ئێمەدا بوون بڕووخێن‌و خۆ بەدەستەوەبدەن‌و بچنە ناو ڕیزی دوژمنەوەو لەویش دڕندەتربن • کەوابێ بێجگە لە پشت‌لێك‌بەستن‌و یەکخستن‌و پتەوکردنی ڕیزەکان ڕێگایەکی ترمان لە پێشدا نیە • جا ، با ڕۆژنامەگەری پێشکەوتنخوازمان بەگشتی‌و ڕۆژنامەگەری کوردیان بەتایبەتی ڕووبکەنە ئەو ڕێگایە • (هاوکاری) لە مەوبێش لە پتەوکردنی برایەتی عەرەب کوردو لە خەبات دژی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم‌و کۆنەپەرستیدا بەشداربووەو لە پاشەڕۆژیشدا هەروا دەبێ •

دوکتۆر مکرم طالبانی
وەزیری گواژتنەوە

پوستەی خوێندران «پاشماوە»

● بۆ خاوەنانی ئەم بەرهەمانە :ـ لەرێی بەرزیت ، شوانێکی بەجێ ماو ، خوێندنەوەی جوانی ، بوخچەی هۆنراوەکانم ، من لە ئاوی گوڵ ، ڕاوەکەو ، هەی ڕەفیقی عاشق زەمان ، نازدارەکەم ، کلپەی دەروونێکی تامەزرۆو دوو سەرنج ، ڕەخنەو ڕەخنەلۆك لە ئەدەبی کوردیدا ، ئاوارەم ، من جوتیارم ، سەرنج ، دەنگی دووری ، پەیمان ، بێ کەسیی ، مۆدیل گۆڕاوە •• هاوڕێیانی خۆشەویست زیاتر خۆتان بە خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەرەکانمان خەریك بکەن •• بمانبەخشن بەرهەمەکانتان شیاوی بڵاوکردنەوە نین •• چاوەڕوانی شتی سەرکەوتوو جوانتان ئەکەین ••

● کاك بلند بەختیار برادۆستی بەم شێوەیە رازی هۆنراوەکانی خۆی بۆمان ئەدرکێنێ‌و ئەڵێ :

هۆنراوەکانم ••

هەتقوڵای ناخی دەروونی

ئێش‌و ژانە

دەردی دڵە

ناهی جەرگە

گەوانە هەوری
سەردەشتی

وشك‌و برنگی بێبارانە •• هتد

کاك بلند کاتێك کە ئێمە ئەو کۆپلەیەت بڵاوئەکەینەوە نەبێتە هۆیەك بۆ لەخۆ بایبوون‌و ئینتر شتی تێکەڵ‌و پێکەڵمان بۆ ڕەوانەبکەی •• بەڵکو ئەمە ئەبێ ببێتە هاندەرێك بۆت‌و زیاتر خۆت خەریك بکەی •• ئەوەهەستت مۆگێنی‌یە کە لەدوا ڕۆژدا ببیت بە شاعیرێکی باش •• ئەمە عەرزو ئەمە گەز •

● کاك جەلیل محەمەد بەمشێوەیە شیرینی فەرهاد ئەڵاوێنێتەوەو رازونیازی خۆی بەرانبەر ئەو خۆشەویستە ئەخاتە روو :

ئەی شیرین گیان

وێنەی چرای دیوەخانان

بە شوێن چاوەکانتا

سووتام •• سووتام

شیرین خانم

بەشوێن لێوە ناسکەکانتا

هەموو دەشت‌و کێوەکان

گەڕام •• گەڕام
دیدەما جار لە هەورازی دڵداریدا
وەرگەڕام

بەڵام هێشتا نازانم کام
بەردە تاشراوی نێو شاخان
جێ‌نشینتە ؟!•

کارتەر نیازی‌چی‌یە سەرلەنوێ مەلبەندی دوستەکانی ئەرداتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا؟

حسن بەرزنجی

لەو ڕۆژەوە سادات بەردەی لەسەر ڕووە بێ‌ئابروانەکەی هەڵمالی‌و دەستی لەشەرەفی نیشتمان‌بەروەری هەڵگرت‌و سەری شوڕکردو بەهەنگاوی زەلیلانە گەیشتە ناو خاکی‌دا گیرکراووو دەستی خستە ناو دەستی بیگنی زایۆنی ڕەگەزپەرستەوە کە خوێنی هەزارەها شەهیدی ڕێگای ڕزگارکردنی خاکی پیرۆزی نەلەستینی پێوەیە ، لەو ڕۆژەوە دامودەزگای پروپاگەندەی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو دەولەتە سەرمایەدارەکان‌و کۆنەپەرستانی ناوچەی عەرەبی‌و دەوروبەری بەجورەها کەرەسەی ڕاگەیاندن ئەیانەوێ ڕوخسارە شەرمەزارە پر لە شورەییەکەی سادات بەچارچێوەی درۆو دەلەسەی ڕازاوە بەم شێوەیە لەتولەی ئارەزایی‌و توڕەبوونی جەماوەر بپارێزن ، بەتایبەتی پاش کۆبۆنەوەکەی سادات‌و بیگن لە نیسماعیلیە کە بەزوتی بیگن لە دوانەکەیا دەری‌خست بەهیچ جورێك ناکشێتەوە لەو زەویانەی کە لەساڵی ١٩٦٨وە داگیریان کردووە •

بیگن بەیەکجاری خیانەتکاریەکەی ساداتی ڕسواکردو خستیە بەردەم بەبۆنەی بیرەوەری «پاشماوە» هەمیشە لەزیادبوون دایێت • هەموومان لەو باوەڕدایین کە هاوکاری هەمیشە بەسەرچاوەیەکی گرنگ لە سەرچاوەکانی بیری پێشکەوتنخوازانەی ئەم نیشتمانەدا ئەبێتە •• هەمیشە بەدەنگیگی دڵسۆزو ڕاستگۆ ئەمێنێتەوە بۆ گەلی کوردمان •• دەنگێك کە بە یەکێتی گەلەکەمانو نیشتمانەکەمانو ئامانجەکانی شۆڕشە پێشرەوەکەمان سەرکردەکەی کە دروستکەری هەموو سەرکەوتنەکانە باوەڕی هەبێت •

بروسکەیەکی « پاشماوە »

جێ‌بەجێ‌کردنیان بێ گومان دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوە کوردی‌و ئەو چاپەمەنیانەی دەریای دەکات شان‌بەشانی ئەو دەزگایانەی تریش کە لەم مەیدانەدا کاردەکەن ، توانیویەتی بەشێکی زۆر لە ئەرکەکانی سەرشانی جێ‌بەجێ‌بکات •

سەرلەنوێ ڕێزو سوپاسمان پێشکەش دەزگاکە دەکەینەوەو سەرکەوتنی بۆ داواەکەین لە بەجێ‌گەیاندنی ئەرکەکانیداو هەزار سڵاو بۆ دەستەی نوسەرانی هاوکاری لە بیرەوەری دەرچونی ڕۆژنامە بەرێزەکەیاندا •

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پاشماوە

لە نێوان هەردوو وڵاتدا هەن وڵەبارەی هەڵوێستەکانیانەوە لەتێکۆشاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم‌و کۆنەپەرستی •

ئێستەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی ئەڵمانیای دیموکراتیش بەپایەخەوە هەواڵی سەردانەکەی ڕاگەیاندو پەنجەی بۆ ئەو دەورە پێشرەوانەو مەبدەئیانەیە کێشا لە عراق لە بواری عەرەبی‌و دەولیدا بە بەرەنگاربوونەوەی پیلانەکانی سازکردنی خۆبەوستەوەدەرانە دەیگێڕێ •• هەروەها پەنجەی بۆ پەیوەندیە دولاییەکانی نێوان هەردوو دەولەت کێشاو ووتی ئەم پەیوەندیانە لەپاش شۆڕشی هەفدەی تەموزەوە بەشێوەیەکی فراوان بەرەو پێشەوەچوونە •

Institut Kurde de Paris

چۆن «هاوکاری» ئامادە بێشکەشت ئەکەین ؟

سلاو لە بیرەوەری هەشتەمینی لەدایک بوونی «هاوکاری»دا

نووسینی :
عبدالغفار الصائغ

رۆژنامەگەری نیشتمانی لەرەونی کۆمەڵو گەشەسەندنیدا ٠٠ لەدەربڕینو رەنگدانەوەی واقیعو خواستەکانی ئەو رەونەو هەموو پێویستەکانی دەورێکی کاریگەرو بەنرخ ئەبینێ ٠ لەمێژووی رۆژنامەگەری عیراقدا بەشێوەیەکی گشتیو ٠٠ لەمێژووی رۆژنامەگەری کوردیمان بەتایبەتی رۆژنامەی هاوکاری قەوارەو جێگای دیارکراوی خۆی هەیە ٠٠٠ ئەم رۆژنامەیە کوردییە توانی وەکو رۆژنامەیەکی مولتەزیم بەووشەی پاکو شەرەفی پیشەی رۆژنامەگەری خۆی بێنێتە پێشەوەو ٠٠ لەگەڵ خواستەکانی جەماوەری کورد راستگۆیێت ئەمە لەلایەکو ٠٠ لەلایەکی ترەوە ئامانجەکانی شۆرشی ١٧ی تەمووزی نەمرو حزبە سەرکردەکەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستیش بێنێتەکایەوە ٠

بەمجۆرە توانی پێوانەیەکی جوانو رێکوپێک لەنێوان ئەرکو پێویستی سەرشانی رۆژنامەگەری نیشتمانی پێشکەوتنخوازو لەنێوان خوێنەرانیدا بدۆزێتەوە ٠٠ کەبەوە پەیوەستێکی توندو کاریگەری لەنێوان هەردوولایدا ووشەو خوێنەرانیدا بەدیهێنا کە ئەنجامەکەی بریتیە لەخۆشەویستی ووشەو خۆشەویستی ئەو رۆژنامەیەی کەئەینوێنێ ٠ منیش شانازی بەوماوەیە ئەکەم کەلەهاوکاریدا بەشدارم کردووە چونکە لەرێگای ئەو بەشداری کردنەدا توانیم جێگایەك لەدڵی خوێنەرانی کورد بکەمەوەو ببێتە یادگارێکی خۆش کەهەموو رۆژێك بۆنوبەرامە خۆشەکەی بمژم ٠

ئەوەی بۆ هاوکاری چاوەڕوانە وەك رۆژنامەیەكو ٠٠ ئۆرگانێکی ئەدەبیو رۆشنبیری کوردی بێگەرد ئەرکێکی زۆرەو پێویستی بەبەخشێکی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی لەناوەڕۆکو روخساردا پێشکەوتووتربێتو ٠٠ هەمیشە وەکو مەیدانێکی داهێنەری بەردەوام بمێنێتەوە لەبواری رۆژنامەی نیشتمانیدا چونکە ئەم رۆژنامەیە بەرپرسیارە لەگەیاندنی بیری شۆرشگێڕی بەناوەندە کوردییەکانماندا و بەتایبەتی بەزمانی خۆیان ٠٠

هەروەها ئەو رۆژنامەیە لەسەری پێویستە دەسکەوتی جەماوەری کوردمانو دەربخاتو هەوڵی چەسپاندنی بدات لەچوارچێوەی ئۆتۆنۆمیو دەرخستنی ئەم تاقیکردنەوەیە عیراقیە بێشرەوە بەهەموولایەنە ئیجابیەکانیداو ٠٠ ئەو ناوەڕۆکە شۆرشگێڕیەی کەفیکرو بیروباوەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست هەیەتیو باوەڕە قوولەکانی بەمافی گەلی کوردمانو خواستەڕەواکانی بخاتەڕوو ٠

بیرۆزبایی یەکی گەرمو گوڕ لەبرادەرێك کەتا ئێستا شناسنامەی رۆژنامە نووسانی هەڵگرتووەو شەرەفی ئەندامێکی نەقابەکەیان هەیە ، بۆ هەموو کرێکارە بڕادەرکان لەبەیامێرو نووسەرو دەستەی نووسەرانی سەرنووسەری ئەم رۆژنامەیەو ٠٠ هەموو خوێنەرانی هاوکاری بەبۆنەی جەژنی هەشتەمی لەدایك بوونی رۆژنامە خۆشەویستەکەنان هاوکاری ئازیزدا ٠

لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەرانی هاوکاری رۆژێ لەرۆژان بیریان لەوەکردبێتەوە کەئەم رۆژنامەیە تا ئەگاتە دەستیان بەچەند قۆناغ تێئەپەڕێ ٠٠ ئێمەش لەبیرەوەری هەشتەم ساڵەی دەرچوونی رۆژنامەکەمان بەوێنەو ووشە چیرۆکی دەرچوونی ئەم رۆژنامەیە بۆیان ئەگێڕینەوە ٠

● دەستەی نووسەران :

ئێستا رۆژنامەی هاوکاری وەکو هەموو رۆژنامە هاوچاخەکانی تری وولاتەکەمان تارادەیەك توانیویەتی ئیشو کارەکان لەبەینی کادیرەکانی دابەش بکات وەك لەزوربەی رۆژنامەکاندا هەیە ٠

دەرکردنی رۆژنامەکە زیاتر لە هەرەوەزێکی برایانە ئەکات لەناوئەو براو خوشکانەدا کە لە رۆژنامەکەدا کار ئەکەن بێجگە لەسەر نووسەرو سکرتێری نووسینو یاریدەدەری برادەرانی تر ، هەردوان ـ سێیان لێپرسراون لە ئامادەکردنی لاپەڕەیەکو بۆ هەر ژمارەیەك ئەو بڕا نووسەرانە نووسینەکانیان ئامادەئەکەنو بەوختەیی پێشکەشی سکرتێری نووسینی ئەکەن ، ئینجا سەرنووسەر بڕیار لە سەر نووسینەکان ئەدات ٠

● قۆناغی دووەم :

لە رۆژنامەکەدا بەشێکی تایبەتی رابەرێنەرانی کاروباری چاپ هەیە «منفذین» کە ئەم بە شەلە چوار برادەرو لێپرسراویان پێکهاتووە ، لێپرسراوی بەشەکە نووسراوەکانی رۆژنامەکە وەر ئەگرێو ئەیگەیەنێتە چاپخانە٠ لەدوای ئەوەی لەبەشی لاینۆ نووسینەکانی سەر کاغەز ئەکرێن بەقورقوشم « وەك لەوێنەکاندا دیارە » بەشی وابەڕاندن لەسەر کاغەزی تایبەتی چاپیان ئەکاتو ئەیداتە بەشی پیاچوونەوەو چاککردن کە ئەوانیش بەسەر نووسینەکەدا ئەچنەوەئەوەك هەڵەیەك ڕوونەدابێ ٠ بەشێکی تری ئەو نووسینانە ئەدرێتە بەشی هونەری بۆ ئەوەی بەنووسینو وێنەکان نەخشەی لاپەڕەکان یەکەیە کە بکێشن ئەمکارانە هەمووی لەبەر ئەوەی ماوەی راپەڕاندنی فراوانە بەنیسبەت لاپەڕە ثابتەکانەوە ئاسانەو بەرێکوپێکی ئەڕوات تاقۆناغی سێیەم رۆژی پێش دەرچوونی رۆژنامەکە کە رۆژی ئەرکو شەونخوونی تا بەرەبەیانە ٠

قۆناغی سێیەم :

رابەرێنەکان « منفذین » لەسەر مێزی تایبەتی نەخشەی لاپەڕەکان جاریکیتر بەشێوەیەکی هونەری وێنەی ئەکێشن وێنەکێشانە کە لەسەر کاغەزێکی بریقەدارەکە «ئارت»ی بێ ئەو ترێ ، دوای ئەوەی لاپەڕەکان بەوجۆرە وێنەیان ئەکێشرێت لێپرسراوی راپەڕاندن بەراوردیان ئەکات ئەوسا ئەچێتە قۆناغی چوارەمەوە کە قۆناغی وێنەگرتنو مۆنتاجی پێئەو ترێ ٠

قۆناغی چوارم :

لاپەڕەکان بەو شێوەیەی کە لەسەرەوەباسمان کرد ئەنێرێتە بەشی وێنەگرتن وێنەگرتنەکەش بەدوو قۆناغە لاپەڕەکان بەجیاو ئەو وێنانەی لە لاپەڕەکاندا هەیە بەجیاودوای شتنەوەی وێنەکان ئەدرێتە بەشی مۆنتاج کە ئەرکی ئەم براکرێکارە هونەرمەندانە زۆر وردو ماندوبوونی تیایە چونکە ئەوان لەرووی تەکنیکەوە هەموو تەقەلاکانی قۆناغەکانیتر بەوشێوە جوانەی پێویستە تەواوی ئەکەن ئەوسا لاپەڕەکان ئەخرێنە سەرپلێتو لەماوەی «سێ» دەقیقە هەرچی لە وێنەکاندایە بەرێکوپێکی لەنایلۆنی فیلمەوە ئەچێتە سەر ئەو بارچەپلێتە ئینجا بەرەو ئامێری چاپ ئەچێتو لەبەرە بەیانێکی زوەوە رۆژنامەی هاوکاری ئامادەئە بێ بۆ خوێنەرانی بەرێز ٠



بەشی لاینۆ کە ووشەکانئەگۆرێت بە قورقوشم ٠

ئامادەکردنی لاپەڕەکان لەکاتێکدا کە هێشتا قورقوشمە٠



رەسمکردنەوەی لاپەرەکان لەسەر کاغەزی ئارت ٠

پیاچوونەوەی نووسراوەکانی هاوکاری بۆ پاکژکردنی لەهەڵەی چاپ ٠

لاپەرەکانی هاوکاریلەبەشی مۆنتاج ٠

دواقۆناغی هاوکاری ٠

هۆ بێریێ

هۆ بێریێ ٠٠٠
وەرە ٠٠ وەرە ٠٠
زیرێ بەژنا تە لێ نەبیت
نێ نە زیرە !
شیرێ تلێت تە نە دوشیت
نێ نە شیرە !
منا زانی دێ هێیەفە
پادێ وەرە ٠٠
ئەڤرو هەمی زەڤی زیرن !
هەمی گوهان دتژی شیرن !
کادێ وەرە ٠٠
کچێ وەرە ٠٠
ئەز هەر شڤانێ جارا مە
هەر عاشقێ بێری یا مە
هۆ بێریێ ٠٠٠
گەر تۆ هاتی
پسیار بکە ژ دار بەڕوێ !
بێژێ :ـ
چاوا بەفر لسەر تاکێت تە
دبینە کەڤی ؟!
تۆ نا کەڤی !
بێژێ : چەوا ؟
دەڤێ بفری !
سەد جارا بەژنا تە بڕی
تو نە مری !
بێژێ : چەوا ؟
بیڤەلەرز چیا دلەڤینن
تو ڤەت نە شێن تە بڤرینن
وەرە ٠٠ وەرە ٠٠
سەتە وەرە ٠

مؤید طیب ـ دهوك

تانجەرۆ ماکی بەمەی لەدەدایە

ـ لەنیف هەلمەت ـ
١٩٧٧/١١

ئەگێڕنەوە : شەوێ لەشەوان هۆلاکۆ
زەنگۆل ٠٠ زەنگۆل ٠٠ دەنگی گۆرانی‌یە زیوین
گوێی‌سمیو شیلەی‌خەوو ٠٠ وەنەوزی
لەچاودا کرد بەوردە شووشەو درکەزی
— ئەوەکێیە هێشووی خەوم دەڕێنێتو
گولەگەنمی خەونەکانم دەولێتو
دەیدا بەچۆلەکەی باکان ٠٠؟
+ قوربان ئەوە تانجەرۆیە
ناخەوێتو بۆ دڵدارە دوورەکەی‌خۆی
ئەسپێ کەوتۆتە کەولی‌و
هەرگۆرانی دەچڕێ بۆی ٠٠٠
— پێم‌نەوتن هەموو دەستێ کۆت‌چن کەن
هەموو دەمێکیش لغاوبەن ٠٠؟
+ ئاخر قوربان کۆت‌ولغاو
چۆن دەخرێنە دەستودەمی رووبارو ئاو ٠٠!
— تۆ رووبارە چەنوونەکە بۆچی بۆخۆت
داناسرەکێی
بۆ نایەلی پێلۆکانم بکەم بەتەلەی خەونی
گەورەو خۆش
ئێ بۆچی بەم نیوەشەوە
دەبی بەهەوری گوێزانو
ریشی‌خەوی کامەرانیم دەناشی
دەبنووبا
بەفەرمانێ لەت‌لەت نەکرێی وەك مقەبا
رووبار وتی : هەتا ئاسمان سێبەربکا بۆ هەڵگورد
تانەستێرە لەشەونمی قژی‌سەوزی
دارودرەختی هەڵگوردا چاوبرێژن ٠٠٠
هەتا کچی چاوکەژاڵو بالابەرزی
ئەمهەوارە پۆڵپۆڵ بچن بۆ رێواسان
تاچۆلەکەی بێ‌ئارامی پەنجەی حەزی
کوڕەشوانێ ٠٠ بەبەرۆکی کچەبێری ئێوارەوە
بترازێنێ قۆبچەو دەرزی
تا ماچی شوانی قەدپال
بەدوای کچی شل‌وملدا
ببێ بەرەوە کۆترو ٠٠ سەرەڕۆبێ یالەویال
هەتا دەمی دڵدارەکانی لەم مەرزەدا بارانی ماچی
تیابێ ٠٠٠

تا ئەستێرەو مانگئو هەتاو
پوولەکەو سورمەی سوخمەی
ریزە هەردو چیابێ ٠٠٠
منیش دائی سەدچنگی خەو ناوێری پێم
هەر لاوك بە : داری‌سەوزو
لوتکەی نوقمی‌تەمدا دەنێم
لەگەڵ دەنگی خۆمدا دەڕۆم
گەنەو کرمو کالاسی ئەم ٠٠٠

زەوی‌و وەرزە رادەمانم
من‌تانجەرۆم
بست‌بەبستی ئەم گێتی‌یە
بەگولاوی ماچم دەشۆم ٠٠٠
(وەك هەزاران بروسکەی چڕ
شمشێردا باری بۆ ناو ئاو
ئاو پێکەنی‌و هەر رۆیی‌و رۆی
هەرگۆرانی کێویلەشی دەوت بۆخۆی
چی جەرندورەمەی هۆلاکۆ بوو
گەمارۆی تانجەرۆیان‌دا
چواردەوریان لێ‌تەنی وەك موو
بەلام ٠٠ تانجەرۆ ٠٠ هەر رۆی ٠٠
چی ئاسنی زەوی هەبوو
کرا بەکۆت بۆ ئەستۆی
تانجەرۆ هەر گۆرانی دەوتو دەڕۆی
ئێستاش ٠٠ دەڕواو ٠٠
دەڕواو ٠٠ دەڕوا
قژو کاکۆلی تۆزاوی
منالی ئەم زەوی‌وەرزە ٠٠
بەگولاوی ٠٠٠
ماچی پەمەیی دەشوا ٠٠٠٠)

طبعت بمطبعة دار العراق للطبع والنشر

Institut Kurde de Paris